


٧
# رۆژنامە
www.rozhnama.com
رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.510 Mon 13/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 510 دووشەممە 13/ 7/ 2009

# ئەمریکا لەڕێی بەشداریی (٣) هەزار سەربازو مانگی دەستکردەوە چاودێریی هەڵبژاردنەکان دەکات



هیوا جەمال

جگەلەوەی زیاتر لە ٣٠٠٠ سەربازی ئەمریکی لە نزیکەوە چاودێریی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەکەنو ئاسایشی بنکەکان دەپارێزن، لەڕێگەی مانگی دەستکردیشەوە چاودێریی بنکەکان دەکرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە باڵیۆزخانەی ئەمریکاوە، چۆنێتیی پاراستنی ئەمنییەتی بنکەکانی دەنگدانی بۆ رۆژنامە روونکردەوەو وتی: «بنکەکان بە سێ بازنەی ئەمنی دەپارێزرێن، کە بازنەی یەکەمیان لەلایەن ئاسایشەوە دەپارێزرێتو بازنەی دووەمیان لەلایەن پۆلیسەوە دەبێتو بازنەی سێیەمیشیان لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەپارێزرێت».

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقیشدا (کە سێ شارەکەی هەرێمی کوردستانو کەرکوکی نەگرتەوە) بەهەمانشێوە سێ بازنەی ئەمنیی بنکەکانیان دەپاراست، کە بازنەی یەکەمیان پۆلیسو دووەمیان سوپای عێراقو بازنەی سێیەمیشیان هێزەکانی ئەمریکا بوون.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی دیکە بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەمریکا لە رۆژی دەنگدان بۆ پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە بەوردیی چاودێریی بنکەکانی دەنگدان دەکات.

## لیستی کوردستانی هۆڵە حکومییەکان بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنێت

ئیبراهیم عەلی
هەولێر

لیستی کوردستانی لە هەولێر هۆڵە حکومییەکانی هەولێر بۆ بانگەشەی لیستەکەیان بەکاردەهێنێت، بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە هەرکەسێک ئەم هۆڵانە بەکاربهێنێت بۆ هەر مەبەستێک دەبێت پارە بدات بە حکومەت، بەڵام لە شاری هەولێر چەندجارێک لە هۆڵی میدیاو هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا بۆنەیان بۆ لیستی کوردستانی رێکخستووە بەبێ ئەوەی پارە بدەن بە حکومەت.

سەرچاوەیەک لە لیستی کوردستانی ئەو زانیارییانەی بۆ رۆژنامە پشتڕاستکردەوەو وتی: «تائێستا لە بەرامبەر بەکارهێنانی ئەم هۆڵانە هیچ پارەیەک سەرفنەکراوە کە تێیدا بانگەشەی لیستی کوردستانی کراوە».

فازڵ عومەر وتەبێژی لیستی کوردستانی لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە لەبارەی پێشێلکارییەکانی لیستەکەیان وتی: «لیستی کوردستانی لەبەرامبەر بەکارهێنانی ئەم هۆڵانە پارەی داوە، چونکە ئەم هۆڵانە هۆڵی بازرگانینو هەرکەسێکو لیستو لایەنێکی دیکەش دەتوانن بچن ئەو هۆڵانە بەکاربهێنن بۆ خۆیان»، بەڵام بەپێی زانیارییەکان، لیستی کوردستانی کرێی هۆڵەکانی نەداوە.

## بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش لە خروقاتکردن بەردەوامە

شارا عەبدولڕەحمان

کارگێڕێکی مەڵبەندی یەکێتی لە دوکان بەبیانووی چارەسەرکردنی منداڵانی نەخۆشو تاپۆکردنی خانووی بێ تاپۆو چارەسەرکردنی سەرجەم گرفتەکانیان، ژمارەیەک لە ژنانی دوکان بۆ کۆبوونەوەی بانگەشەکردن بۆ لیستی کوردستانی کۆدەکاتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە هاوینەهەواری دوکان ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد، کە رۆژی ٧/١١، ژنە کارگێڕێکی مەڵبەندی دوکانی یەکێتیو کارمەندێکی پرسگەکەی، ماڵ بەماڵ گەڕاونو بەژنانیان وتووە «لەسەر داوای مام جەلال هاتووین بۆئەوەی پێتانبڵێین هەر ژنێک منداڵی کەمئەندامی هەیە بابێت بۆ هۆڵی ژنان، هەر ماڵێک خانووەکەی تاپۆنییە بۆی تاپۆدەکەین، هەر داواکارییەکی دیکەشتان هەیە بۆتان جێبەجێدەکەین»، ئەو سەرچاوەیە وتیشی: «دوای ئەوەی ژنەکان بە منداڵە کەمئەندامەکانیانو راپۆرتە پزیشکییەکانەوە روویانکردە هۆڵەکە، بینیویانە قادر حەمەجان بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەرێمو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لێیەو بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی دەکات، بەوهۆیەشەوە ژنەکان نارەزایەتی خۆیان دەربڕیوەو ئاماژەیان بەوەکردووە ئەوان بۆ گوێگرتن لەبانگەشەی لیستی کوردستانی ئامادەنەبوون، بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان، بەتایبەتی چارەسەرکردنی منداڵە نەخۆشەکانیان لەدەرەوەی وڵات، هاتوونەتە ئەو هۆڵە».

پێشتر کارگێڕێکی ژنی مەڵبەندی دوکان لەسەر بیروڕای جیاواز وازی لە ریزەکانی یەکێتی هێناو کار بۆ لیستی گۆڕان دەکاتو چەندین ژنیش بەهۆی خۆشەویستییان بۆ ئەو کارگێڕە دەستلەکارکێشاوەیەو لیستی گۆڕان، بڕیاریانداوە دەنگ بەو لیستە بدەن، بەڵام لەکۆبوونەوەکەی ٧/١١دا، قادر حەمەجان ناوی ئەو ژنەی هێناوەو وتوویەتی: «پێویستە ئەو ژنە تەریق بێتەوە، کە دەبینێت ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی دوکان لەگەڵ لیستی کوردستانیدان»، بەڵام بەوتەی سەرچاوەکەی رۆژنامە «لەکۆبوونەوەکەدا ژنان دووپاتیان کردەوە کە ئەوان بەردەوامن لە دەنگدانیان بە لیستی گۆڕان».



# نازانرێت هاوڵاتییان دەنگیان بە کێ داوە

## ـــــدانی هاوڵاتییان بکرێت



فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

دەنگدانەکانیان دەکەن‌و وتی: «بەشەخۆراکی هاوڵاتییان هەرگیز نابڕدرێت، ئەگەر شتێکی وابێت سکاڵا ڕووبـــەڕووی کۆمسیۆن دەکرێتەوە، بەڵام شتی وانەبووەو نابێت‌و هیچ کەسێک ناتوانێت بەشە خۆراکی هاوڵاتییان ببڕێت بەرامبەر دەنگنەدانیان بۆ لیستێکی دیاریکراو».

تاهیر حەمە ئەمین، بـەڕێـوەبـەری گشتیی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ ڕۆژنامە، ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوەو ئـەوەی خستەڕوو کە دەنگدەر لەکاتی دەنگداندا تەواو ئازادو سەربەخۆیەو هیچ کەسێک لە نزیک کابینەو شوێنی دەنگدان نزیک نییە، ڕوونیشیکردەوە کە بەپێی یاسای پەرلەمان‌و بڕیارەکانی کۆمسیۆنیش کە دراوەتە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن‌و قەوارە سیاسییەکان، پرۆسەی هەڵبژاردن بە هەموو قۆناغەکانیانەوە چاودێرییەکی وردی لەسەرە لەلایەن ڕاگەیاندنەکان‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی‌و نێودەوڵەتی، نوێنەری لیست‌و قەوارەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن، کە چاودێریی تـەواوی پرۆسەکە دەکـەن، بـەڵام تەنیا بۆیان نییە چاودێریی ناو کابینەی دەنگدان بکەن، وتی: «هیچ کەسێک بۆی نییە نزیکی ئەو کابینانە ببێتەوە، بۆ ئەوەی هاوڵاتی لەکاتی دەنگداندا بەشێوەیەکی سەربەخۆو بە ئارەزووی خۆی دەنگ بەو لایەنە بدات کە خۆی دەیەوێت، نازانرێت دەنگی بە کێ داوە، تەنانەت ئەگەر کەسێک قاچی خلیسکاو نزیکی ئەو کابینەیە بـووەوە، دەنگدەر دەتوانێت دەنگ نەدات، یان ئەگەر دەنگیشی دابێت، دووبارەی بکاتەوە».

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا زیاتر لە (٢) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار کەس بەشداریی دەکەن، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانیان لەو (٢٣) لیستەی ناویان لە کۆمسیۆنی باڵادا تۆمارکردووە، بۆ ڕێگری لە ساختەکاریی‌و چاودێریی پرۆسەکەش تا ئێستا (٢٦٣٦) چـاودێـری نـاوخـۆو (١٠٥) چـاودێـری نێودەوڵەتی ئامادەن، بۆئەوەی لە (٧/٢٥)دا چاودێریی پرۆسەی دەنگدانەکە بکەن.

بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیانەش دوای دوورخستنەوەی ئـەو کادیرو ئەندامە حیزبیانەی یەکێتی‌و پارتی دێت کە بەهۆی هاوسۆزیی‌و ویستی گۆڕانکارییەوە لە کاری حیزبایەتی دەرکران‌و مووچەکانیان بڕدرا، ئەوەش وایکردووە بەشێک لە هاوڵاتییان نیگەرانبن‌و پێیانوایە ئەگەر بۆ لیستێکی جیاواز دەنگ بدەن دەنگەکانیان ئاشکرا دەکرێت، ڕەنگە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت‌و مووچەو خۆراکی مانگانەیان ببردرێت.

بەڵام حاکم سەردار، ئەوەی ڕەتکردەوە کە بزانرێت هاوڵاتییان دەنگیان بەچ لیست‌و لایەنێک داوە لەڕێی هاوتایی ژمـارەی فۆرمی خـــۆراک‌و کارتی دەنـگـدانـەوە، وتیشی: «شتی وا نییەو ژمـارەی کارتی دەنگدان تەنیا تەسەلسولی خۆی هەیە کە بۆئەوەیە ساختەکاری‌و حاڵەتی نایاسایی‌و دەستکاریی ڕوونەدات‌و بەهیچ شێوەیەک ژمارەی فۆرمی خۆراک لەسەر ئەو کارتە وجودی نییەو دەنگدانی هاوڵاتییان ئاشکرا نابێت، ئەگەر وابێت ئێمە ئیشمان چییە؟»، ئەوەشی خستەڕوو، کە پێشبینی دەکەن ژمارەی چاودێرانی پرۆسەکە زیاتر ببن لەوەی تائێستا تۆماریان کردووە.

لـەلای خۆشیەوە تاهیر حەمەدەمین، بەڕێوەبەری گشتیی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بڕوای وایە، پرۆسەکە بە شەفافی بەڕێوەدەچێت‌و بەپێی ڕێوشوێنە ئیدارییەکان‌و ناتوانرێت هیچ کێشە یاخود بەربەست لەبەردەمی بە ئازادیی دەنگدانی خەڵکدا دروستبکرێت، وتی: «میکانیزمی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بەشێوەیەک دانراوە کە فەرمانبەر بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت کاریگەریی بخاتە سەر دەنگدەر، یان بە قازانجی لایەنێک کاربکات لەدژی لایەنێکی دیکە، لەبەرئەوە خەڵک دڵنیادەکەینەوە پرۆسەکە بە شەفافی بەڕێوەدەچێت، ئەوەی دەوترێت چاودێریی لەسەر دەنگدان هەیەو ئەوەی دەنگنەدات بەشە خۆراکەکەی دەبڕێت، ڕاست نییە».

هـــەروەک هۆگر چـەتـۆ، بەرپرسی ڕێکخراوی تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن، باس لەوە دەکات کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە چاودێریی هەموو بنکەکانی تـۆمـاری دەنـگـدەران دەکرێت «چاودێرانی لیستەکانیش بۆیان هەیە چاودێربن لەسەر پرۆسەی دەنگدان، بەوپێیەش بێت لەکاتی دەنگداندا هیچ کەس ناتوانێت سانسۆر بخاتە سەر لایەنێکی دیکە بۆ چۆنێتی دەنگدان‌و ئاشکراکردنی».

# ناوی (٢٥) هەزار لە هێزە چەکدارەکان لە تۆماری دەنگدەران جیانەکراونەتەوە

بەهادین یوسف

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ناوی (١١٦) هەزارکەس لە هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس‌و پێشمەرگە لە تۆماری گشتیی دەنگدەران جیادەکاتەوەو تائێستاش (٢٥) هەزاری دیکە ماوە کە جیابکرێنەوەو تۆمارێکی تایبەتیان بۆ دروستبکرێت، تا دوو ڕۆژ پێش دەنگدانی گشتیی دەنگ بدەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

حاکم سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا ناوی (١١٦) هەزار کەس لە کارمەندانی ئاسایش‌و پۆلیس لە تۆماری گشتیی دەنگدەران دەرهێنراون‌و تۆمارنامەیەکی تایبەتیان بۆ دروستدەکرێت، تا بە دەنگدانی تایبەت دوو ڕۆژ پێش دەنگدانی گشتیی دەنگ بدەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێم، نزیکەی (٢٥) هەزار کەسی دیکە لە هێزە چەکدارەکان ماون گرفت لە ناوەکانیاندا هەیەو تائێستا بڕیاری لێنەدراوە، کە چۆن ناوەکانیان جیابکرێتەوە».

دەربارەی هۆکاری جیانەکردنەوەی ناوی ئەو کەسانە وتی: «ئەو (٢٥) هەزار کەسە بەتەواوی نەتوانراوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوەو ناوەکانیان جیابکرێتەوە، هەرچەندە ئەوانە ناویان لە تۆماری دەنگدەران دۆزراوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێوازی ئەلیکترۆنی جیادەکرێتەوە لەسەر بنەمای ژمارەی کۆبوونی خۆراک‌و بنکەی خۆراک‌و ناوی کەسەکە گرفت هەیە، ئەمەش وایکردووە ئەلیکترۆنییەن نەتوانرێت ناوەکان جیابکرێنەوە، ئێستا بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین تا ناوەکانیان لە تۆماری گشتیی دەربهێنرێت‌و بەدەنگدانی تایبەت دەنگ بدەن»، ئاماژەی بەوەشکرد، سەرچاوەی سەرەکی داتا بەیسی ئەو ناوانە وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایشە، کە پشتی پێبەستراوە.

بەپێی بڕیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، دوو ڕۆژ پێش دەنگدانی گشتیی ڕۆژی (٧/٢٥) بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکی هەرێم، هێزە چەکدارەکان‌و بەندییەکان‌و کارمەندانی نەخۆشخانەو نەخۆشەکان بە دەنگدانی تایبەت بەشداری دەکەن لە هەڵبژاردنی داهاتووی هەرێمدا.



# بانگەشەی هەڵبژاردن، گەیشتە تاوانبارکردن

دلێر عەبدولخالق

لە کەمپەینی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی لە پارێزگای دهۆک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی لیستەکانی دیکەی بە «تابووری پێنجەم»و پشتیوانی وڵاتانی دەرەوە تۆمەتباردەکات، بەرپرسێکی کۆمسیۆنی باڵاش دەڵێت: «هەموو جۆرە بانگەشەیەک بگاتە ئەو ڕادەیەی لایەنێک ناوی لایەنی بەرامبەر بهێنێت بەشێوەی شکاندن‌و نـاوزڕانـدن، دەچێتە قاڵبی پێشێلکارییەوە».

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ڕۆژی (٦/٢٠) لە هەولێر بەڕێوەچوو، فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ڕۆژی (٦/٢٢)ی وەک یەکەم ڕۆژی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیاریکردو ڕایگەیاند: «لـەو ڕۆژەوە هەموو قەوارە سیاسییەکانی بەشداربوو لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان دەتوانن بانگەشە بۆ خۆیان بکەن، بەڵام هەر لایەنێک سەرپێچی بنەماو ڕێساکانی کۆمسیۆنی باڵابکات، سزادەدرێت».

### بانگەشەو سزا

لـە ڕۆژانـــی ڕابـــــردوودا، لیستە بەشداربووەکانی خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان (١٤١) سکاڵایان لەسەر یەکتر تۆمارکرد، کە (١٠٧) سکاڵایان لەپارێزگای سلێمانییەو (٣٠) سکاڵا لەهەولێرو (٤)یان لە دهۆکە، بەپێی زانیارییەکانی کۆمسیۆن (٦٠٪)ی سکاڵاکان تایبەت بـوون بە لێکردنەوەو دڕاندنی پۆستەری لایەنەکان، هەروەک زۆرترینی ئەو حاڵەتانە لەنێوان لیستی کوردستانی‌و گۆڕاندا چڕبووەتەوە.

لـەهـەفـتـەی یـەکـەمـی بانگەشەی هەڵبژاردن لیستی کوردستانی کە هی دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستانە، بووە یەکەم لیست کە بەبڕی (٣) ملیۆن دینار غەرامەکراوە لەبەرامبەر سەرپێچیەکانیان، بەپێی سەرچاوەیەکی دیکەش، لەدوایین بڕیاری کۆمسیۆنی بـاڵای سەبەخۆی هەڵبژاردنەکاندا (٤) قـەوارەی دیکە دووچاری سزادان بوونەتەوە، لەناویاندا دووجار لیستی کوردستانی هاتووە بە بڕی (٤) ملیۆن لەسەر پێشێلکاریی‌و هەڵواسینی پۆستەرەکانیان لەشوێنە حکومییەکان‌و دڕانـدن‌و تەشهیرکردن بە پۆستەری لیستی دیکە. هاوکات لیستی گۆڕانیش لەسەر هەڵواسینی پۆستەرەکانیان بە تیپ‌و سیکۆتین بە (٢) ملیۆن دینار سزادراوە، هەروەک لیستی چوار حیزبەکەو پارتی پارێزگاران بۆ هەریەکێکیان بە بڕی (٢) ملیۆن دینار سزادراون.

### کێ تابووری پێنجەمە؟

لە دوو کۆبوونەوەی جیاوازدا کە لە ڕۆژانی (٦و٧)ی ئەم مانگەدا لە دهۆک‌و ئامێدی بەڕێوەچوو، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی‌و سەرپەرشتیاری بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی لە پارێزگای دهۆک، لە وتەیەکدا لەبەردەمی جەماوەری لیستەکەیدا چەندجارێک ناوی «تابوری پێنجەم»ی هێناو پێیوابوو، ئەو هێزانەی ئێستا بە لیستی جیاواز بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، لەژێر جلوبەرگی ئیسلامیدابن یان نەتەوەیی‌و عەلمانی، بە پشتیوانی وڵاتانی دەرەوە کاردەکەن‌و دەیانەوێت دەستکەوتەکانی سەرکردایەتی کورد زەربی سفر بکەن.

### ڕەخنەکان، دەبێت بسەلمێندرێن

لەبەرامبەر ئـەو جـۆرە گـوتـارەدا، پسپۆڕێکی یاسای ڕاگەیاندن پێیوایە، قسەکردنێکی لەوشێوەیە زۆر هەڵەیەو سەرپێچییە لە بانگەشەی هەڵبژاردن‌و بنەماکانی دیموکراسی.

سامان فـــەوزی، پسپۆڕی یاسای ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەگەرچی ڕاستەوخۆ گوێبیستی ئەو قسەیەی بەڕێز سەعدی پیرە نەبووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی گوتارێکی لەو شێوەیە زۆر هەڵەیەو جگەلەوەی سەرپێچی بانگەشەی هەڵبژادنە، دژی بنەماکانی دیموکراسیەتیشە، وتی: «هەموو لایەنێک دەتوانن بانگەشە بۆ خۆیان بکەن‌و ڕەخنەبگرێت، بەمەرجێک ڕەخنەکان بابەتی بن‌و بتوانرێت بسەلمێندرێن».

لەبەرامبەر ئەو وتانەی سەعدی پیرەدا، عومەر عەبدولعەزیز سەرۆکی شورای یەکگرتووی ئیسلامی لە وتارێکدا کە لەسایتی یەکگرتوو بڵاوکراوەتەوە، ڕەخنەی توند لەپیرە دەگرێت‌و دەڵێت: «کاک سەعدی ئەگەر بیری چەند ڕستەیەکی زۆر کەمی لێدوانەکانی خۆی بکاتەوە لەکاتی شەڕی ناوخۆدا، نەدەبوو وشەی وا بەدەمیدابێت، کە بەلێدوانی ئەوو هاوشێوەکانی سەدان ڕۆڵـەی ئەم میللەتە بەناهەق کـوژران‌و لەناچوون».

### دەبێت «پیرە» ئیعتیزار بێنێتەوە

لەبەشێکی دیـکـەی نووسینەکەی سەرۆکی شورای یەکگرتووی ئیسلامیدا هـاتـووە: «کـاک سەعدی دەزانـێـت ئەو تۆمەتە قورسەو نە چوار حیزبەکەو نە جەماوەری ئەو حیزبانەو نە سەرکردە ژیرەکانی لای خۆی‌و نە مێژوو، نە عورفی کاری سیاسی‌و نە پرەنسیپەکانی ئازادیی‌و دیموکراسی ئەو تۆمەتەی لێوەناگرن‌و لێی خۆشنابن، مەگەر لەبەردەم ڕای گشتیدا ئیعتیزار بێنێتەوەو داوای لێبووردن بکات، ئەگەرنا دەبێت واتای (تابووری پێنجەم) بۆ خەڵکی ڕوونبکاتەوەو خیانەتی ئەو حیزبانە بخاتەڕوو».

### بانێک‌و دوو هەوا

وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامیش کە حیزبەکەی لە هاوپەیمانی چوار حیزبەکەدا بەناوی لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازی بەشداری هەڵبژاردن دەکـات، ئاماژە بـەوە دەکـات ئـەو جـۆرە قسەکردنە نابەرپرسانەیەو دەیسەلمێنێت کە لیستی کوردستانی ناتوانن ڕەخنەی مەنتیقی‌و بەڵگە بۆ کەموکورتییەکانی لیستەکانی دیکە بهێننەوە، دەیانەوێت بەوشێوەیە کار لە جەماوەری لیستەکانی دیکە بکەن.

عەبدولستار مەجید، وتیشی: «ئەگەر ئـەو قسەیە گـوزارشـت لە سیاسەتی لیستی کوردستانی بکات، ئەوا پێچەوانەی سیاسەتی ڕابـردووی ئەو حیزبانەیەو «بانێکەو دووهەوایە»، چونکە هەتا دوێنێ کە ئێمە لەگەڵیان هاوپەیمان بووین حیزبی ڕەسـەن‌و تێکۆشەربووین‌و خزمەتمان بەهەرێم دەکرد، بەڵام ئێستا کە بەلیستی جیاواز دابەزیوین بووینەتە تابووری پێنجەم‌و دژی دەستکەوتەکانی هەرێمین‌و تۆمەتی خیانەتمان دەخەنە پاڵ، ئەمەش دەریدەخات سیاسەتی ئەو حیزبانە ڕوون‌و چەسپاو نییە».

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش، هەرجۆرە بانگەشەیەک بگاتە ئەو ڕادەیەی لایەنێک لایەنی بەرامبەر بشکێنێت‌و تۆمەت‌و ناوزڕاندنیان بخەنە پاڵ، دەکەوێتە چوارچێوەی پێشێلکارییەوەو لایەنی زەرەرمەند دەتوانێت سکاڵا تۆماربکات.

حاکم سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی وت: «هـەرجـۆرە بانگەشەیەک کە لایەنێک تێبینی لەسەر هەبێت، دەتوانێت سکاڵای لەسەر تۆماربکات، بەشێوەیەکی گشتیش هەرجۆرە بانگەشەیەک بگاتە ئەو ڕادەیەی لایەنێک بەمەبەستی زیادکردنی نفوزی خۆی ناوی لایەنی بەرامبەر بەشێوەی شکاندن‌و ناوزڕاندن بهێنێت، ئەوا دەچێتە قاڵبی پێشێلکارییەوە».

### مەترسی‌و پەیدابوونی لیستی جدیی

بە وتەی عەبدولستار مەجید، هۆکاری پەنابردنی لیستی کوردستانی بۆ ئەو جۆرە بانگەشەیە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لیستی جدی بـەرامـبـەر ئـەو لیستە پەیدابووەو مەترسیی لەسەر دەسەڵاتیان دروسـتـکـردووە، بۆ ئەمەش بەڵگەی هێنایەوەو وتی: «یەکێتی‌و پارتی کە لە لیستی کوردستانیدا کۆبوونەتەوە، بە سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێم‌و جگێرەکەی، سەرۆکی پەرلەمان‌و جێگرەکەی، سەرۆکی حکومەت‌و جێگرەی بە خەستی چوونە ناو بانگەشەی هەڵبژاردنەوەو لە هەوڵی سەرخستنی لیستەکەیاندان، لەکاتێکدا دەبـوو ئـەوان سەربەخۆبن‌و بێلایەنی خۆیان بپارێزن، ئەنجامی ئەو حاڵەتەش وایلێهاتووە ئێستا لیستی کوردستانی یەکسانە بە حکومەت‌و حکومەتیش یەکسانە بە لیستی کوردستانی».

# لە کەلار بەرپرسانی حکومیی بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی دەکەن

بەرهەم خالید

بەرپرسانی ئیداریی شاری کەلار بە ئۆتۆمبێلی فەرمانگەکانەوە بە ماڵاندا دەگەڕێن‌و بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی دەکەن، ئەوە لە کاتێکدایە بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵاو یاسای هەڵبژاردنی هەرێم بەکارهێنانی پۆستی حکومی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا قەدەغەیە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شاری کەلارەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: دوو رۆژە هەریەکە لە (عەدنانی حەمەی مینا، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی)و (عەلی شەهید محەمەد، بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان بە وەکالەت)و (جەواد وادی، سەرۆکی شارەوانیی کەلار) ماڵان‌و شوێنە گشتییەکانی کەلار دەگەڕێن‌و بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی دەکەن.

رۆژنامە پەیوەندی بە عەلی شەهید محەمەد، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەلارەوە کرد، بەڵام ناوبراو ئەوەی رەتکردەوە، کە بەشداری لە بانگەشەدا کردبێت بۆ هیچ لیستێک.

بانگەشەی بەرپرسانی حکومیی لەکاتێکدایە کە بەپێی پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن، کارمەندانی حکومەت‌و دەسەڵاتە ناوخۆییەکان لە هەر پلەوپایەیەکدا بن نابێت لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بۆ بەرژەوەندی هیچ پاڵێوراوێک یان هیچ قەوارەیەکی سیاسی پلەوپایەکانیان بەکار بهێنن.

# رۆژنامەنووسێکی رۆژنامە بەشداری لە کۆنفرانسی گۆڕان لە عەممان دەکات

بەرهەم

رۆژنامەنووسێکی (رۆژنامە) بەشداری کۆنفرانسی لاوانی دروستکەری گۆڕان دەکات کە لەسەر راسپاردەی مونتەدای ئابووری داڤۆس لە عەممان بەڕێوە دەچێت.

کۆنفرانسەکە لەژێر راسپاردەو رێنمایی مونتەدای ئابووری داڤۆس (٢٠٠٩)و بە هاوکاری ئەنجومەنی فێرکردنی بەریتانی‌و بە بەشداری نوێنەری وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و چەند وڵاتێکی دیکەی جیهان‌و چەند سەرکردەیەکی جیهانی لەسەر دەریای مردوو لە رۆژانی (١٢-١٧)ی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت‌و لە هەر وڵاتەو (١٠) لاو بەشداری تێدا دەکات.

عێراقیش بە (١٠) لاو بەشداری ئەو کۆنفرانسە دەکات کە رۆژنامەنووسی رۆژنامەی رۆژنامە، هێمن لهۆنی لە هەرێمی کوردستان وەک کوردێک بەشداری ئەو کۆنفرانسە دەکات، دەربارەی ئامانجی کۆنفرانسەکەش هێمن بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو کۆنفرانسە بۆ ئەو گەنجانەیە کە جێگە دەستیان دیارە لە کۆمەڵگەکانی خۆیان»، هەروەها وتیشی: «ئامانج لە کۆنفرانسەکە وەک پردێکە لەنێوان گەنجان‌و سەرکردەکانی جیهان».

بەپێی ماڵپەری ئەنجومەنی فێرکردنی بەریتانی مەبەست لەم کۆنفرانسە فێرکردنی گەنجە کە چۆن پرۆسەی گۆڕان پراکتیزە بکەن لە کۆمەڵگەکانیانداو سڵ نەکەنەوە لە سەرکردە سیاسییەکان لەکاتی دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیاندا.

# «برینی بەشە خۆراکی هاوڵاتیان پڕوپاگەندەیە»

# ناتوانرێت چاودێریی دەنگ



سەنگەر جەمال

بەرپرسانی کۆمپانیای خۆراکو کۆمسیۆنی باڵا جەخت لەوە دەکەنەوە کە هاوڵاتییان ئازادن لەوەی دەنگ بە هەر لیست‌و قەوارەیەک دەدەن، ئەوەش رەتدەکەنەوە کە چاودێریی هاوڵاتییان بکرێت لەکاتی دەنگداناو بزانرێت دەنگیان بە چ لیستێک داوە.

دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئاگاداربوون لە دەنگدانی هاوڵاتییان‌و دروستبوونی مەترسی لەسەر نانبڕینیان ئەگەر هات‌و دەنگ بە لیستێکی جیاواز لەوەی دەسەڵاتداران بدەن، بەڕێوەبەرانی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان‌و پسوڵەی خۆراک لە هەولێرو سلێمانی، هاوڵاتییان دڵنیادەکەنەوە کە «دەنگدەر دەتوانێت ئازادانە بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکات‌و دەنگی خۆی بدات بەو لیست‌و قەوارەیەی دەیەوێت». بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک چاودێریی ناو کابینەکانی دەنگدان بکات‌و بزانرێت دەنگیان بە کێ داوە، هەر وەک دووپاتی دەکەنەوە کە برینی بەشە خۆراکی هاوڵاتییان پڕوپاگەندەیەو هیچ شتێکی وا لە ئارادا نییە.

لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێمدا کە نزیکەی دوو هەفتەی ماوە، بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئاگاداربوون لە دەنگدانی هاوڵاتییان‌و برینی بەشە خۆراکی مانگانەیان، ترسی لای بەشێک لەو کەسانە دروستکردووە کە بەنیازن دەنگ بە لیستێکی جیاواز لە لیستی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بدەن. هەروەک دەنگۆی ئەوە هەیە کە بە کامێرا چاودێریی پرۆسەی دەنگدانەکە بکرێت‌و باس لەوەشدەکرێت کە شێوازی ئەو مرەکەبەی بۆ دەنگدانەکە دانراوە دواتر دەسڕێتەوەو دەتوانرێت ساختەکاری لەدەنگدان‌و لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا بکرێت.

بەیان ئەحمەد، بەڕێوەبەری رێکخستنی پسوڵەی خۆراک لە سلێمانی، ئەو هەواڵانە بە پڕوپاگەندە دەزانێت کە هاوڵاتیی ئەگەر دەنگنەدات بەشە خۆراکیان دەبڕدرێت‌و بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەوەی پەیوەندی بە بەڕێوەبەرێتییەکەی ئێمەوە هەیە، تەنیا گەیاندنی داتاو ژمارەی بەشداربوونی ئەو کەسانەیە کە مافی دەنگدانیان هەیە». ئەو هەواڵانەش پڕوپاگەندەن کە باس لەوەدەکەن ئێمە دەتوانین چاودێریی هەڵبژاردنەکان بکەین، یان دەزانین خەڵک دەنگ بە کێ دەدات، یاخود دەوترێت ئەوەی دەنگنەدات خۆراکی دەبڕین، تائێستا بە رەسمیی‌و بە نارەسمیی‌و بە زارەکی هیچ کەسێک بە منی نەوتووە کە هەر کەسێک دەنگ نەدات بە لیستێکی دیاریکراو بەشەخۆراکەکەی ببڕن، ئەوە لەناو خەڵکدا بڵاوکراوەتەوە نازانم کێ بڵاویکردووەتەوە، بەڵام ئەو وتانە دوورن لە راستیەوەو هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە خەڵک بە نهێنی دەنگدەدات».

بەڕێوەبەری رێکخستنی پسوڵەی خۆراک لە سلێمانی، ئاماژەی بەوەشکرد، کە دەنگدان بەشێوەیەکی نهێنییەو خەڵک ئازادە دەنگ بە کێ دەدات، وتیشی: «تائێستا ئامێری پێشکەوتووی وانییە کە بزانرێت خەڵک چۆن دەنگیداوە، یان دەنگیان بە کێ داوە، بەتایبەت لە بەڕێوەبەرێتییەکەی ئێمە هیچ چاودێرییەکی لەسەر هەڵبژاردن نییە».

هەروەک دارا دزەیی، بەڕێوەبەری پسوڵەی خۆراکی هەولێر، لە لێدوانێکی بە رۆژنامەی راگەیاندبوو، کە هیچ هاوڵاتییەک لەسەر دەنگدان بە هەر لیستێک لە هەڵبژاردنەکاندا، بەشە خۆراکی مانگانەی نابڕدرێت، ئەوانەش کە ئەو بانگەشەو دەنگۆیانە بڵاودەکەنەوە «دوژمنانی ناوخۆو دەرەوەی کوردستانن». جەختی لەوەشکردەوە، کە هیچ هاوڵاتییەک لەبەر دەنگدان بە هەر لیستێک لە هەڵبژاردنەکاندا، بەشە خۆراکی مانگانەی نابڕدرێت، وتیشی: «ئەو دەنگۆیە هیچ بنەمایەکی راستی نییە، ئەوانەش کە ئەو دەنگۆو بانگەشانە بڵاودەکەنەوە دوژمنانی ناوخۆو دەرەوەی کوردستانن‌و ئەوە تەنیا دەنگۆیەکە کە بنەمای نییە».

لەلایەکی دیکەشەوە حاکم سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، هەموو ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە کە باس لە برینی بەشەخۆراکی هاوڵاتییان‌و زانینی

# ئەرکی سەرەکی پەرلەمان‌و سەرۆکی داهاتووی هەرێم چی دەبێت؟

شارا عەبدولڕەحمان

چەند لیستێکی بەشدار لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و کاندیدێکی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم کاری سەرەکیان لەدوای بەدەستهێنانی دەنگ بریتی دەبێت لە هەمواركردنەوەی ئەو دەستوورەی کە لەئێستادا پەرلەمانی (ماوەبەسەرچووی) کوردستان پەسەندی کردووە، ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەو پەرلەمانەش بەدووری دەزانن پەرلەمانی ئێستا بڕیار یان یاسایەک دەربکات کە پەرلەمانی داهاتوو پابەند بکات بەوەی کە راپرسی لەسەر ئەم دەستوورەی ئێستا ئەنجامبدات.

د.شاهۆ سەعید وتەبێژی لیستی گۆڕان لەپەیامێکیدا رایگەیاند: «یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانمان کە چووینە پەرلەمانەوە ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوورێکی شارستانی دەبێت، کە بەرگری لە پەرژەوەندی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بکات‌و بەرگری لە مافی مرۆڤ بکات»، هاوکات هەموو خەڵکی کوردستان بەشداری لە داڕشتن‌و دەنگدان لەسەری بکات، لیستی گۆڕان پێیوایە کە شکستی ئەو هەوڵەی لەلایەن پەرلەمانی ماوە بەسەرچووەوە بۆ تێپەڕاندنی دەستوور هاتە ئاراوە، بە سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان کۆتاییهات.

هاوکات هەمواركردنەوەی ئەو دەستوورەی لەئێستادا بۆ هەرێمی کوردستان داڕێژراوە کاری سەرەکی لیستی پێشکەوتن دەبێت دوای چوونە پەرلەمانەوە.

زانا عەبدولکەریم، وتەبێژی لیستی پێشکەوتن بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەستووری هەرێم کەموکوڕیی زۆری تێدایەو چەندین مادەی تێدایە کە دەبێت گۆڕانکارییان تێدابکرێت، بەو هۆیەشەوە یەکێک دەبێت لە کارە سەرەکیەکانی لیستی پێشکەوتن دوای ئەوەی بەشداری لەپەرلەمانی خولی سێیەمدا کرد.

دوای ئەوەی لە (٦/٢٤)دا پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستان دەستووری هەرێمی پەسەندکردو داوای لە کۆمسیۆن کرد کە لە رۆژی (٧/٢٥)دا هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمدا دەستووریش بخرێتە ریفراندۆمەوە،نارەزاییەکی زۆرلە سەرجەم چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان دروستبوو دژی تێپەڕاندنی ئەو دەستوورەی کە بە بۆچوونی زۆرێک لە چاودێرانی یاسایی‌و دەستووری کەموکوڕیی زۆری تێدایە، ئەمە جگە لەوەی تێپەڕاندنی دەستوور لەدوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی پەرلەمان خۆی بۆخۆی گومانی لەسەر خودی دەستوورەکە دروستکرد.

هاوکات رۆژی (٧/٦) کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بڕیاریدا بەدواخستنی راپرسی لەسەر دەستوور بۆ کاتێکی نادیار، بەڵام مەترسی تێپەڕاندنی دەستوور هێشتا لای خەڵکی نەڕەویونەتەوە بەوەی کە پەرلەمانی (ماوەبەسەرچووی) کوردستان بڕیارێک یان یاسایەک دەربکات کە پەرلەمانی داهاتووی کوردستان ناچار بکات بە ئەنجامدانی راپرسی لەسەر ئەو دەستوورەی کەخۆیان دایانڕشتووە،

بەڵام زانا رۆستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی‌و دەستووری پەرلەمانی کوردستان، ئەو ئەگەرەی بە دوور زانی‌و وتی: «پێموانیە لەمەودوا پەرلەمان هیچ کۆبوونەوەیەکی دیکە ئەنجامبدات لە حاڵەتی نائاساییدا نەبێت، هاوکات هەر یاسایەک لەم خولەو لەخولی رابردووی پەرلەمانیشدا دەرچووبێت، خولی داهاتووی پەرلەمان دەتوانێت هەمواری بکاتەوە، بەدەستووریشەوە».

هاوکات ئەندامێکی دیکەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەگەر پەرلەمانی داهاتوو ئەم دەستوورەی ئێستای بەدڵ نەبوو، ئەوا دەتوانێت هەمواری بکاتەوە ئەوجا بیخاتە راپرسییەوە، ئەو ئەندام پەرلەمانە وتیشی: «بەو مەرجەی (٣/٢)ی ئەندامانی پەرلەمان رەزامەندی لەسەری دەرببڕێت، پەرلەمانی داهاتوو دەتوانێت دەستوور هەمواربکاتەوەو سەرۆکی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی حکومەت رۆژێک بۆ راپرسی لەسەری دیاری بکەن، هەروەک لەدوا دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا بڕیاری لەسەر درا».

سەردار هەرکی، پێیوایە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان دووساڵ لەمەوبەر دەستووری پەسەند بکردایە ئەوا ئەو عەرەبە شۆڤێنیانەی کە ئێستا رەخنە لە دەستوور دەگرن، ئەوکاتە بەکێشەی عەرەبی سوننەو شیعەوە خەریکبوون‌و نەیاندەپەرژایە سەر دەستوورەکەی کوردستان، بەڵام پەرلەمان لەو رووەوە کەمتەرخەم بووە کە دەستووری گەیاندووەتە ئێستا.

مەترسییەکانی خەڵک سەبارەت بەتێپەڕاندنی دەستوور زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرت کە لەو هەموو ساڵەی لەبەردەستی پەرلەماندا بوو دەستوور دروستنەکرا، بەڵام لەماوەی درێژکراوەی خۆیدا پەرلەمان ئەو دەستوورەی سەپاند بەسەر هەرێمی کوردستاندا، بەوهۆیەشەوە وتەبێژی لیستی پێشکەوتن دوو رێگە لەبەردەمی هاوڵاتیانی کورددا دەبینێتەوە.

زانا عەبدولکەریم دەڵێت: «پێویستە هاوڵاتیانی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێمدا دەنگ بەلایەنێک بدات کە بەپێویستی دەزانێت دەستوور هەمواربکرێتەوەو بەمشێوەیەی ئێستا هەیە تێنەپەڕێندرێت، ئەگەر ئەو لایەنانەش کە دەستوور بەبێ کەموکوڕیی دەزانن لە پەرلەماندا زۆرینەبن، ئەوا رێگەیەکی دیکە ئەوەیە کەخەڵکی خۆمان هۆشیار بکەینەوە لە مەترسییەکانی دەستوورو ئامادەیان بکەین کە بە (نا) دەنگ بە دەستوور بدەن، ئەوکاتە پەرلەمانی داهاتوو ناچار دەبێت دەستوورەکە هەموار بکاتەوە».

لەلایەکی دیکەوە کاندیدێکی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم هەمواركردنەوەی دەستوور بەیەکێک لەکارە سەرەکییەکانی خۆی دەزانێت (دوای گرتنە دەستی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم).

د.کەمال میراودەلی، کاندیدی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، پێیوایە دەستوور لە دوو رووەوە نارەوایەو پێویستی بە هەمواركردنەوەیە (یەکەم لە رووی ئامانجەوە: ئەو ئامانجەی کە دەستووری هەرێمی لەسەر داڕێژراوە دوورە لەوەی کە ببێتە سەرچاوەی دەسەڵاتەکان‌و پەیوەندی دەسەڵات‌و خەڵک رێکبخات‌و ئازادییەکانی خەڵک لەسەر سیستمێکی پەرلەمانی دیموکراتی راستەقینە بنیادبنێت).

بەڵام بەوتەی د.کەمال «تێپەڕاندنی دەستوور بەو پەلەپەلییە مەبەستێکی لە پشتەوەبوو کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی وەک لیستی گۆڕان‌و هێزەکانی دیکە نەبوایە ئەوا دەستوورەکە دەخرایە راپرسییەوەو تێدەپەڕێندرا، لەکاتێکدا دەستووری هەرێم ئەوەندەی زامنی دروستکردنی دیکتاتۆریەتە ئەوەندە زامنی دیموکراتیەت نییە کە بتوانێت هێزی دیموکراسی لەناو پەرلەماندا توندبکات».

(دووەمیش لە رووی پرۆسەوە: پرۆسەی تێپەڕاندنی دەستوور هەڵەی پێوە دیار بوو، چونکە دەسەڵاتی کوردی ماوەی (١٨) ساڵی رابردووی لە گەلی کورد کردە (١٨) رۆژو دەستووری تێدا پەسەندکرد).

د.کەمال وتیشی: «دەستوور دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، کە ئەمە یەکێک دەبێت لەکارە هەرە سەرەکیەکانم ئەگەر بوومە سەرۆکی هەرێم، هەوڵدەدەم بەهاوکاری پەرلەمان‌و ئۆپۆزسیۆن‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و پارتەکانەوە ئەو دەسەڵاتانەی سەرۆکی هەرێم کەمبکەمەوە کە جگە لە دروستکردنی دیکتاتۆریەت هیچی دیکە نییە، ئێمە دەمانەوێت لە بری تاکە کەسێکی وەک سەرۆکی هەرێم ئەنجومەنی پیران بڕیار لە یاساکان بدات بە نوێنەرایەتی سەرجەم چین‌و توێژەکانەوە».

# ـــەرشی کـەلاوە*

بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بکەن، بەڵام گەورەترین شکستو ناکارامەیی ئەوان لێرەدا بە روونی دەرکەوت، بۆیەش هەقی خۆیەتی بپرسین:

ئـەمـانـە کـە بـەم شـێـوەیـە لـەوێ سەرکردایەتیان دەکرد دەبێت چ خێرو بێرێکیان بۆ ئێرە هەبێت؟

## دووەم: نەوتو کەرتی ئابووری

کەسمان گومانمان لەوە نییە کە نەوت چ رۆڵێکی گـەورە دەگێرێت لە ئێستاو ئایندەی کوردستاندا، نەوت ئەو ئامرازەیە کە دەکرێت ژێرخانی بنیاتنانی نەتەوەییمان پێیەوە بەستراوبێتو کارتێکی مەزنی فشارو هەرەشەو دۆستایەتیو بووژاندنەوەو گەشەکردنو خزمەتگوزارییو ...هتد بێت. نـەوتو کەرتی ئابووری گرنگترینو پڕ بایەخترین خاڵن بۆ مەسەلەی بوژاندنەوەی کوردستانو بەهێزکردنی ژێرخانی کۆمەڵگا، با بزانین نوێنەرانی ئێمە لە بەغدا لە پێناو ئاوەدانی وڵاتەکەیان چیان کردووەو ئەم مەسەلەیە چەندە لە ئەجێندای کارەکانیاندا هەبووە؟

یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی ناکۆکی نێوان هەرێمو بەغدا مەسەلەی گرێبەستە نەوتییەکانە کە هەرێم بە بێ رەزامەندی بەغدا ئیمزایکردوون. ئەمەش کێشەی گـەورەی ناوەتەوە لە نێوان هـەردوولاو هەریەکە خۆی بە مەرجەعی مۆرکردنی ئەو گرێبەستانە دەزانێت. ئەم ئیشکالیەتە لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک کێشەی نێونەتەوەیی و ئیقلیمیشی بۆ هەرێم دروستکردووە. لە راستیدا لە دەستووری عیراقیش ئەم خاڵە بە رۆشنی روون نەکراوەتەوە، بەڵکو لەو بەندانەی پەیوەستن بە دەرهێنانو نـاردنـەدەرەوەی نـەوت، ئاڵۆزی هەیە لە دەسەڵاتەکانی هـەردوولادا، بەڵام لانیکەم ئەوە روونە کەدەبێت بە هەماهەنگی لە نێوان هەردوولا بێت. لێرەدا لایەنی کوردی کاتێک ئەو گرێبەستانەی ئیمزاکردووە دەبوایە یا بەو شێوەیەی لە دەستووردا هاتووە بە هەماهەنگیو بەشداریی حکومەتی ناوەندی ئەوەی بکردایە، یان بە پشتبەستن بە بەندێکی دەستووری(ئەو دەستوورەی پەرلەمانەکەی هەرێم وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی بۆ مەسەلە هەستیارەکان بێ هیچ رەخنەو تێبینییەک پەسەندی کرد!).

کـە تـۆ بـڕیـارتـدا بـەشـێـک بیت لە قەوارەیەک بە ناوی عێراقەوەو دەستوورو مەرجەعیەتەکانی قبوڵ دەکەیت پێویستیشە پابەندی ئەو یاسایانە بیتو هەوڵ بدەیت بە گوێرەی ئەوانە هەڵسوکەوت بکەیت، چونکە ئیتر تۆ لە قۆناغی تاک دەسەڵاتو مەرجەعی یەکەمو کۆتایی دەرچویتو چاوی ترت لەسەرە، بەڵام بەرپرسانی ئێمە کە هەمیشە وەک بـڕیـاردەری تـاکو تەنیا کە کەس نەتوانێت لە ئاست بڕیارەکانیاندا ورتەیەک لە دەمی دەرچێت هەڵسوکەوت دەکەن دەبێت تووشی ئەم کێشەیەو دەیان کێشەی دیکە ببن لەگەڵ ناوەندا. کە بەشێک بیت لە عێراقو یاساکانی عێراق بەسەرتدا بسەپێنرێتو لە دروستکردنو بەڕێوەبردنی عێراقی نوێدا بەشدار بیت ئەوا ئیتر ئەو حاکمە موتڵەقە تاک بڕیاردەرە نامێنیت. بیانووی بەغدا زۆر رەواو ئاشکرایە: تۆ کە بەشداری لە حکومکردنی عێراقو سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیـرانو چەندین وەزیرت هەیە کەواتە ئەم عێراقە چیتر عێراقی عەرەبی جاران نییە کە مافەکانی کورد بخواتو بیخاتە ژێر پێی، کاتێک سەرۆکی ئەرکانی لەشکری عێراق کوردو پارتی بێت، نابێت گومان لە جموجوڵەکانی سوپای عێراق بکەیت. ئەمە ئەو مەنتقەیە کە حکومەتی عێراقی لە هەموو روبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ کورد بەکاریدەهێنێت، چونکە تۆ یان شەریکێکی راستەقینەی، یـان شتێکی رەمـزیو کارتۆنیت لە چەشنی تەها محێدینو وەزیرە بەعسیەکانی سەردەمی سـەدام. ئەگەر شەریکی راستەقینەیت ئەوا دەبێت بەشێکبیت لە بڕیارەکانو جێبەجێکردنیان، ئەگەر کارتۆنیشبیت ئەوا خێرە ئەم هەموو ساڵەت لە بەغدا بەسەر بردووەو بە ناوی عێراقەوە قسە دەکەیتو سەردان دەکەیت؟ یان دیارە تەنیا بۆ سوود وەرگرتنە لە ئیمتیازو مووچە زۆرو زەبەندو ناوو شوهرەتە!. لەم نێوەدا دەبێت یەکێکیان ساغ ببێتەوە؟

ئەگەر گریمانەی یەکەم وەربگرین؛ بەو حوکمەی ئەوانەی لە بەغدا نوێنەرایەتی هەرێم دەکەن لێرە خاوەن دەسەڵاتی رەها بوونو پێویستیان بەوە نییە لە بەغدا کەسی رەمـزی بنو لەژێر رەحمەتی مالیکیو شەهرستانیدابن، ئەوا پرسیاری گرنگ لێرەدا دروست دەبێت: بۆچی ئەو بەڕێزانە تا ئەم ساتەوەختە ئەم گرێکوێرەیان نەکردووەتەوە، بۆ هیچ هەنگاوێکیان لە ئاست چارەسەری کۆتایی ئەم کێشەیە نەناوە؟

بەرێز بەرهەم ساڵح تا ماوەیەک پێش ئێستا بەرپرسی دۆسیەی ئابووری عێراق بوو ( بە نەوتیشەوە) لە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام چەند مانگێک پێش ئێستا بێ هیچ روونکردنەوەیەک لەو پۆستەی لابراو هیچ ئەرکێکی دیاریکراوی پێنەسپێرا (ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ سەندنەوەی دۆسیەی رێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئەمریکا لە هۆشیار زێـبـاری). لەو ماوەیەی کە ئەو سەرپەرشتی کەرتی ئابووری دەکرد پێویستبوو میکانیزمێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلە هەستیارە دابنێت، یان رەشنوسی یاسای نەوت و غاز کە ماوەیەکی درێژە تەجمید کراوە بە شێوەیەک کە قازانجی هەرێمی کوردستانی تێدا بێت بە یاسایی بکرێت. نەبوونی یاسایەکی دیاریکراو نارۆشنی دەستوور، بوارێکی باش بوو بۆ لایەنی کوردی بۆ بە یاساییکردنی گرێبەستەکانیو برەودان بە کەرتی نەوت لە هەرێمدا، بەڵام ئەمە پێویستی بە پاڵپشت و فشاری بەرپرسە کوردەکان بوو لە بەغدا، کەچی ئەوان بۆ ئەوەی تووشی هیچ ئیحراجییەک نەبن کەمترین قسەیان لەو بارەیەوە کردووەو تەنانەت دەستێوەردانەکانیان لە چەند وشەیەکی دیبلۆماسی کاڵو کرچ تێنەپەڕیوە. واتە هەرێم ئەو پاڵپشتە بەهێزەی نەبوو لە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو تێپەڕاندنی گرێبەستەکانی. بەرامبەر بەمەش بەرەیەکی ئەنتی کوردی بەهێز دروست بوو بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی خراپو نا رۆشنی خودی گرێبەستەکان کە لەدەرەوەی پەرلەمانو تەنانەت بێئاگاداری زۆرینەی بەرپرسە باڵاکانی هەردوو حیزب ئیمزا کراون. ئێستاش تەنیا لایەنێکی ئیجابی گرێبەستەکان دەرکەوتووە کە ئەویش تەنیا بۆ قازانجی هەردوو حیزبە، نەک کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەویش مەسەلەی وەرگرتنی شیرینی ئیمزاکردنەکانە کە بە ملیۆنەها دۆلار مەزەندە دەکرێت، چونکە دواجار هەرێم بەوە رازی بووە کە ناردنو داهاتی ئەو نەوتەی لە کوردستانەوە دەڕواتـــە دەرەوە بۆ حکومەتی بەغدا بگەڕێتەوە.

کێشەی نەوت لەمەسەلەیەکی هونەرییو تەکنیکیەوە بوو بە کێشەیەکی سیاسی هەستیار بێئەوەی نوێنەرە سیاسیەکانمان لە بەغدا تاکە هەنگاوێک بنێن بە ئاراستەی چارەسەرکردنو کۆتایی پێهێنانی، بە پێچەوانەوە لاوازترینو بێدەسەڵاتترین لایەن لەم مەسەلەیەدا نوێنەرانی کوردن لە بەغدا. ئەوان بە سێ شێوە دەیانتوانی بە ئاراستەی چارەسەری ئەم کێشەیە هەنگاو بنێن کە بریتین لە:

هەڕەشەو فشارخستنە سەر حکومەتی مالیکیو وەزارەتــی نـەوتو قسەکردن لە ئەگەری دەستکێشانەوە لە حکومەت، پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە، یان دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت بە مەسەلەی نەوتو غاز بە گوێرەی دەستوور.

دیارە سەرکردایەتی ئێمە لەو بوارانەدا بچووکترین هەوڵی نەداوەو جگە لە چەند قسەیەکی ئاسایی وەک هەر بێلایەنێک شتێکی ئەوتۆی دەرنەبڕیوە. ئایا هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بێئاگایی خودی ئەم بەرپرسانە لە مەسەلەی گرێبەستەکان؟ چونکە زۆربەی بەرپرسانی کورد بێئاگایی خۆیان لەو گرێبەستانە نیشانداوە، یان لاوازیی گرێبەستەکان لە رووی یاساییو ئسولیەوە؟ یـان لاوازیــو ناکارامەیی نوێنەرانی کورد؟؟

پرسی نەوت یەکێکە لە خاڵە هەستیارو گرنگەکان بۆ دوارۆژی کوردستان، دەبوایە نوێنەرانی کورد لە بەغدا بە ئەوپەڕی تواناوە لە خەمی بوایەنو کارئاسانیان بۆ بکردایە، بەڵام هێڵی نێوان شەهرستانیو بەرپرسە کوردەکان لەم مەسەلەیەدا ئەوەندە کاڵە بە دەگمەن هەستی پێدەکرێت. ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی بێتواناییو ناکارامەیی نوێنەرانی کورد لە بەغدا.

دیارە دەکریت قسەیەکی زیاتریش بکەین لەسەر وەزیرە کوردەکانی بەغدا لە مەسەلە ئابورییەکانو بووژاندنەوەی ژێربینای کوردستان بە تایبەت مەسەلەی ئاوو بەنداوەکان کە وەزیرێکی کورد بەرپرسێتیو تائێستا کەمترین پرۆژە لەو بارانەوە لە کوردستاندا کراوە، بە هۆی کەمی جێگاوە لەوانەیە ئەوە هەڵبگرین بۆ دەرفەتی دیکە.

## سێیەم: زمانی کوردیو ئیستحقاقاتی کورد لە ناوەند

بە گوێرەی دەستووری عێراق؛ کورد شەریکێکی سەرەکیە لەم وڵاتەداو زمانی کوردیش زمانێکی رەسمی وڵاتەو دەبێت بۆ هەمو کاروبارێکی حکومەت بەکاربهێنرێت، بەشداریی کورد بە گوێرەی دەستوورو ئەو رێککەوتنانەی دوای روخانی رژێم کـراون، بەشدارییەکی چالاک و بەهێزەو لە چوارچێوەی یاسادا رێکخراوە، بەو هۆیەشەوە کورد مافی خۆیەتی بەشدار بێت لە هەمو بوارەکانی دەسـەڵاتـدا لە عێراقی نوێداو خۆی بە میوان نەزانێت لەم وڵاتـەدا. حیکمەتی ناردنی دەرزەنێک بەرپرسی پلەبەرزی کورد بۆ ناوەند هەر لەمەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ بەهێزکردنی مەرجەعییەتی کورد لە بەغداو بەشداریکردن لە هەموو بڕیارەکانو ئاگاداربوون لە هەموو کەینو بەینێکی حکومەت، بەڵام با سەیر بکەین ئێمەی کورد لەو ئیستحقاقاتانە چیمان بەرکەوتووەو تا چەند توانیومانە رەمزێکی گرنگی نەتەوەییمان لە ناوەندی عێراقدا بچەسپێنین؟

بەکار هێنانی زمانی کوردی لە گفتوگۆو بڕیار و کۆبونەوەو دۆکیۆمێنتە رەسمیەکاندا گرنگییەکی گەورەی بۆ گەلی کورد هەیەو نیشانەی رێزگرتنە لە هاوبەشێتی کوردو عەرەب لەم وڵاتەدا. ئەگەر بڕیار وایە ئەم وڵاتە هی هەمووان بێتو بەغدا پایتەختی سەرجەم عێراق بێت بە هەموو شوێنو ناوچەکانیەوە، دەبێت ئامادەیی کورد بەگوێرەی ئەو رێککەوتنانە بێتو هەموو لایەک ناچاری رێز لێگرتنی بکرێت، بەڵام وەک دەبینین ئەوە خودی لایەنی کوردیە کە بە هیچ شێوەیەک رێزی بۆ زمانەکەی دانـەنـاوەو هیچ یەکێک لـەو بەندانەی دەستووری جێبەجێنەکردووە کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی زمانی کـوردی. سەرۆک کۆمار تەنانەت لە سلێمانی و دووکانیش بە عەرەبی لێدوان دەدات و زۆر پێیخۆشە بە عەرەبی پرسیاری لێبکرێت. بەرپرسە کوردەکان تەنیا بە عەرەبی قسە دەکەن، پەرلەمانتاران تەنیا بە عەرەبی گفتوگۆ دەکەن، هیچ دیکۆمێنتێکی عەرەبی ناکرێتە کوردیو....هتد.

ئەگەر بمانەوێت باسی راکردن لە کورد بوون بەرجەستە بکەین ئەوا بەکارنەهێنانو راکردن لە زمانی کوردی باشترین بەڵگەی ئەو حاڵەتەیە. بەرپرسانی کورد کە سەرقاڵی هیچ کێشەیەکی نەتەوەییو هەرێم نەبوونو هەر وەک هەر بەرپرسێکی ئاسایی عێراقی مامەڵە دەکـەن، دەبوایە لانیکەم رێز بۆ خۆیانو زمانەکەیان دابنێنو حکومەتو پەرلەمانی عێراق ناچاربکەن کە زمانی کوردی وەک هەقێکی دەستووری بەرەسمی بەکار بهینرێتو هەموو وەسیقە حکومیەکان وەرگێردرێنە سەر زمانی کوردی و سەرۆک و جێگر و بەرپرسانی دیکە تەنیا بە کوردی لێدوان بدەن، بەڵام کێشەی کورد لە بەغدا تەنیا لە چوارچێوەی زماندا قەتیس نەبووە، وەزارەتەکان، سلکی دیبلۆماسی، دەزگاکانی حکومەتی فیدراڵ، بەشێکن لە کەمتەرخەمی کورد کە تا ئێستا خۆی بە میوان دەزانێتو لەباشترین حاڵەتیشدا خۆی بە برایەک دەزانێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەی براکانی دیکە!

ئەگەر بە وردی سەیری شێوازی کارکردنی سەرۆک کۆمار بکەین واهەست دەکەین ئەم بەرێزە هەر لەگەڵ نەمانی کێشەکانی بەغدا لەنێو برا شیعەو سوننەکانو لایەنە عێراقیەکان ئیتر کاری لەوێ تەواو دەبێتو دەگەڕێتەوە بۆ هەرێم.

لە دەستووردا چەندین برگەی تێدایە کە لایەنی کوردی دەیتوانی کاری جدی لەسەر بکات بە قازانجی هەرێمو بەکەڵکوەرگرتن لە بوونی فراکسیۆنێکی کـوردی گەورە لە پەرلەمانی عێراقو رێککەوتنامەکان لەگەڵ ئیئتیلافو لایەنەکانی دیکەدا، بەڵام بەرپرسانی کورد هەمیشە بێتواناییو لاوازیی خۆیان دەخەنە ئەستۆی شۆڤینیەتی عەرەبیو بەرهەڵستکاران و بە قەولی خۆیان دوژمنانی ئەزموونەکەمان.

ئەمانەی سەرەوە بەشێکن لە کارنامەی نوێنەرانمان لە بەغدا، کە کەمترین کاریان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو بەهێزکردنی هەرێم کــردووە، ئــەوان بە روحو گیانی عێراقچێتی لە پایتەخت کار دەکەن، ئێستاش کە هاتوونەتەوە هەرێمو بەو پەڕی حەماسەوە کار بۆ سەرخستنی لیستەکەیان دەکەن، هەق وایە بپرسین کە ئەمە ئەداو توانای ئێوە بێت لە بەغدا دەبێت چ خێرو بێرێکتان بۆ کوردی هەرێم هەبێتو چی لە هەگبەکەتاندا مابێت بۆ رەش و رووتی ئەم وڵاتە؟ خۆزگەش ئەو بەڕێزانەی فرمێسک دەرێژن بۆ هەتیوکەوتنی کورد لە بەغدا چەند نموونەیەکمان پێبڵێن کە ئەم بەڕێزانە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لە خەمیدا بون.

کورد لە بەغداو بە دانپیانانی خودی سـەرۆک کۆمارو بەرپرسەکانی دیکەیان لە لاواز بووندایەو لێرەو لەوێش هەوڵ بۆ لاوازترکردنی دەدرێــت، زۆر لایەنی عەرەبی لە هەوڵی ئەوەدان هەرێم بکەنەوە بە حوکمە زاتیە کارتۆنیەکەی جـاران، جەنابی بەرپرسانی کوردیش دیوەخانیان بۆ ئەم کەسانە راخستووەو تەنیا لە خەمی سارێژکردنی برینی ئەو گروپ و لایەنانەدانن کەمترین پەژارەییان بۆ ئایندەی کورد لە بەغدا دەخۆنو ئەوەندە سەرقاڵی میوانداریو سفرە رازانـدنـەوەو پارە تەخشانکردنو پێشوازیکردنن لەمو لەو، کەمترین کاتیان بۆ نوێنەرایەتیکردنی کوردو هەرێم لە عێراقی نوێدا تەرخانکردووە. پایەکانی کورد لە بەغدا بەرەو داروخان دەڕوات:

سەرۆک کۆمار( کە لە راستیدا سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتیە نەک سەرۆک کۆمار، چونکە بە گوێرەی دەستوور لە خولی داهاتووی پەرلەماندا ئەو پۆستە دەچێتە بواری عەمەلیەوە، ئەو ئێستا سەرۆکێکی رەمزیەو هەمان دەسەڵاتی جێگرەکانی هەیە) پلەو جێگاو رێگای بەرەو لاواز بوون دەڕوات، کەمترین راوێــژی پێدەکرێت، ســەرۆک وەزیــران بە فعلی دەیـەوێـت پۆستەکەی بەکاربهێنێتو چیتر موجامەلەی تاڵەبانی نەکات.

جێگری سەرۆک وەزیران هیچ ئەرکێکی دیاریکراوی نییە لە ئەنجوومەنی وەزیران، بەبێ رەزامەندی خۆی لە سەرپەرشتیاری کەرتی ئابووری لابـرا، وەزیـری دەرەوە دوورخراوەتەوە لە مەلەفە هەستیارەکان، سەرۆکی ئەرکان راوێــژی پێناکرێت بۆ جێگۆڕکێی هێزەکانیو چەندین نموونەی دیکە لە بێتوانایی کورد لە بەغدا کە ئەم بەڕێزانەی ئێستا لە هەرێمن بەرپرسی یەکەمی ئەو شکستە گەورانەن کە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت چارەسەر بکرێت. بەکورتی لە ئامادەبوونی بەهێزی ئەو بەڕێزانە لە بەغدا هیچ دۆسیەیەکی کورد لە پایتەخت نەچووەتە پێشەوەو هیچ مەسەلەیەک چارەسەر نەکراوەو بارگرژییو ناتێگەیشتنو ناکۆکی لە نێوانی هەرێمو ناوەند رۆژ دوای رۆژ لە زیادبووندایە. ئایا دۆخەکە لە غیابی ئەواندا چی بەسەر دیت وا ئەو ئەتباعانە فرمێسکی بۆ دەرێژن؟

* پاشای عەرشی کـەلاوە ناونیشانی نامیلکەیەکی بەرێز حەمە سەعید حەسەنە، ساڵانی نەوەدەکان بڵاویکردەوە، من بۆ مەبەستی خۆم ئەو ناونیشانەم بەکار هێناوە.

**حیکمەتی ناردنی دەرزەنێک بەرپرسی پلەبەرزی کورد بۆ ناوەند هەر لەمەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ بەهێزکردنی مەرجەعییەتی کورد لە بەغداو بەشداریکردن لە هەموو بڕیارەکانو ئاگاداربوون لە هەموو کەینو بەینێکی حکومەت، بەڵام با سەیر بکەین ئێمەی کورد لەو ئیستحقاقاتانە چیمان بەرکەوتووەو تا چەند توانیومانە رەمزێکی گرنگی نەتەوەییمان لە ناوەندی عێراقدا بچەسپێنین؟**

# پاشاکانی ع



عەدنان عوسمان

> من دڵنیام سەرانی کورد ئامادەن لە چارەسەرکردنی کێشەی دارفوردا براگەورەیی بنوێنن‌و ڕۆژو شەو بخەنە سەر یەک، بەڵام بۆ گەڕاندنەوەی ٤٠٪ی خاکی کوردستان بۆ سەر هەرێم تا ئێستا تەنانەت یەک خاڵی ئەم مادەیەشیان جێبەجێنەکردووە، لەوەش خراپتر زۆر بە خەمساردیی‌و لاموبالات مامەڵە لەگەڵ ئەم کەیسە هەستیارەدا دەکەن

## کورد لە بەغدا

لەم ماوەیەدا کاتێک بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسانی کورد لە بەغدا گەڕانەوە بۆ کوردستان لە پێناو بەشداریکردن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوی کوردستاندا کە بڕیارە لە ٢٥ی ئەم مانگە ئەنجامبدرێت، هەندێک لێرەو لەوێ کەوتنە فرمێسک ڕژاندن و هاتوهاوار کە ئەگەر ئەم جەنابانە بەغدا چۆڵ بکەن ئیتر کێ بەرگری لە مافەکانی کورد بکات؟ ئیتر کێ خەمی ڕەش‌و ڕووتـی ئەم میللەتە بخوات‌و کێ سنگی بکاتە قەڵغان دژ بە دوژمنانی کورد؟ ئایا ئەو دەریـای فرمێسکەی ئەم نمەک بەحەڵاڵانە ڕشتیان ڕەنگدانەوەی ئامادەیی‌و قورسایی ئەو کەسانەیەو بەراستی ئەوان لە بەغدا شەڕی کوردیان کردووەو کورد بەبێ بوونی ئەوان کارەکانی ناڕواتە ڕێوە؟ بە واتایەکی دیکە بوونی ئەم جەنابانە لە بەغدا قوربانیدانەو هاتنەوەشیان بۆ ئێرە دیسان قوربانیدان‌و خۆنەویستییە؟

دیارە وەڵامی من بە کورتی نەخێرە؛ ئەمانە لە بەغدا هیچ خێرێکیان بۆ کورد نەبووەو هیچ یەکێک لە دۆسیە گرنگەکانی کورد و بەغدایان نەبردووەتە پێشەوەو بچوکترین کێشەیان چارەسەر نەکردووەو سەرجەم دۆسیە گەرمەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە هەڵواسراویی ماونەتەوە، بگرە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزتربوون دەڕۆن‌و درزەکانی نێوان هـەردوولا بـەردەوام لە دوورترکەوتنەوەو بەرفراوانبوونتر دایە. پێش هەمووشتیش ئەگەر هیچ نموونەیەکمان دەست نەکەوێت بۆ پێشاندانی شکستی ئەم بەڕێزانە لە بەغداو لە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان، ئەو قسەی موریدانەیان کافیە کە دەڵێن؛ نەمانی ئێوە لە بەغدا کارەساتەو ئیتر ڕۆژی ڕەشی کورد دەستپێدەکات !

نیشانەکانی کەسی سەرکەوتوو تەنیا لەوەدانییە لە کاتی ئامادەبوونی خۆیدا مەسەلەکان بە باشی بڕۆنە ڕێوە، بەڵکو سەرکەوتنی ڕاستەقینەو نیشانەی دروستی‌و کارامەیی هەر کەسایەتییەکی سیاسی لەوەدایە لە پاش خۆی ئیتر چ کاتی بێت‌و بۆ ماوەیەکی کەم بێت یان درێژخایەن‌و هەتاهەتایی بێت ئیشوکارەکان بە ڕێکوپێکی بڕواتە ڕێوەو لەو ماوەیەدا کە کاریکردووە توانیبێتی بناغەیەکی پتەو بۆ سەرجەم لایەنەکانی کارەکە دانابێت‌و لە غیابی خۆیدا ستافێکی ئەوتۆی دروستکردبێت بتوانن بە باشی ڕووداوەکـان ئاراستە بکەن. «لە ئامادەیی خۆم بەهەشت‌و لە دوای خۆم چش با ببێتە دۆزەخ» ڕیسواترین‌و نەزۆکترین فەلسەفەی ئیدارەدانەو تەنیا ناسنامەی کەسە نەرجسی‌و تاکڕەوەکانە کە خۆیان بە ناوەندی هەموو شت دەزانن‌و لە دوای خۆیان نە بوار بە درووستبوونی کەسی دیکەو نە ئیمکاناتی درووستبوونەکەش فەراهەم دەکەن. ئەوە سەرەتاو نیشانەی ڕوونی شکستە، بەڵام بەدەر لەوە من لێرەدا دەمەوێت قسە لەسەر چەند تەوەرێکی گرنگ بکەم کە بە یەقینەوە پێموایە سەرانی کورد لەبەغدا لە مامەڵەکردنیاندا شکستیان هێناوە تێیدا. بۆ ئەوەی وەک نووسەرانی عەرەبمان لێنەیەت کاتێک کە باسی حاکمە عەرەبەکان دەکەن‌و گشتگیری دەکەن بۆ ئەوەی تووشی ئیحراجی ڕەخنەگرتن لە کەسێکی دیاریکراو نەبن، دەمەوێت لێرەدا ئەوە ڕوون بکەمەوە کە مەبەستی سەرەکی من لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەڕێزان جەلال تاڵەبانی‌و بەرهەم ساڵحەو لە ئاستی دیکەشدا فوئاد مەعسوم‌و بەرپرسەکانی دیکەی کوردە لەوێ.

ڕەخنەکان و تێبینیەکانیش پەیوەستنین بە کەسایەتیانەوە، بەڵکو بە ئەدای سیاسی‌و شێوازی کارکردن‌و جۆری نوێنەرایەتیکردنی مەسەلەی هەرێمیانە لە پایتەخت. واتە قسەکردنە لەسەر کارنامەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا کە ئەم زاتانە ڕابەرایەتی دەکەن.

بە کورتیش لێرەدا جەخت لەسەر سێ تەوەری گرنگ دەکەمەوە کە پێموایە؛ ئەگەر سێ خاڵی جەوهەریی کارنامەی نوێنەرانمان نەبن، ئەوا بێگومان نمونەیەکی گەورەن لە شێوازی بەڕێکردنی کارەکان‌و شکستی ئەو ڕابەرایەتیەن لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا.

## یەکەم: ناوچە دابڕاوەکان‌و مادەی ١٤٠

لایەنی کوردی نارەزایەتیەکی زۆری پێشاندا بۆ کاندیدکردنەوەی ئیبراهیم ئەلجەعفەری بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عـێـراق‌و بـە دوژمـنـی هـەرێـم و ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ یان دادەنـا، زیرەکانە لە هەوڵی ئەوەدابوون بێتوانایی‌و شکستی خۆیان لە جێبەجێکردنی قۆناغ‌و بڕگەکانی مادەکە بخەنە ئەستۆی جەعفەری، لـەگـەڵ نـوری ئەلمالیکی‌و ئیئتیلافدا یاداشتنامەیەک ئیمزاکرا کە جێگەو ڕێگەیەکی گەورەی بە کورددا لە حکومەتی مالیکی‌و تەنانەت لایەنی کوردی بوو بە زامنی مان‌و نەمانی ئەو حکومەتە. دیارە سەرباری ئەوەی ڕەخنەیەکی گەورە لە سەرانی کورد دەگیرێت کە بۆچی بەشێکی گەورەی خاکی کوردستانیان خستووەتە قوماری ڕاپرسیەوە، بەڵام بەهەرحاڵ کە ئەوە بوو بە مەسەلەیەکی دەستووری‌و کات‌و ئەجێندای بۆ دانـرا، پێویست بوو لایەنی کوردی لە خەمی جێبەجێکردن‌و بە ئاکامگەیاندنیدا بێت.

لەو کاتەوە تائێستا تەنیا لایـەن کە ئەوپەڕی خەمساردیی‌و لاموبالاتی نواندووە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە حکومەتی هەرێم‌و هاوپەیمانی کوردستانە، چونکە بە سادەیی ئەرکی سەرەکی لایەنی کوردیە کە خەمخۆری ڕۆژو شەوی جێبەجێکردنی مادەکە بێت، لە بری گریان‌و هاتوهاوارو ڕەخنەگرتن لەم‌و لەو، لەبری جنێودان بەم لایەن‌و ئەو لایەن، دەبوایە لایەنی کوردی‌و بەتایبەت نوێنەرەکانمان لە هەوڵی بەردەوامدابن بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم مەسەلەیەو هەموو شێوازێکی فشارو ڕووبەڕووبونەوەیان بەکاربهێنایە. ئەگەر هەندێک زەق‌و ڕەقتر قسە بکەین ناچارین بڵێین سەرانی کورد چەندە لە خەمی کێشەی دارفـوردا بوون هەرواش خۆیان سەرقاڵ کردبوو بە مادەی ١٤٠-ەوە، وا ڕۆژ و مانگ و ساڵ تێپەڕ دەبن بێئەوەی تەنانەت بزانین سەرانی ئێمە پلانیان چیە، چی دەکەن بۆ ئەم بەشە ئازیزانەی وڵاتەکەمان، سیناریۆو ئەگەرەکانیان چین. ئەوان جگە لە هەندێک وتاری حەماساوی کە ناوبەناو لێرەو لەوێ دەیڵێن کە جگە لەبارگرژیکردنی کەشوهەواکەی نێوان هەرێم وبەغدا هیچی دیکەی لێشین نەبووە، جگە لە چەند لیژنەیەکی نەزۆک کە دوای ماوەیەک خۆشیان لەبیریان دەچێتەوە هیچ هەنگاوێکی عەمەلیشیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە نەناوە. من دڵنیام سەرانی کورد ئامادەن لە چارەسەرکردنی کێشەی دارفوردا براگەورەیی بنوێنن‌و ڕۆژو شەو بخەنە سەر یەک، بەڵام بۆ گەڕاندنەوەی ٤٠٪ی خاکی کوردستان بۆ سەر هەرێم تا ئێستا تەنانەت یەک خاڵی ئەم مادەیەشیان جێبەجێنەکردووە، لەوەش خراپتر زۆر بە خەمساردیی‌و لاموبالات مامەڵە لەگەڵ ئەم کەیسە هەستیارەدا دەکەن.

سەرۆک کۆمار ناخۆشترین پرسیار کە لێی بکرێت باسی کەرکوکەو ئەگەر ناچاریشبن قسەیەکی لەسەر بکەن ئەوا گوتارەکەیان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ گوتاری هاشمی‌و مالیکی نییە. ئـەوان وەک هەر بەرپرسێکی عێراقی نەک وەک نوێنەری کورد قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەن‌و بە هەمان ئاواز باس لە چارەسەر دەکەن کە لە ڕاستیدا هەمووی بە ئاڕاستەی لەبیربردنەوەو خۆخافڵاندن‌و سڕینەوەی ئەم کەیسە لە زیهنی خەڵکیدا دەڕوات. پێدەچێت سەرانی ئێستای کورد ئەم مەسەلەیە وەک کارتێکی فشارو بەرمیلی بارود هەڵبگرن‌و بەشێک بێت لە مساوەمەکانی ئایندەیان بۆ دابەشکردنەوەی پۆست لە بەغدا، نەک وەک مەسەلەیەکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و ئینسانی سەیری بکەن.

بەرامبەر بە خەمساردیی کـورد، ئایا لایەنەکانی دیکەش هەروا مامەڵە دەکەن و کەیسی کەرکوک‌و ناوچەدابڕاوەکان هیچ پێکناهێنن لە عەقڵیەتی کارکردنیان؟

نەخێر، ئـەوان زیرەکانە لەسەر ئەم ناوچانە کاردەکەن‌و بـەردەوام لە دانانی پلانی تۆکمەن بۆ هێشتنەوەی ناوچەکەو تێکدانی پێکهاتەکەی بە قازانجی مانەوەی لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدا. ئەوان هێز دەنێرنە ناوچەکان، خزمەتگوزاریی دەکەن، خەڵک دادەمەزرێنن، فشار دەخەنە سەر دانیشتووە کوردەکان، بەرەی خۆیان بەهێز دەکەن‌و ئامادەیی هێزەکانی حکومەت لەو ناوچانە قایم دەکەن. لایەنی کوردیش دڵخۆشەبەوەی لێرەولەوێ چەندبەرپرسێکی ناکارامەو گەندەڵی هەیەو هەندێک دامودەزگا لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودایە کە ئەمانە بە پارەو پولی ئەم هەرێمە دەژیەندرێن بەبێ ئەوەی توانای ئیدارەدانێکی ڕاستەقینەیان هەبێت‌و بەشێکبن لە دەسەڵاتی فعلی.

ئێمە بینیمان لە جەلەولاو قەرەتەپەو خانەقین‌و دوزو موسڵ چی ڕوویـدا، بەداخەوە ئەو سیناریۆیانە بەڕێوەن بۆ ناوچەکانی دیکەش.

## ڕاکردن لە کورد بوون

لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا هەموو بەرپرسە عێراقیەکان سەرقاڵی هەڵبژاردن‌و ریکلامکردن بوون بۆ لیست‌و لایەنەکانیان، تاریق ئەلهاشمی، عـادل عەبدولمەهدی کە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتین‌و هەمان مافی سەرۆک کۆماریان هەیەو بە گوێرەی دابەشکردنی تائیفی دانراون: دوو عەرەب(سوننەو شیعە) یەک کورد، نوری ئەلمالیکی و سەرجەم بەرپرسە عێراقیەکان ڕۆژو شەو سەرقاڵی ریکلامی هەڵبژاردن بوون و سەردانی شارو شارۆچکەکانیان دەکـرد، تەنیا نوێنەرەکەی کورد بوو کە ئامادە نەبوو بەشداری لەو هەڵمەتەدا بکات‌و ڕایگەیاندبوو کە ئەو براگەورەیەو وەک یەک سەیری هەموو لایەک دەکات‌و پشتگیری هیچ لایەنێک ناکات. ئەو بەڕێزە تەنیا لەبەر ئەوەی کاندیدی کوردە لەو پۆستە دانراوە، دانانی پۆستەکان لە عێراقدا لەسەر بنەمای توانایی‌و کارامەیی‌و پێشینەی خەبات نییە، بەڵکو بە گوێرەی دابەشکردنی تایفی‌و نەتەوەییەو کورد ئەم پشکانەی بەرکەوتووە، ئیتر کەسەکە هەر کەس بێت. واتە ئەو پۆستانە بۆ کورد دانـراوەو ئەو کەسانەی لەو پۆستانەن سەرباری ئەرکە گشتیەکانیان لە هەمانکاتدا نوێنەرایەتی لایەنی خۆیان دەکەن.

پۆستی سەرۆک کۆماری تا ئاستێکی زۆر ڕەمزییەو تەنیا کاری پرۆتۆکۆلی سـادە دەکـات‌و تەنها ئیمتیازێکی ئەو مـووچـەو دەرمـاڵـە زۆرو زەوەنـدەیـە کەلەبەردەستیدایە، ئەندامانی دیکەی سـەرۆکـایـەتـی لـەم قـۆنـاغـەدا هەمان دەسەڵاتی سەرۆکیان هەیە، چونکە ئەوان مافی ڤیتۆیان هەیە لەسەر بڕیارەکان. دیارە کەسایەتی‌و بەرفراوانی پەیوەندییەکانی تاڵەبانی هەندێک گوڕو تینی بەخشیوە بەو پۆستە، بەڵام لە ڕاستیدا خۆشحاڵبوونی لایەنی عەرەبی بە ڕۆڵی تاڵەبانی لەوەدایە، کە ئەو بەڕێزە وەک کەسێکی عێراقی خاڵس کاردەکات‌و خۆی لە نوێنەرایەتی کورد بواردووەو دەیەوێت ڕۆڵی براگەورە بۆ هەموو لایەک بگێڕێت، ئەمەش بۆ ئێستای عێراق‌و ناکۆکییە گەورەکانی نێوان لایەنە عێراقیەکان کارێکی خراپ نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم سەردەمەش کۆتایی پێدێت‌و بەم نزیکانە دەبینین چۆن بە ڕەقی‌و زەقی بەو بەڕێزە دەوترێت؛ تۆ سنووری خۆت بەزاندووە (سەرەتاکانی ئەمەش دەرکەوتووە، هەر لە ڕاوێژ پێنەکردن، تا دوورخستنەوەی لە نوێنەرایەتیکردنی عێراق لە کۆنگرەی وڵاتە عەرەبیەکان، کە لەڕاستیدا کارەکانی سەرۆک کۆمار بووە بە بینینی دۆستە کۆنەکان‌و میوانداریی‌و نانخواردن).

بۆ مەسەلەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان‌و بە تایبەت کە ڕێژەیەکی زۆری کورد لە چەندین پارێزگای دەرەوەی هەرێم هەیەو لیستی کوردیش دروستکراوە، دەبوایە سـەرۆکـی کـۆمـارو جێگری سەرۆکی حکومەت‌و بەرپرسەکانی دیکەی کورد بە ئەوپەڕی هێزو تواناوە بەشدارییان لە بانگەشەکاندا بکردایەو سەردانی ئەو پارێزگایانەیان بکردایەو کۆبوونەوەیان لەگەڵ دانیشتووانەکانی بکردایە، بەڵام بە پێچەوانەی بەرپرسە عێراقیەکانەوە، نوێنەرانی ئێمە ساردو کپ‌و مات بوون‌و تـەنـانـەت لـە بـەغـداش کـە سەنتەری دیوەخانەکەیانەو سەدان هەزار کورد لێی دەژی هەوڵیان نەدا چەند دانیشتنێک لەگەڵ کوردانی دانیشتووی پایتەخت سازبکەن، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەمترین دەنگ لەو شارە بەدەستهێنرا.

ئەو بەڕێزانە بە هۆی کوردبوون‌و نوێنەرایەتیکردنی هەرێمەوە لەوێ دانراون، نەک لەبەر ناوو مێژوویان، بۆیە تائێستا هیچ هۆکارو حیکمەتێک بۆ خۆدزینەوە لەبەشداریکردنی چالاکانەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان نادۆزرێتەوە، جگە لە ڕاکردن لە کوردبوون کە بەشێکی نەپساوە بووە لە کارنامەی بەرپرسانی کورد لە بەغدا.

کورد لە جێبەجیکردنی بڕگەکانی مادەی ١٤٠و گەڕاندنەوەی سانتیمەترێک لە خاکە زەوتکراوەکەی شکستی هێنا. ئۆباڵی ئەم شکستە جگە لە بەرپرسە خاوەن دەسەڵاتە ڕەهـاو حاکمە ئەوحەدەکان دەبێت لە ئەستۆی کێدابێت؟

لـە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراقدا لیستی کوردی لە هەموو شوێن‌و شـارەکـان پاشەکشەی گـەورەی کردو کورد لە ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و پێگە ئیدارییەکان لاوازدەرکەوت، دەبێت هۆکاری ئەم شکستە لە ئەستۆی کێ بێت؟ کێن ئەوانەی ساتێکی وەختەکانیان بۆ کارکردن بۆ لیستە کوردییەکان بە فیرۆنەدەداو بەوپەڕی خەمساردیی‌و گوێپێنەدانەوە سەیری ئەو هەڵبژاردنە گەورەیەیان دەکرد؟ کە دواتر ئاکامە کارەستبارەکەیمان بینی بەسەر ئەو ناوچانەوەو مەوقعی کورد لەو پارێزگایانەدا.

ئۆباڵی شکستی گەورەی کورد لە بەغداو پارێزگاکانی دیکە هەمووی لە ئەستۆی خەمساردیی‌و گوێنەدانی ڕابەرانی ئێستای کوردە لە بەغداو تەنیا ئەوان بە پلەی یەک بەرپرسیارن لەو شکستە.

کورد لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠و گەڕاندنەوەی تەنیا بستێکی خاکەکەی لە پاش ٥ ساڵ لە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، شکستی هێنا. لێرەدا دەبێت بپرسین:

کێن ئەوانەی بەرپرسی سەرەکی ئەم شکستەن؟

مالیکی‌و جـەعـفـەری‌و ئەمریکاو دیمستۆراو تورکمان‌و عەرەب؟ یاخود لایەنی بەرپرسە کوردەکان کە تەنانەت جورئەتی ئەوە ناکەن هەڕەشەیەکی شەرمنانەش لە دۆستەکانی بەغدایان بکەن؟ ئەم دۆسیەیە لە ئەستۆی بەرپرسە کوردەکان‌و بەتایبەت ئەوانەی بەغدایە کە بڕیاروایە نوێنەرایەتی

ژمـارە (510) دووشەممە 2009/7/13
hewal.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

## پسپۆڕێکی زانکۆی ئێکزیتەری بەریتانیا:

# سیستمی سیاسی کوردستان سیستمێکی سەرکوتکەرە بۆ تەواوی هاوڵاتیان

دیمانە: نامۆ عەبدوڵلا

(١-٢)

**کۆمەڵناس د.سارا کیلەرمان، مامۆستایە لە زانکۆی ئێکزیتەری بەریتانیا، لە دیدارێکی تایبەتی رۆژنامەدا باسی گرفتەکانی ژنان دەکات لە کوردستان و ئەو گرفتانەی کە سیستمی سیاسی بۆی دروستکردوون. کیلەر سەرگەرمی کارکردنە لەسەر گرفتەکانی ژن لەو کۆمەڵگایانەی کە تازە لە شەڕوململانێ هاتوونەتە دەرەوە. ئەم نووسەرە چەندین توێژینەوەی لە گۆڤارە ئەکادیمییەکانی بەریتانیا و ئەمریکا بڵاوکردووەتەوە. ئێستاش سەرقاڵی توێژینەوەیەکە لەسەر (ژن و هیستریا) لە هەرێمی کوردستان.**

**رۆژنامە: دەکرێت سەرەتا بە کورتی پێمانبڵێیت مەبەست چییە لە فێمێنیزم؟**

* هەروەکو ئەو وتەی دەڵێت فێمێنیزم مەسەلەی بیروبۆچوونەو پێناسەیەکی دیاریکراو یان فیکرێک نییە بڵێت ئەوە فێمێنیزمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لە دوو گۆشەوە سەیری بکەین. لەلایەکەوە روخسارێکی ئایدۆلۆژی هەیە. بەشێوەیەکی سادە لێرەدا وەکو ئایدۆلۆژیایەک دەکرێت فێمێنیزم بەو ئایدۆلۆژیا سیاسییە لێکبدرێتەوە کە دەیەوێت ئاستی ژن بەرزبکاتەوە تا ئەو ئاستەی یەکسان دەبێت بە پیاو لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا. بێگومان ئەمە لایەنێکی دیکەشی هەیە کە ئەویش بۆچوونی ئەکتیڤیستەکانە. کە دەکرێت گفتوگۆی بکەین. لەم گۆشەنیگایەوە ئاشکرایە ئاکتیڤیزیم لە فیکرەکانی ئایدۆلۆژیای فێمێنیزمەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵام ئەم ئایدۆلۆژیایە لە رەگەوە کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژن دەکات.

هەروەها کاتێک باسی لایەنە مێژووییەکەی دەکەین، دەتوانین باس لەو شەپۆلە جیاوازانەی فێمێنیزم بکەین کە سەریان هەڵداوە.ئەوەی ئێستا ئێمە تێیداین بە شەپۆلی سێیەمی فێمێنیزم ناودەبرێت. شەپۆلی یەکەم، ئەو شەپۆلەیە کە بەکەسانی بەناوبانگی وەکو رەبیکە وێست دەناسرێتەوە، کە یەکێک بوو لە ئەندامانی بزووتنەوەی فێمێنیستی سەفەرجێت لە بەریتانیای مەزن کە کەمپینیاندەکرد بۆ یەکسانی ژن و پیاو لەبەرامبەر یاسادا، وەکو هەبوونی مافی دەنگدان لە دەوروبەری کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە. شەپۆلی دووەمی فێمێنیستەکان ئەوانەن کە ئەمریکاو رۆژئاوای ئەوروپا لە ساڵانی ١٩٦٠-ەکان کاریان بۆ یەکسانی ژن و پیاو دەکرد لە رووی مافە سێکسیی و کلتوورییەکانەوە.

ئێستاش بێگومان لەگەڵ هەبوونی چەندین تێڕوانینی نوێ بۆ شوناس و سیاسەت، جیاوازی رەگەزی و شوناس و بەیەکداچونی ئەمانە لەگەڵ فۆرمەکانی دیکەی نەتەوەو شوناسدا، شەپۆلی سێیەم دروست بووە کە زۆرجار پێی دەوترێت شەپۆلی پۆستمۆدێرن فێمێنیزم.

**رۆژنامە: واتا یەکەم سەرەتای فێمێنیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە؟**

*بەڵێ، رەگەکانی یەکەم شەپۆلی فێمێنیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کات.

**رۆژنامە: پێش ئەوەی بچینە سەر باسەکەمان کە تایبەتە بە کوردستان، پێمباشە بەشێوەیەکی گشتیی پێمانبڵێیت رۆڵی ئێستای فێمێنیزم لە جیهاندا چییە، رۆڵی ئەو رێکخراوە فێمێنیستیانە چییە کە لە جیهاندا دروستبوون؟**

* لە ئاستی جیهانیداو لە تێڕوانینی لە ئەنترۆپۆلۆجیستەکانەوە دەکرێت بە ئاشکرا ببینین کە لە تەواوی کۆمەڵگاکانی جیهاندا بەهۆی هەبوونی چەندین ستراکتۆری سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە شوێنێک نادۆزیتەوە کە ژن و پیاو تیایدا بەیەکسان دابنرێن. لە راستیدا لە رووی مێژووییەوە ژن هەمیشە هاوڵاتی پلە دوو بووە. ژنان لە مێژووداو لە چەندین شوێنی جیای جیهان و بەچەندین رێگەی جیاواز خەباتیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان. ئەمە بە ئاشکرا شەرێکە کە تا ئێستاش کۆتایی پێنەهاتووە.

**رۆژنامە: بێینە سەر هەرێمی کوردستان، تۆ چەند ساڵێکە هاتوچۆی کوردستان دەکەیت و سەرگەرمی توێژینەوەیت لە سەر ژن. بەشێوەیەکی گشتی دۆخی ژنی کورد چۆن دەبینیت؟**

* ئا... لە راستیدا کوردستان هەرێمێکە بە گۆرانکارییەکی گەورەدا تێدەپەڕێت، بۆیە ئێستا ساتەوەختێکی گرنگە بۆ پەیوەندییە جێندەرییەکان کە شتێکە من توێژینەوەم لەسەری کردووە تا تێبگەم، ژن لە کوردستان لە چۆن باردۆخێکدا دەژی. بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبینین چەندین گرفتی گەورە رووبەرووی ژنی کوردو کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی گشتیی دەبێتەوە، بەتایبەتی لەوکاتەی کە ژن دەیەوێت بەشداربێت لە فەزای گشتیدا. یەکێک لەو شتانەی، مەبەستمە بڵێم یەکێک لەو مەسەلە گەورانەی کە لە راستیدا رووبەڕووی کۆمەڵگاو هاوڵاتیانی کورد بەشێوەیەکی گشتیی و ژنان بەشێوەیەکی تایبەتی دەبێتەوە کەمکردنەوەو پەلوپۆکردنی ئازادییەکانی تاکە. کەمکردنەوەی ئازادییەکانی ژن هەم لە ئاستی سیاسیی و هەم لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا هەستی پێدەکرێت. لە راستیدا ژنان ناتوانن بڕیار لە سەر قەدەری خۆیان، ژیانی خۆیان و جۆری خوێندن و جۆری کارکردنیان بدەن. ئەمە دروستە لە مەسەلەی شوکردن و ژیانی کۆمەڵایەتیدا. چەندین تەحەدا بوونی هەیە کە دەبێت ژنان رووبەڕووی ببنەوە. بەڵام وەکو وتم پێموایە کۆمەڵگای کوردی بە قۆناغێکی راگوزەریدا تێدەپەڕێت.

**رۆژنامە: دەتوانێت بەشێوەیەکی تایبەتی پەنجە بخەیتە سەر هەندێک لەو تەحەدیانەی کە رووبەڕووی ژن دەبێتەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا؟**

* بەڵێ وەکو وتم، پێموایە لە تەواوی ئاستەکاندا چەندین گرفت و تەحەدی هەن کە رووبەڕووی ژن دەبێتەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا. بۆ نموونە وەکو بەشداریکردنیان لە ژیانی گشتی، لە رووی پەیوەندییەکۆمەڵایەتی یەکانەوە لە ماڵەوە. لە راستیدا چەندین گرفتی تایبەتی هەیە کە دەبێت ژن رووبەڕووی ببێتەوە. من لەکاتێکدا بۆ توێژینەوەکانم قسە لەگەڵ ژن دەکەم لێرە، ئەو ژنانەی کە هوشیارن و ئاگاداری مافەکانی خۆیانن و لەراستیدا هەوڵی ئەوەدەدەن دەنگی خۆیان بدۆزنەوە لە کۆمەڵگایەکدا کە زۆرجار ئامادەنییە گوێ بگرێت، تورەیەکو ماندووبوونێکی زۆر دەبینم لە ناو ژناندا. ژنان لێرە ماندووبوون. بۆ نموونە زۆرێک هەیە رووبەڕووی فشاردەبێتەوە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا. زۆرجار هەلێکی کەمیان بۆ خوێندن لە بەردەستدایەو هەندێکجار ئەوانەی دەخوێنن هەلی بەردەمیان سنوردارە بۆ ئەوەی دوای تەخروج کاربکەن. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەو جۆرە یاسایانە دەگەڕێتەوە کە لەکۆمەڵگای کوردیدا بەژنەوە بەستراونەتەوە. یەکێک لەو گرفتە گەورانە ئەوەیە لێرە ئافرەت تەنیا وەکو دایک، دایک و ژن سەیردەکرێت و لەم رووەوە وێنادەکرێت. لە راستیدا لە چەندین رووەوە هیچ بوارێکیان پێنادرێت کە فرەشوناسی خۆیان نیشانبدەن.

**رۆژنامە: وتت ژن زۆرجار لە کۆمەڵگای کوردیدا گوێی لێناگیرێت. ئەمە وایکرد من بچمە سەر سیستمی سیاسی لە کوردستان. تاچەند سترەکتۆری سیاسی لە کوردستان سەرکوتکەرە بەرامبەر ژن؟**

* لەراستیدا، دوای ئەو ماوەیەی کە لێرەبووم و ئاگاداری وەزعەکەبووم لە کوردستان، یەکەم شتێک دەتوانم بڵێم ئەوەیە کە لەراستیدا سیستمی سیاسی لێرە سیستمێکی سەرکوتکەرە بەرامبەر تەواوی هاوڵاتیان. بۆیە لێرەوە دەبێت بیرمان بێت کە بارودۆخی ژن لە کلتوورێک یاخو سیاقێکی سیاسیدا بەشێکی جیانەکراوەیە لە پەیوەندییە فراوانترەکەی دەسەڵات. رەگەز یاخود جێندەر تەنیا یەکێکە لە رێگەکان کە بەهۆیەوە ئازادییەکانی ژن لە کۆمەڵگادا کەمتردەکرێتەوە. بۆیە پێموایەو دەڵێم لە پێش هەموو شتێکەوە سیستمی سیاسی لێرە سیستمێکی سەرکوتکەر بۆ هەمووکەس بەشێوەیەکی گشتیی.

پاشان لەکاتێکدا باسی ئایدۆلۆژیاکانی وەکو ناسیۆنالیزم دەکەین لە رووی مێژوویەوە هاندەرو مۆتیڤی گۆڕانکارییە سیاسییەکان بووەو پلاتفۆرمێکە کە بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی لێوە بەرهەمدێت. ئایدۆلۆژیا نەتەوەییەکان بەشێوەیەکی گشتیی و بەتایبەتی لە کەیسی کوردستاندا کاریان پارێزگاریکردن و پێشخستنی ئیتنۆ-ناسیۆنالیزم (یاخود ناسیۆنالیزمی نەژادی) کوردی بووە لە سەر حیسابی مافەکانی ژن. بەهۆی ئەمەوە دەبینیت وەزعێک دروستدەبێت کە یەکسانی ژن و پیاو دوادەخرێت تا ئەو کاتەی ئەم گەلە وەکو گروپێکی ئیتنی یاخود نەتەوەیەک رزگاری دەبێت. ئا لەم رووەوە پێموایە ژن لە رووی ئایدۆلۆژیاوە چەوساندنەوەیەکی زۆری بەرامبەر کراوە. ئەرکێکی قورسیان خراوەتە سەرشان تا بەهۆیەوە جۆرێکی تایبەت لە ژن بەدڵی خۆیان دروستبکەن، ئەمەش مەجالەکانی بەردەم ژنی زۆر سنووردارکردووە کە بتوانن فرەشوناسی خۆیان نیشانبدەن.

**رۆژنامە: دروستە. هەندێکجار سترەکتۆری سیاسی کوردستان کە لەراستیدا دووپارتی سیاسی کۆنترۆڵیانکردووە بانگەشەی ئەوەدەکەن کە ئەوان ژنیان نەچەوساندووەتەوەو بەپێچەوانەوە دەرگایان لە بەردەم بەشداری ژندا ئاوەڵاکردووە بۆ نموونە تا بەشداری پەرلەمان بکەن بە رێژەی ٣٠٪. لە لایەکی دیکەوە رێکخراویان کردووەتەوەو دەڵێن مەبەستمان لەمکارانە بەرەوپێشبردنی مافی ژنە. تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

* لە راستیدا ئێمە ئێستا لە حکومەتی هەرێم شاهێدی بینینی گفتوگۆیەکی زۆرین لەسەر ژن کە تاچەند پابەندن بە مافەکانی ژنان. پێموایە خەریکە چەند گۆڕانکارییەک دەکرێت. راستە لە پەرلەمان چارەگی کورسیەکان بۆ ژن دابینکراوە. پارە بۆ ئەمجۆرە چالاکیانە دابینکراوە. بەڵام لەڕاستیدا دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانێت زۆرشتی دیکە بکات، وەکو پێشخستنی شێوازی نوێی بیرکردنەوە. لە راستیدا سیستمێکمان پێویستە کە پەروەردەی گشتیی زیاتر بکات. پێویستە سیستمێک دروستبێت کە لە منداڵەوە دەستپێبکات. لە ئاستی کۆمەڵگادا لەگەڵ خێزانەکاندا کاربکات. پێویستە دڵنیابیت لەوەی کە لەماڵەوە منداڵان بەشێوەیەک پەروەردە دەکرێن کە بە یەکسانی سەیری ژن و پیاو بکات. ژن رووبەری ئەم گرفتەش دەبێتەوە. دەبێت منداڵان وا پەروەردە بکرێن کە ژن و پیاو دوو هاوسەری یەکسانن لە خێزاندا، خوشکو براکان بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت. لە قوتابخانەش بە هەمان شێوە. چەندین ناکۆکی دیکە هەیە لە کۆمەڵگادا کەوەکو بەشێک لە کێشەی ژن دەبێت چارەسەربکرێن. وەکو پێشتر وتم دەبێت بارودۆخی ژن لە هەر کۆمەڵگایەکدا تێبگەین وەکو بەشێک لە تەواوی پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە گرنگە بۆ ئێمە تێبگەین چۆن ئافرەت یاخود مافەکانی ئافرەت لە پەیوەندیدایە لەگەڵ پەیوەندییە ئابوورییەکان لە سترەکتۆری سیاسیدا. بۆ نموونە پێموایە ئێستا بۆ کوردستان بەشێوەیەکی کاتی رەنگە بەسود بێت سیستمی چارەگت هەبێت بۆ ئافرەتان لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، بەڵام لە راستیدا دەبێت ئەمە بە چارەسەرێکی کاتی دابنرێت، لەڕاستیدا ئەوەی دەبێت ئێمە چاوەڕێی بکەین یەکەمجار ئەوەیە کە تەواوی خەڵک وەکو هاوڵاتی بە یەکسان سەیربکرێن. پاشان جێندەر مەسەلەیەک دەکەوێتە سەر خەڵکەکە خۆی کە دەیەوێت بەشداربێت لە فەزای گشتیدا یان نا. دەزانیت بەم دواییە لەگەڵ چەند کچێکی گەنجدا قسەمکردووە لە کوردستان، کە ئەوانیش هەست بە ئەو سنوردارکردنانە دەکەن کە سیستمی چارەگ لە پەرلەمان بۆی دروستکردوون. ئەو ئافرەتانە پێیانوایە کە خەڵکی دەبێتە بخرێتە سەر دەسەڵات لەسەر بنچینەی تواناو لێهاتوویی. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە زۆر مەترسیدارە ئەگەر پێمانوابێت لەبەرئەوەی ژن لە فەزای گشتیدا دەبینرێت، ئەمە مانای ئەوەیە گرفتی ژن چارەسەر بووە. زۆرجار لە کۆمەڵگا باوکسالارییەکاندا ژن خۆیان هاوکارێکی گەورەی پێشێلکاریکردنی مافی ژنن.

**رۆژنامە: پێمخۆشە زیاتر لە بارەی ئەو رێکخراوانەی ژنان و ئافرەتانەوە لەکوردستان بزانم کە حکومەتی هەرێم یاخود دوو پارتە سەرەکییەکە دروستیکردوون. تا چەند ئەم رێکخراوانە دەتوانن مافەکانی ژنان بەدەستبێنن. مەبەستمە بڵێم ئایا ئەم رێکخراوانە لەکاتێکدا (NGO)ی راستەقینە نین، دەتوانن دژی حکومەت بووەستنەوە لە کاتێک کە حکومەت لەگەڵ خواستەکانی ژندا نەبێت؟**

* لە ژمارەیەکی زۆر لە توێژینەوەی کە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیا ئەنجامدراوە، ئەکادیمییەکان چەمکێکیان داهێنانەوە کە ئەویش GNGO یە، واتا رێکخراوە حکومییە ناحکومییەکان (پێکەنین)، چونکە وەکو خۆت ئاماژەت پێدا ئەمانە بەتەواوەتی بەشێکن لە پێکهاتەی سیاسی. لە راستیدا ئەمە گرفتێکی گەورەیە، لە کاتێکدا دەمانەوێت باس لە مافی ئەو کەسانە بکەین کە لەسیستمەکەدا پەراوێزخراون. گرفتی رێکخراوەکانی کوردستان لەوەدایە کە ئەم رێکخراوانە لە لایەن پارتە سیاسەکانی دەسەڵاتدارەوە دروستکراون، هەر بۆیە ئەولەویاتی سیاسی ئەو حیزبانە ئەم رێکخراوانە ئاراستەدەکات. ئەم مەسەلەیە، وەکو زۆربەی مەسەلەکانی دیکە لە کوردستان، بەداخەوە ئەو کەسانەی کە بڕیاریان بەدەستەو بڕیاردەرن لە کوردستاندا بەرژەوەندییان لەوەدایە کە دۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە. بەرژەوەندی شەخسی دێتەگۆڕێ. کاتێک ئەمە دەڵێم مەبەستم لەوە نییە کە ئەم وڵاتە هیچ خەڵکی تیادا نییە کە کار بۆ بەرزکردنەوەی مافی ژنان بکات. کەسانی زۆر جدی هەن کە کاربۆ ئەو مەسەلەیە دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەو خەڵکانەش هەن کە بەرژەوەندییان لە نەگۆرانی ئەم دۆخەدایە. بۆیە ناتوانن بەرەوپێشچوونێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بکەن، کە لەراستیدا پێویستییەکی حەتمییە بۆ گۆڕان.


سارا کیلەرمان

> **بەم دواییە لەگەڵ چەند کچێکی گەنجدا قسەمکردووە لە کوردستان، کە ئەوانیش هەست بە ئەو سنوردارکردنانە دەکەن کە سیستمی چارەگ لە پەرلەمان بۆی دروستکردوون**

## ئەندامێکی لیژنەی مادەی (٢٣):

# داوادەکرێت هەڵبژاردنی کەرکوک بخرێتە یاسایەکی نوێوە

**هەستیار قادر**

ئەندامێکی لیژنەی مادەی (٢٣)ی پەرلەمانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە لیژنەکەیان هەر وەک لیژنەکانی دیکەی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک شکستی هێناوەو ئەگەریش زۆرە مادەیەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بخرێتە نێو یاسای نوێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە.

محەمەد مەهدی بەیاتی، پەرلەمانتاری لیستی ئیئتلافی شیعە، لە دیمانەیەکی رۆژنامەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوان لە دژی بیرۆکەی بوونی دەستوورێک نین لە هەرێمدا، بەڵام تێبینیان لەسەر هەندێک مادەو زوو تێپەڕاندنی هەیەو دەڵێت: «زوو تێپەڕاندنی دەستووری هەرێم بۆ ئەوەیە سەرکردایەتی ئێستای سیاسی کورد خۆی قوتاربکات، لە رقو رەخنەی جەماوەرەکەی لە سەروبەندی هەڵبژاردندا».

لە یەکەم هەمووارکردنی یاسایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە کە لە (٢٠٠٨/١٠/٨) ئەنجامدرا مادەی (٢٣)ی بۆ زیادکرا کە دواتر لیژنەیەکی لێهاتەکایەوە کە بەلیژنەی مادەی (٢٣) ناسراو ئەرکی ئەم لیژنەیە کارکردن بوو بۆ دابەشکردنی پۆستە ئیداریو ئەمنیو گشتییەکان بە پۆستی پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو جێگری پارێزگا بەسەر نوێنەری پێکهاتە سەرەکییەکانیو کەرکوکو دیاریکردنی تەجاوزاتەکان لەسەر موڵکی گشتی لە دوای بەرواری (٩ ی نیسانی ٢٠٠٣) پێداچوونەوەو وردبینیکردنی تۆماری دانیشتووانی کەرکوک بە تۆماری دەنگدەرانەوەو دەبوو لیژنەی مادەی (٢٣) لە (٣١ ی ئازاری ٢٠٠٩)دا راپۆرتی خۆی پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران بکات، سەبارەت بەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتوونو لە دوای ئەوەی ئەو ماوەیە درێژکرایەوە لیژنەی ناوبراو راپۆرتی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران کرد، بەڵام بە رای محەمەد مەهدی بەیاتی ئەندامی تورکمانی ئەو لیژنەیە کاری لیژنەکەیان وەک سەرجەم لیژنەکانی پێشووتر سەبارەت بە کەرکوک شکستی هێناوەو لیژنەی مادەی (٢٣) نەیتوانیوە بگاتە دەرئەنجامێکی باش سەبارەت بەو کارانەی پێی سپێردرابوو بۆ چارەسەکردنی کێشەی کەرکوکو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا لەو شارەدا.

**«تێبینیمان لەسەر مادەکانی دەستووری هەرێم، زوو بەڕێکردنێتی نەک بیرۆکەکەی»**

چارەسەکردنی کێشەی کەرکوک لەنێوان دوو ئیرادەدایە یەکێکیان لیستی هاوپەیمانی کوردستانە کە دەیەوێت کەرکوک ببەستێتەوە بەهەرێمی کوردستانەوە، ئیرادەیەکی دیکەش کە عەرەبو تورکمانەکانو چەند لیستێکی سەرەکی ئەنجومەنی نوێنەران لە خۆدەگرێت، داوای پێچەوانەی ئیرادەی یەکەم دەکەنو دەیانەوێت کەرکوک وەک پارێزگایەکی عێراقی بمێنێتەوە. بەیاتی دەڵێت: «کێشەی کەرکوک چارەسەر ناکرێت تەنیا بە رێکەوتنی نێوان ئەم دوو ئیرادەیە یان تەنازولکردنی لایەنێکیان نەبێت بۆ ئەوەی دیکەو لەسەرەتای پێکهێنانی لیژنەی مادەی (٢٣) شدا هەمان رام هەبوو کە کێشەی کەرکوک بەو جۆرە لیژنانە چارەسەرناکرێت».

شکستهێنانی لیژنەی مادەی (٢٣) لە گەیشتن بە رێکەوتنێکی تەوافوقی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوکدا لە برگەی حەوتەمی مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا رێگەی بۆ داناوە کە لە باری شکستی ئەو لیژنەیە لە پێشکەشکردنی راپۆرت بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەرسێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە هاوکاری نێودەوڵەتی لەڕێگەی نەتەوە-یەکگرتوەکانەوە مەرجە شیاوەکانی هەڵبژاردنی کەرکوک دادەنێن، لەم دواییەدا دەنگۆی ئەوە هاتە ئاراوە کە حکومەتی عێراقی بە هۆی ئەو شکستەوە لیژنەی مادەی (٢٣)ی هەڵوەشاندووەتەوە، بەڵام محەمەد مەهدی بەیاتی دەرکردنی بڕیارێکی لەو جۆرە لەلایەن حکومەتەوە رەتدەکاتەوە، پێیوایە هەڵوەشاندنەوەی لیژنەکەی لە دەستی ئەنجومەنی نوێنەراندایە نەک ئەنجومەنی وەزیران، سەبارەت بە دوایین هەنگاوەکانیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکو ئەنجامدانی هەڵبژاردن تێیدا بەیاتی وتی: لەم رۆژانەی دواییدا چەند کۆبوونەوەیەک لەنێوان نوێنەری لیستە سەرەکیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجام درا، سەبارەت بە یاسای نوێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووی عێراقو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، دەرکەوت کە گەورەترین بەربەست لەبەردەم هەڵبژاردنی کەرکوکدا تۆماری دەنگدەرانە کە گومانی لێدەکرێتو زۆربەی لایەنەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هەڵبژاردنی کەرکوک لەڕێی مادەیەکەوە بخرێتە نێو یاسای هەڵبژاردنی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووی عێراقەوە.

یەکێک لەو رەخنانەی کە ئاڕاستەی سەرکردایەتی سیاسی کورد دەکرێت لە بەغدا لە مەسەلەی چارەسەر نەکردنی کێشەی کەرکوکدا ئەوەیە کە ئەدای سیاسی کورد لە مامەڵەکردنێکی دبلۆماتیانە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بێهێزبووەو کارێکی ئەو تۆی نەکردووە بۆ نزیکبوونەوە لەلایەنی عەرەبیو تورکمان کە دوو بەربەرستی سەرسەختی گەڕانەوەی کەرکوک بوون بۆ سەر هەرێمی کوردستانو بەیاتیش پشتیوانی لە ئاڕاستەی ئەو رەخنەیە دەکاتو پێیوایە ئەدای سیاسی کورد سەبارەت بە ناوچە کێشەدارەکان گەیشتووەتە ئاستێکی وا سلبی کە هاوەڵو هاوڕێکانیشی لەو ناوچانەدا لەدەستداوە کە چەندین ساڵ پێکەوە خەباتیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک کردووە «ئێمە نکوڵی لە نەهامەتیەکانی گەلی کورد ناکەین کە بەدرێژایی حوکمی رەشی بەعس قوربانیان داوە (٢٠٠٣) وپێویستە مافەکانی خۆی بەدەستبهێنێت، بەڵام دەکرا سەرکردایەتی کورد پێکەوە ژیان لە کەرکوکدا بێننە کایەوە، نەهێنانە کایەی ئەمەش لە سازش نەکردنی سەرکردایەتی سیاسی کوردبووە بۆ تەوافوقکردن لەسەر زۆر لە مەسەلەکانی تایبەت بە کەرکوکو هەموو ئیمتیازاتو داواکاریەکیش کە بەهێز بەدەست بکەوێت، دەتوێتەوەو نامێنێت وەک چۆن هەمان شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستکەوتەکان بەسەر حیزبی بەعسدا هات».

پێشنیازەکانی ستیڤان دیمستۆرا، نوێنەری پێشووی سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە-یەکگرتووەکان بۆ عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک وەک ئەڵتەرناتیڤێکی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق باسی لێوەدەکراو، ئەگەرچی ماوەیەک لەمەوبەر دیمستۆرا ئەو پێشنیازەی دایە سەرکردایەتی سیاسی کوردیو عێراقی، بەڵام تائێستا دەرئەنجامی ئەو پێشنیازەو ئاستی قبوڵکردنی لایەنەکانی دیارنییە.

بەیاتی پەرلەمانتار بێئەنجامبوونی ئەو پێشنیازانەی دیستمۆرا دەبەستێتەوە بە تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمو ئاماژە بەوە دەکات کە نارەزایی نێودەوڵەتی لێکەوتووەتەوە، بەڵام ئەوەی رەتکردەوە کە تێبینی ئەوان وەک لایەنە عێراقیەکان لەسەر دەستوور لەسەر خودی بنەمای بوونی دەستوورێک بێت بۆ هەرێمو ئاشکرایکرد کە ئەوان لە دژی بیرۆکەی دەستووری هەرێم نین، کێشەیان لەسەر هەندێک لە لە مادەکانی هەیە بەتایبەت دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمو دەستووری فیدراڵی رێیداوە بەوەی هەرێمەکان دەستووریان هەبێت، بەڵام هەر دەستوورێک یان هەر مادەیەکی دەستووری هەرێم دژ بەو دەستوورە فیدراڵیە بێت، ئەو دەستوورە بەتاڵ دەکاتەوەو بەهای یاسایی نابێتو وتیشی: «ئێمە پێمانوایە کە نوسینەوەی دەستوور لەم کاتەداو تێپەڕاندنی بە خێرایی لە بەرژەوەندی خودی گەلی کوردا نییە، بەو پێیەی دەستوورەکە دواکەوتووەو تێپەڕاندنیشی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بوو لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە کاتێک درکیان بەوەکرد کە رقو نارازیبوونێکی جەماوەری زۆر هەیە لەلایەن هاوڵاتییانەوە لە دژیان».


محەمەد مەهدی بەیاتی

# ئێران پێشنیازی نوێ دەداتە خۆرئاوا

**جەمال ئیختیار**

لە چوارچێوەی دانوستانەکانی ئێران لەگەڵ خۆرئاوا لەسەر مەسەلە ئەتۆمیەکەی ئەو وڵاتە، تاران کۆمەڵێک پێشنیازی نوێ دەداتە خۆرئاواو پێشنیازەکانیش مەسەلەی سیاسی، ئاسایشو پەیوەندی نێودەوڵەتی لەخۆدەگرن.

ئاژانسی هەواڵی رۆیتێرز بڵاویکردەوە کە مەنوچەهر موتەکی رایگەیاندووە، ئێران بەستەیەک پێشنیازی تازە دەداتە خۆرئاوا کە «دەتوانێت بنەمایەکی باش بێت» بۆ وتوویژ لەگەڵ ئەوروپاو ئەمریکاو پێشنیازەکانی ئێران نیگەرانیەکانی ئەو وڵاتە لەمەڕ مەسەلە سیاسیو ئاسایشو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەخۆ دەگرن.

پێش ئەوەی ئێران ئەو پێشنیازانە بخاتەڕوو، گرووپی هەشت وڵاتی پیشەسازی جیهان لە کۆبوونەوەکانیاندا مەسەلەی ئەتۆمی ئێرانیان خستبووە بەرباسو سەرۆک کۆماری فەرەنسا نیکۆلا سارکۆزی رایگەیاندبوو کە هەشت وڵاتی پێشەسازی سەرەکیو زلهێزی جیهان تا مانگی ئەیلول موڵەت دەدەنە ئێران بۆ ئەوەی دانوستان لەسەر مەسەلە ئەتۆمیەکەی قبوڵ بکات، بەپێچەوانەوە رووبەڕووی زنجیرە گەمارۆیەکی نوێو توند دەبێتەوە.

لە یەکەمین کاردانەوەیدا بەرامبەر قسەکانی سارکۆزی، وەزیری دەرەوەی ئێران، مەنوچەهر موتەکی دووپاتیکردەوە؛ «وڵاتەکەی هیچ جۆرە پێشنیازێکی لە کۆبوونەوەکەی گرووپی هەشت پێنەگەیشتووە، بەڵام بە پێی ئەو هەواڵانەی وەریان گرتووە گرووپی هەشت راو سەرنجی جیاوازی لەسەر مەسەلە جیاوازەکان هەبووە کە نەگەیشتوونەتە رێکەوتنێکی دیاریکراو لەسەریان».

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هیچ کاردانەوەیەکی خێرای بۆ قسەکانی موتەکی نەبووە، بەریتانیاش رایگەیاندووە لەبەر ئەوەی پێشنیازەکانی ئێران لەژێر ئامادەکاریدان ئەوان ناتوانن‌و هیچ هەڵوێستێک وەرناگرن، ئەو مەسەلەیە دەخەنە دواتر.

رۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتەر دەنوسێت: هەڵوێستی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێراندا توندتر بووە، ئۆباما سەرۆکی ئەو وڵاتە هۆشداری داوەتە تاران کە خۆرئاوا تا مانگی ئەیلول زیاتر لەسەر ئێران راناوەستێ بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە چوارچێوەیەکی هاوکاری لەسەر مەسەلە ئەتۆمیەکەی ئەو وڵاتەو ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لەسەر ملنەدان بە داواکاریەکانی بەوتەی ئۆباما «کۆمەڵی نێودەوڵەتی»، ئێران رووبەڕووی هەڵوێستی نوێو توند دەبێتەوە، چیتر رێگەی پێنادرێت لەسەر سیاسەتی ئێستای خۆی بەردەوام بێت.

هەڵوێستەکانی ئۆباما دوای ئەوە دێت کە مانگرتن‌و نارەزاییەکان لەدوای هەڵبژاردنە گوماناویەکەی مانگی رابردووی ئێران، جاریکی دیکە رودەکەنەوە شەقامەکانی تاران‌و هاوکات ئەو مۆڵەتە کورتەی خۆرئاوا دوا بەدوای هەڕەشەی ئیسرائیل دێت کە لەم دواییەدا هەڕەشەی کردبوو بنکە ئەتۆمیەکانی ئێران بۆمباران بکات، ئەو هەڕەشانەو کاردانەوەکانی ئێران کۆمەڵێک مەترسی تازەیان لە ناوچەکەدا دروستکردووە.

لەگەڵ ئەوەدا کە گرووپی هەشت مۆڵەتێکی کورت‌و تازەی لەسەر مەسەلە ئەتۆمیەکەی داوە بە ئێران، تێکشکاندنی نارەزاییەکانی ئەم دواییەشی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە ئیدانە کردووەو داوا لە تاران دەکات کە بەربەستەکانی بەردەم میدیاکان هەڵبگرێت.

پێشنیازکردنی ئەو مۆڵەتە کورتە بە ئاشکرا دەربڕینی توندتر بوونی هەڵوێستی ئەمریکایە لە بەرامبەر ئێرانداو ئۆباماش رایگەیاندووە؛ ئەگەرچی لایەنگری گفتوگۆیە لەگەڵ ئێران، بەڵام چیتر نایەوێت لە بەرامبەر ئێراندا دەستەوستان بێت.

چاودێران پێیانوایە رووداوەکانی ئێران دەرفەتی ئەوە دەدەن بە ئەمریکای ئۆباما کە وڵاتانی ئەوروپا بەدوای خۆیدا رابکێشت بۆ رۆشتن‌و توندترکردنی گەمارۆکانی ئێستا لەسەر تاران.

لەگەڵ ئەوەدا کە وڵاتە زلهێزەکانی خۆرئاوا لە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی نوێ لەگەڵ خولیا ئەتۆمیەکانی ئێرانن، وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش ئەو هەوڵانە بە مەترسی دەزانن بۆ سەر خۆیان‌و ئیسرائیل خاوەنی نیگەرانی تایبەتی خۆیەتیو لەو چوارچێوەیەدا، هەروەها دەوڵەتی عەرەبستانی سعودی رایگەیاندووە کە پێشکەوتنە ئەتۆمیەکانی ئێران کاردانەوەی نیگەتیڤی لەسەر سەقامگیریو ئاسایشی ناوچەکە دەبێت، لەوانەیە کە زنجیرەیەکی نوێ لە کێبەرکێی چەکسازی لە ناوچەکەدا دروستبکات.

ئاگایانی سیاسی پێیانوایە لەکاتێکدا ئەمریکا بەهۆی ئەوەی لە عێراق، ئەفغانستان‌و شوێنەکانی دیکە لە شەڕدایە، دەسەڵاتدارانی ئێران بەو جۆرە مامەڵە کردنەیان دەیانەوێت کاتی زیاتر بکڕن‌و رۆژبەڕۆژ بەرنامە ئەتۆمیەکەیان زیاتر بەرەو پێش ببەن.

# دەستووری هەرێم یان بەرداشی دوو حیزبەکە.؟



عەلی فەتاح مەجید

دەستوور لە هەر پێگەو کۆمەڵگەو تەنانەت گـروپ یـان هـەر کایەیەکی دیـکـەی ژیانی مرۆڤدا ئەگەر بەشێوەیەکی گشتگیرو دوور لە دەستێوەردان‌و قۆستنەوەی نا بەرپرسانە بۆ گروپ‌و لایەن‌و بنەماڵەو کەسێکی دیاریکراو دابڕێژرێت دەکرێت لەهەر کۆمەڵگەیەکدا زۆرترین پشتی پێببەسترێت‌و ببێتە پشت‌و پەناو جێی ئومێدی بێدەسەڵات‌و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە، بەڵام ئەگەر ئەم دەستوورە بەپێچەوانەی ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوەبێت‌و لەبەر خاترو پشتیوانی گروپێک یان چەند کەس‌و بنەماڵەیەک دابڕێژرێت ئەوا دەبێتەهۆی خولقاندن‌و ڕوودانی مەترسی گـەورە بە ئاراستەی ژێرپێخستنی مافەکانی خەڵک، بێگومان وەک ئەوەی لە بەناو دەستوورە پەلە لێکراوەکەی هەرێمدا هەیە.!

## نەبوونی دەستوور لە هەرێمی کوردستان.!

ئێستا لە کوردستاندا شتێک هەیە بە زمانە تەقلیدیەکەی حیزب پێیدەڵێن (دەستوور) ئەم دەستوورە لە واتا گشتگیرەکەیدا بە دایکی یاساکان ناودەبرێت‌و وڵاتانی پێشکەوتوو کراوە زۆرترین گرنگی پێدەدەن، یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی زۆرینەی ئەو مەینەتیانەی لەدوای ڕاپەڕینەوە بەسەر ئەم میللەتەدا هات نەبوونی (دەستوور) بوو، بەڵام چۆن دەستوورێک.؟ دیارە دەستوورێک کە ڕێگربوایە لە ڕوودانـی (شەڕی ناوخۆ) کە دواجـار بە بانگەشەو میوانداریکردنی ڕژێمی سەدام شکایەوە بۆ لەناوبردنی یەکێک لە هێزە سیاسییەکان، دەستوورێک کە سنوورێکی بۆ ئەو هەموو نا عەدالەتیە دابنایە کە ڕۆژانە لەم وڵاتەدا گوزەردەکات، دەستوورێک کە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی بەجۆرێکی وا دابڕشتایە کە دەسـەڵات ناچار بکات گوێ لە نارەزایی‌و داواکارییەکانی خەڵک بگرێت، لانیکەمی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابینبکات، دەسـتـوورێـک کـەوا لە دەسـەڵات بکات بیر لە داهـاتـووی لاوەکـانـی بکاتەوەو لەخەمی چارەسەرکردنی گرفتە دەروونـی‌و کۆمەڵایەتییەکانیاندا بێت، دەستوورێک کە بتوانێت تامکردنی مانا جوانەکانی ژیان لە ماڵ‌و ئۆفیس‌و ڤێلای باڵادەستەکانەوە بەجۆرێکی وا فراوانبکات کە خەڵکی ئاساییش بتوانن تامی بکەن، دەستوورێک کە بتوانێت لە ئاستی پێداویستی دۆخە سیاسییەکاندا بێت بەوجۆرەی کە ڕێی نەدایە ئەو هەڵە سیاسییە گەورانە ڕوویدات کە کورد (شێروخەت) لەسەر ماف‌و خاک‌و هاوڵاتیانی زیاتر لە سێیەکی هەرێمەکەی بکات‌و بیخاتە بەر ڕەحمەتی شێروخەتی دوژمنەکانیەوە وەک ئەوەی کە لەمادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقیدا هەیە، کەواتە گوزەرکردنی هەژدە ساڵی ڕابردوومان بە دۆخە ناهەموارە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکاندا لە غیابی دەستووردا بووە، یان ڕوونتر بڵێین ئەگەر دەستوورێکی گشتگیرو پڕواتا هەبوایە حیزبە باڵادەستەکان نەیاندەتوانی بەوجۆرە بێخەمبن لە ئاستی داواکاری‌و پێداویستییەکانی خەڵکداو کایە سیاسییە گەورەکانیان لەپێناو بەرژەوەندی مادی حیزب‌و مانەوەی خۆیان لەسەر کورسییەکانی دەسـەڵات فـەرامـۆش‌و بێبایەخ نـەدەکـرد، ئەگەر دەستوورێک هەبوایە تیایدا سەرجەم دەسەڵاتەکانی (پەرلەمان‌و حکومەت‌و دادگاکان)ی بخستبایە ژێر میکرۆسکۆبی چاودێری (داواکاری گشتی)ەوە ئێمە دەمانتوانی وەک میللەت کەمێک لە ئێستا ئاسودەو پڕ هیواتر بژینایە.

## دەستووری هەرێمی کوردستان.!

ئـەوەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیەو پێیدەوترێت دەستوور یان دەستووری پەرلەمانی وادە بەسەرچوو شتێک نییە کە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە نەک ئـازاد بکات، بەڵکو تەنیا لە کەلەپچەو کۆت‌و بەندی کۆیلایەتیان دەربازبکات، شتێک نییە نەک پەرە بە ڕووە دیموکراسی‌و مەدەنییەکانی ئـەم کۆمەڵگەیە بـدات، بەڵکو پاشەکشە بەو هامشی دیموکراسی‌و ئازادیە دەکات بۆ سەردەمی کۆیلایەتی، چی هەیە لەوە زیاتر جێگای پێکەنین بێت کە دەستوورێک تەنیا بۆ خاتری کەسێک هەمواربکرێت، چی لەوەزیاتر جێگای سەرسوڕمانە کە پەرلەمانێک لەپاش وادەو شەرعیەتی دەسەڵاتی، قسە لەسەر پرۆژەیەکی وەها چارەنووسسازبکات‌و لە (کون فە یەکونێکدا) بێئەوەی کە تەنانەت زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانیش ئاگاداری وردەکارییەکانی بن پرۆژەیەکی وەها هەستیار بێهەستکردن بە مەسئولیەت هەموار بکات.؟ دەبێت پەرلەمانە فول نەخۆشەکەی ئێمە لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا جگە لە هەمواركردنی چەند یاسایەکی بێتامی وەک (قەدەغەکردنی جگەرەکێشان، مووچەی پەرلەمانتاران، مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتار بە لە (٪١٠٠)ی مووچەکەی) چیتری کردبێت.؟ بۆچی‌و لەپێناوی چیدا لە (کاتی زیادکراو)دا ئەم دەستوورە هەموار دەکات؟ چ گرنگی‌و نهێنییەکی تیادایە کە ئەم پرۆژەیە نەدرێتە دەست پەرلەمانی داهاتوو؟

## دەستووری هەرێم
## یان پرۆژەی دروستکردنی بەتەڵ؟

لەماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوودا کوردستان بووەتە مەیدانی نمایشی «بەتەڵەکان» ئێستا بەتەڵەکانی شەڕی براکوژی قارەمان‌و بەتەڵی ئاشتی‌و برایەتین، گرفتەکە لەوەدایە «بەتەڵ» لە هاوکێشەی سیاسی‌و پێکەوە ژیانی برایەتیدا نابێت هەبێت، ئەوە کوردستانە ماوەی هەژدە ساڵە دەیەوێت لە دەست سیاسەتی دیماگۆگیانەی بەتەڵەکان ڕابکات، ئەوە مرۆڤی کوردە هەژدە ساڵە تەپوتۆزی ئۆتۆمبێل‌و مۆنیکا درعەکانی بەتەڵەکان هەڵدەمژێت، ئـەوە گەنجی کـوردە سیاسەتی بەتەڵەکان وا دەکات کە پاش تەواوکردنی خوێندن دانامەزرێن، ئەوە بەتەڵەکانن کە خۆیان نەبێت کەس نازانێت بودجەو دارایـی هەرێم چەندەو چۆن‌و لە چیدا سەرفدەکرێت، ئەوە کرێنشینەکانی کوردستانن هەژدەساڵە چاویان لە باخچەو ڤێللای بەتەڵەکانەو جگەرەی بەلاوە دەکێشن، گرفتی ئەم بەناو دەستوورەی ئێمە ئەوەیە لەجیاتی ئەوەی کوردستان بکاتە وڵاتێکی دامەزراوەیی دێت لە دەستووردا هێزی یاساو بەتەڵەکانی دیکە لە تەنیا بەتەلێکدا کۆدەکاتەوە، واتا لەبری ئەوەی کە کوردستان لە بەتەڵەکان بسێنێتەوە دەیکاتە موڵکی تەنیا بەتەلێک کە جەنابی سەرۆکە.

## دەستاڕی دوو حیزبەکە.!

لـەدوای تۆمارکردنی سەروەرییەکانی ڕاپـەڕیـنـەوە بـە پاڵپشتی کۆمەڵانی خەڵک سەروەرییەکانی شۆڕش بووە ئەو دەستاڕەی کە لەڕێی بەرداشەکانیەوە زۆرینەی ئازادییەکانی مرۆڤی کوردی ڕۆژانـە پێدەهاڕدرێت، پرۆژە هەمەجۆرەکانی حیزب هەرلە قۆرخکرنی دەسەڵاتی وڵاتـەوە تا بە کۆیلەکردنی سەرجەم چین‌و توێژەکان لە ڕێی ڕێکخراوە بەناو جەماوەری‌و دیموکراتییەکانی حیزبەوە بووە بەرداشی ڕۆژانە بوارنادەن کە هیچ مرۆڤێکی کورد لە دەرەوەی چوارچێوەی حیزب بیر لە ژیان بکاتەوە، ئەگەر لە ڕابردوودا دەستوورێکی پڕماناو گشتگیرمان هەبوایە نەدەبوو ئەم میللەتە ڕۆژانـە لە ژێر چاودێری‌و هەیمەنەو پەروەردەی حیزبدا دوور لە مافی هاوڵاتیبوون‌و مافە مەدەنیەکانی بژی، بەڵام ئەوەی لە ئێستاداو لەو پرۆژە شەرعیەت لاوازەی پەرلەمانی ماوە بەسەرچوودا دەیبینین نەک دەستووری هەرێم نییە، لە خزمەتی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمدا نییە، بەڵکو بەرداش‌و دەستاڕەکەی حیزبە لەژێر ناوی دەستووردا، هەمان ئەو پەرەگرافانەیە کە ڕۆژانە لە میدیاو پیاوەکانی حیزبەوە دەیبیستین، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە جاران سەروەری‌و بودجەو دەسەڵاتەکان لەنێوان هەردوو حیزبدا وەک برا بەیەکسانی‌و بەبێ جیاوازی دابەشدەکرا وەک چۆن هـەردوو سـەرۆک (٥٠ بـە٥٠) قفڵی هەناردەکردنی نەوتی کوردستانیان کردەوە، بەڵام ئەم دەستوورە نەک (٥٠ بە٥٠) لەخزمەتی هەردوو حیزبدا نییە، بەڵکو لەناو تەنیا حیزبێکیشیاندا لە بەرژەوەندی سەرۆک‌و خێزانەکەی داڕێژراوە، بۆیە جێگای شانازیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەم کاتەدا هەڵوێست لەدژی وەردەگرن.!

alialifatah@yahoo.com

# ڕۆژمێری هەڵبژاردن



سەردار قادر

بـە گـەڕانـەوە بۆ ساتەوەختی ڕاپەڕین، دێـتـەوە یـادمـان ڕۆژمـێـری ڕاپـەڕیـن، هەر ڕۆژەی شارێک، شـارۆچـکـەیـەک ڕزگـارـدەکـراو بەپێویستی خۆمان ڕۆژمێرێک دروستبوو بۆ ڕاپەڕین...

بە گەڕانەوە بۆ ڕۆژگـاری ئەنفال، دێتەوە یادمان ڕۆژمێری ئەنفال، هەر ڕۆژەی ناوچەیەک‌و چەند دێیەک ئەنفالدەکراو وێراندەکراو خەڵکی ناوچەکە بێسەرو شوێندەکرا...

بە کات ڕۆیشتنی ئەم هەڵبژاردنە، دەبێتە یادوەری بۆمان، هەر ڕۆژەی شارێک بانگەشە دەستپێدەکات، هەر ڕۆژەی کۆبوونەوەیەک‌و لێشاوی خەڵکە بەرەو شوێنێک دەڕوات، هەر ڕۆژەی مانشێتێک‌و هەواڵێک...

هەمووی ڕۆژمێریکەو لە یادەوەریماندا دەمێنێت....

کام یادەوەرییە؟؟

ئەنفال چی بۆ بە جێهێشتین؟

کۆمەڵێک ئـازارو ونبوونی کەسەکانمان، وێرانبوونی دێکانمان، ڕۆیشتن بەرەو سنوورو گیرسانەوەمان لەو دیو سنوور...

منی هاوڵاتی ئەم ڕۆژمێرە دەنووسمەوە لە لای خۆم، منی هاوڵاتی پرسیار دەکەم‌و جێگەی وەڵام بە بۆشایی بەجێدێڵم‌و لە داهاتوودا هەوڵدەدەم وەڵامەکانم دەستکەوێت...

یادوەریی هەڵبژاردن بۆ من:

ساڵ (١٩٨٥) بوو لەسەر نەچوون بۆ جەیشی شەعبیی خوێندکاران لە دوا قۆناغی خوێندنی زانکۆ فەسڵکرام، ئەو کات لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی هێڵی موسڵ بووم، بەرەو شاخ ڕۆیشتم‌و بوومە پێشمەرگە، لە ساڵی (١٩٨٠)وە بووبوومە ئەندامی کۆمەڵەو یەکێتی، بـەردەوام بووم تا دوای ئەنفال، بە بڕیارێک فەسڵەکان وەرگیرانەوەو گەڕامەوە بۆ خوێندن تەواوکردن‌و بەردوامیش کاری ڕێکخستن‌و شانەچەکدارەکانی شاڵاویشم دەکرد...

ساڵ (٢٠٠٩)یـە: بیمەی پێشمەرگایەتیم لە پلەی مقدەمەوە دەکرێتە سەرباز!!! لەبەرئەوەی من لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا گۆشەیەکم هەبوو، جارجارە دەنووسم‌و بە هەواداری لیستی گۆڕان ناوزەد دەکرێم!!!

ئەم حاڵەتە تەنیا نموونەیەکە لە زۆرینەیەک لە برادەرەکان کە لەوساتەوەختەدا لە ڕۆژمێرەکەدا پێکەوەبووین.

ئەمەیە قەدەرمان تەنانەت زوڵم لە مێژوومان دەکەن؟؟؟

شوێن، شەقامی سەهۆڵەکەیە لە سلێمانی:

لێشاوی سەیارەکان دێن‌و دەڕۆن بانگەشە دەکـەن بۆ لیستی گـۆڕان!!! ئـەوە شەقامی کوردییە، ئـەوە شەقامی کوردییە بەهەموو ئازارو گرفتەکانیەوە، دەکرێت ئەو هەڵوێستی شەقامە چاکتر تەعبیری لێبکرێت‌و نەبێتە بێزاری بۆ کەس‌و بکرێنە داهێنانی نوێ لە بانگەشە...

لـە ئێستادا هـەمـوو لیستەکان وێنەی سەرۆک‌و کەسی یەکەم بەرزدەکەنەوە، هەموو دەنگەکان لە یەکدەچن‌و بەهەمان ڕیتم بانگەشە دەکەن، هەمان ئسلوبی ساڵی (١٩٩٢)ە، جیاوازی کامەیە؟؟

لێپرسراوەکانی دەسەڵات:

هەموو پێدەکەنن، ماچ دەبەخشنەوە، دەچنە ماڵە هەژارەکان، پارە دەبەخشنەوە، ڕەخنە قبووڵدەکەن، شار ئاوەدان دەکەنەوە، پەیمان دەدەن کە ئیتر وڵاتمان نوێبکەنەوە...

ئەوەی باوەڕی بە پرۆژەی ئەوان نەبێت، ئەوە چقڵەو دەبێت فڕێ بدرێت، هەر خۆیانن ئەمانکەنە خۆفرۆش‌و لە بەرەی میللەت لامان دەبەن...

چاوەڕوانین، ئەم ڕۆژمێرە لە داهاتوودا چی دەگرێتە خۆ؟؟

کێن ئەوانەی ئەم ڕۆژمێرە دەنووسنەوەو لەیادیاندەمێنێت؟؟

هەر کەسە بێناوەکانن... بێپشت‌و پەناکانن... ئەو گەنجانە لایان دەمێنێت کە بەرەو هەندەران کۆچ دەکەن...

# وریابن، هەڵەکان دووبارە دەبنەوە

ئازاد حەمە فەرەج

هەڵبژاردن‌و تـازەکـردنـەوەی هەیکەلیەی بەڕێوەبردنی دامودەزگا حکومی‌و سیاسیەکانی لە وڵات یان هەر یەکەیەکی بەڕێوەبردنە، تێپەڕاندنی پرۆسەی هەڵبژاردن‌و دابینکردنی کەشێکی ئارام تیادیا گرنگە بەتایبەت بۆ کیانە سیاسیەکان، بەڵام ئەوەی بۆ پەبلیک گرنگە ئەنجامەکەیەتی.

خەڵکی کوردستان دەبێت ئاگاداربن کە بەشەڕە پەڕۆو شەڕی حیزب‌و کیانە سیاسیەکان هەستی خۆیان دەرنەبڕن، مێژوو گەواهی دەری ئەو ڕاستیەیە ئـەوەی لە ساڵانی پێشوو یان هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بینیمان زەمەنی یەکەم چینی زۆرینەو کەم دەرامەت‌و کەم دەسەڵات بوو. هەردوو سەرۆک، خودانی‌و هۆکاری سەرەکی کێشەکە بوون بە بەرچاوی هەموومان‌و هەموو جیهان بەیداخی سپیان هەڵکردو بێتاوانی خۆیان ڕاگەیاند.

لەئێستاشدا ئەگەر شەڕو ئاژاوەیەکی ناوخۆ دروست ببێت هەرچیینە بێئاگاکەیە بە گژ یەکدا دەچن‌و شیرو تیر لەیەک دەسوون‌و دەسەڵات بە گەورەکان دەبەخشن، لە پاداشتیشدا نەک تەنیا خزمەتگوزاری گشتی، بەڵکو ئەگەر باڵەخانەیەکی تایبەتی کە موڵکی حیزبە بە هەوراندا چووبێت، دەیکەنە منەت‌و دەیدەنەوە بە چاوماندا، گوایە سیمای شاریان جوان کردووە!

دەکرێت ئێمە لێرەدا چەند پرسیارێک ئاڕاستەی کیانە سیاسیەکان‌و بەرپرسانی حکومەت بکەین، ئایا ئامادەکاری لـەڕووی ئاسایش‌و هۆشیارکردنەوەی خەڵک تا چەند کراوە؟ واتە ئایا هیچ کیانێکی سیاسی بەڵێنی ئەوەمان پێدەدات کە ئەگەر سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ئەوانەی ئـاژاوە دروسـت دەکـەن‌و پشێوی دەنێنەوە سزابدەن؟ یان تەنیا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان لا مەبەستە، ئایا تا چەند ئەو لیژنەیە بۆ ڕاگرتنی ئارامی شار پێکهێنراوە لیژنەیەکی بێلایەن؟ کیانە سیاسیەکان چ بەلێنێکیان تا چەند ئاگاداری بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلی کوردن‌و لەپێناو چەند دەنگێکدا؟ یان حکومەت چەندە بەلایەوە گرنگە ڕەوشی هەڵبژاردنەکان بە ئارامی ڕابگرێت‌و کار بۆ لیستێکی دیاریکراو نەکات، ڕێگە نەدات لیستێکی تایبەت حکومەت بۆ پروپاگەندە بچووک بکاتەوە؟ ئایا لیست‌و کیانە سیاسیەکان لەئێستادا چەندە بەخەمی کێشەکانی کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکانەوەن؟ ئایا هەڵبژاردن کەرکوکی لە بیر هەموو لایەک نەبردووەتەوە؟ یان حکومەت‌و وەزارەتی تەندروستی چەندە بە خەمی پاراستنی ڕەوشـی تەندروستی هەرێمەوەیە لەکاتێکدا بڕیارە سەدان چاودێری بیانی بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان بێنە هەرێمەوە؟

بـەڕای من لیستەکان بۆ ئـەوەی بەرنامەو کاریان بخەنەڕوو باشترە باس لە ئایندە بکەن‌و ڕابردوو گەورە نەکەن، ئەو ڕابردووەی سەرەڕای سەروەریەکان پڕە لە خیانەت‌و نوشستی، بۆیە دڵنیابن کە وشیاریەک دروسـت بـووە کە بە دڵسۆزی‌و خزمەتگوزاریەکانتان دەتان ناسنەوە، نەک بە گەورەکردنی ڕابردووتان‌و پاوانکردنی سەروەریەکانی گەلەکەمان‌و بەڵێنە گەورەکانتان بۆ داهاتوو، کورد لە مێژە وتویەتی: «بەردی مەزن نیشانەی نەهاویشتنیەتی».

ڕەنگە لەم هەڵبژاردنەدا بەرنامەو لیست‌و کیانی سیاسی جۆربەجۆر ببینین، بەڵام ئەوە هۆشیاری گەلە کـەوا دەکـات کە ڕێگە نەدات لیستەکان بەڵێن‌و بەرنامەکانیان بیربچێتەوە، پاش هەڵبژاردن هەموو پرۆژەکان ببنە مەرەکبی سەر کاغەز.

# بەباڵەخانەو کۆمپانیاکاندا بیانناسنەوە

**ئارام حەمەئەمین**

بانگەشەی هەڵبژاردن ئەو موجادەلەیەی زۆرێک لەو کەسە حزبییانەی بڕی لەکاتێکدا ژووره فراوانەکانی حزبیان بەکۆمپانیا دەشوبهاند، سێ ساڵ لەمەوبەر لەیەکێک لەمیدیا ئەهلییەکاندا باس لەوەکرا کە حزب ئیحتیکاری بازاڕی کردووە و تەواوی ئەو پرۆژەو تەندەرانەی کە دەردەچن یان بۆ کۆمپانیاکانی حزبن یان ئەوەتا ڕاستەوخۆ دەدرێت بەوان، یان زۆرجار لەگفتوگۆکاندا دەوترا فلان کۆمپانیا هی فلان بەرپرسە، ئەم گفتوگۆیانە یان باشتر بڵێین ئەم موجادەلانە تەمەنیان کورتدەبوو، چونکە زۆرجار هاوڵاتییەکی ئاسایی ئەوەندەی زانیاری لانەبوو تابزانێت کام باڵەخانە لەهەموویان بەرزترە خاوەنەکەی بەرپرسێکە یان چ بەرپرسێک لەپشت ئەو باڵەخانە بەرزانەوەیە یان کام کۆمپانیا هی ئەو دوو حزبەیە. لەگەڵ ئەوەدام حزب خۆی بژێنێت ئەویش بەوەی کۆمپانیای هەبێت یان بیر لەوەبکاتەوە پشت بەدارایی خۆی ببەستێت نەک سامانی گشتی و دەوڵەت بکاتە خۆژێنی خۆی، بەڵام بەداخەوە ئەم دوو حزبەی ئێمە جگە لەوەی پارەی گشتی دەبەن و بەشێکی دارایی دەوڵەتیان لەپشتە، لەڕێگەی کۆمپانیاکانیشیانەوە ئیحتیکاری بازاڕ دەکەن.

پەلهاویشتنی ئەم باسە زۆر زیاتر دەخایەنێت، بەڵام کورتکردنەوەی لەمکاتەدا دەمباتەوە بۆئەو ڕێگایەی کە ئەو موجادەلانەی پێشتر دەکران ئێستا زۆر بەسادەو ساکاری هاتوونەتە پێش، کاتێک بەبەردەم بەشێکی زۆری باڵەخانەو هۆتێلە چەند نهۆمی و کۆمپانیاکاندا تێپەڕدەبیت، فلێکسی ٣مەتر بە ٤مەتریان بەبیناکانیاندا شۆڕکردووەتەوە یان بەردەمو دیواری کۆمپانیاکان بە پۆستەری لیستی کوردستانی ڕازێنراوەتەوە، پرسیار ئەوەیە بۆ زۆربەی ئەو خاوەن کۆمپانیاو دەوڵەمەندو خاوەن تەلارانە بوون بەلایەنگرو دۆستی لیستی کوردستانیو دوکاندارەکانی نێو بازاڕ و کوچە و کۆڵانەکان لیستەکانی دیکە، ئەمە ئەو نهێنییەیە کە خۆیان سادەو ساکار ئاشکرایان کرد و ئیتر ناتوانن خۆیانی لێدەربازبکەن کە ئیحتیکاری بازاڕیان کردووە و باڵەخانەو کۆمپانیاکان لەم بانگەشەی هەڵبژردنەدا هەموو ئەو ئەگەرانەی ڕەواندەوە کە دەمێک بوو دەیانوت فلان بینا هی فلان مەسئولەو فلان کۆمپانیا هی فیسار مەسئولە، تەنانەت گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی ئەوەی بیەوێت دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە بناسێتەوە با بەنێو شەقامی شارەکانی هەرێمدا هاتوچۆ بکات و سەرێک بەرزکاتەوە و ئەو لافیتەو فلێکسانە سەیربکات کە شۆڕکراونەتەوە و هێمان بۆ لیستی کوردستانی و جارجارەش سەرێک دانەوێنێت و ئەو کۆمپانیایانە ببینێت کە بەدیوار و دەرگاکانیانەوە وێنەی مەسعود بارزانی و پۆستەری لیستی کوردستانی هەڵواسراون.

# سەرهەڵدانی ڕەوتی گۆڕان لە کوردستانو دابەزینی ڕێژەی خۆکوژیی ئەنۆمیک



**ئاسۆ ئەمین**

خوێنەری بەڕێز، ئێمە ئەم نووسینەمان بەرهەمهێناوە لەڕێگەی تێبینیکردنی گشت میدیاکانی ڕاگەیاندنی کوردستانو بەسەرنجدانو گفتگۆی بەردەوام لەگەڵ خەڵکی لە ئاستو توێژی جیاجیادا.

هەرچەندە دوای هەوڵدانێکی زۆر لەوەی ویستم جیاوازی ڕێژەیەک لە کردەی خۆکوژیی ئەنۆمیک لە ڕێگەی داتاوە بخەمەڕوو، بەڵام بەداخەوە دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان هیچ هاریکارییەکیان نەکردم تەنیادەستی دەستی نەبێت، وەک جۆرێک لەخۆدزینەوە.

لەم نوسینەدا باس لە فینۆمینێکی نێگەتیڤی کۆمەڵگەی کوردی دەکەین، فینۆمینێک کە هەڕەشەیە لەبەردەم لەناوچوونی کۆمەڵگە، بەتایبەتی توێژی لاوان، ئەو فینۆمینەش کردەی خۆکوژییە (suicide).

بێگومان ئەم کردەیە ڕاستە تاک پێی هەڵدەستێت، بەڵام هەموو هۆکارو زەمینە سازبوونێکی پێویستی پێش هەستان بەم کارە لە کۆمەڵگەوەیەو کۆمەڵگە لێی بەرپرسە.

ئێمە لە سۆسیۆلۆجیادا چوار جۆر کردەی خۆکوژیمان هەیە کە ئەوانیش خۆکوژیی زاتـی(egoistic)، خۆکوژیی غـەیـری (altruistic)، خۆکوژیی لامیعیاری(anomic)، خۆکوژیی توند (fatalistic)ە. لێرە بوارمان نییە باس لە هەر چوار جۆرەکەی کردەی خۆکوژیی بکەینو هۆکارو جیاوازی ڕێژەی ڕوودانیان دەستنیشان بکەین، بەڵکو تەنیا لەو جۆرەیان دەدوێین کە ڕاستەوخۆ دەبینرێتو هەستیپێدەکرێت، لە کۆمەڵگەی کوردیداو ئێمە وەکو توێژەرێک ڕۆژانە ئاگامان لێیەتیو خەریکی ئەوەین بزانین بەرەو کوێ دەچێت.

ئەو جۆرە کردەی خۆکوژییەی کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیەو دەبینرێت جـۆری ئەنۆمیکە، واتـە خۆکوژیی لامیعیاری. هـەردوو سۆسیۆلۆجیست دۆرکهایمو ڕامێت کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەمجۆرە کاتێک ڕوودەدات کە یاساو ڕێسایەک نەبێت بەشێوازێکی ڕێکوپێک کە کۆمەڵگە بەڕێوەبباتو فەوزای سیاسیو کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا هەبێت، یاسا کۆنەکان لە کەڵک کەوتبنو یاسا تازەکانیش کاریان پێنەکرێت.

ئـەوەی کە زۆر گرنگەو ئەم دوو زانایە باسیانلێوەکردووەو ڕاستەوخۆش پەیوەستە بە کۆمەڵگەی ئێمەوە، ئەوەیکە ئەمجۆرە لە کردەی خۆکوژیی هەندێکجار بەهۆی بوژاندنەوەی گەورەی ئابووری کۆمەڵگەوە ڕوودەدات، سامانو سەروەت زۆر دەبێت لە کۆمەڵگەدا. ئێمەش ئەگەر سەیری دوای پرۆسەی ئازادیی بکەین، بوژاندنەوەیەکی گـەورەی ئابووری هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا چینی ناوەند خەریکە لەناو دەچێت (وەزیـری پلاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: «هەرێمی کوردستان گەورەترین بوژاندنەوەی ئابووری بەخۆوە دیوە، سەیری ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکە».

ئەوەندەی تێبینیمانکردبێت لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە خۆکوژیی ئەنۆمیک لە هەرێمی کوردستان پەیدابووەو وردە وردە بەرەو زیادبوون هەڵدەکشا تاوەکو دوو مانگ لەمەوبەر!!!.

بێگومان ئەم هەڵکشانەی ڕێژەی خۆکوژیی بەشێکی گەورەی پەیوەستە بـە فاکتەرە ناوەکییەکانی هەرێمی کوردستانو ئەوان ڕۆڵی خۆیان هەیە لە دروستکردنو زیادبوونی ئەم ڕێژەیەدا، چونکە هیچ یاسایەک نییە لە کوردستان مـرۆڤ وەک هـاوڵاتـی سەیربکات، ژیانی بۆ مسۆگەربکات، لەگەڵ ئەوەی چەندان پێداویستی فسیۆلۆجی هەیە، بەڵام تەنانەت یەکێکیانی بە تەواوی بۆ تێرناکرێت، لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێکی کەم لە چینی فەرمانڕەوا بە هەموو جۆرێک سوودمەندنو لە پلەیەکی بەرزی کەمالدا ژیان دەگوزەرێننو سەرمایەی گەورەتر پێکەوە دەنێن، هەروەها هەندێک فاکتەری دەرەکیش کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر بەرزییو نزمی ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستاندا، وەک ناردنەوەی پەنابەران بە زۆرو ڕووبەڕووبوونەوەی بێکارییو نەدارییی لە کوردستاندا.

ئێمە لەم نووسینەدا ناتوانین زۆر درێژەی پێبدەین، ئەگینا شت زۆر هەیە کە باسیکەین لەسەر خۆکوژیی ئەنۆمیکو هۆکارەکانی لە کوردستاندا، بەڵام ئەوەی مەبەستی سەرەکی منە لەم نووسینەدا خستنەڕوو تەفسیرکردنی ئەو جیاوازییو هاتنەخوارەی ڕێژەی کردەی خۆکوژیی ئەنۆمیکە لە هەرێمی کوردستاندا.

لـە سۆسیۆلۆجیادا ئـەوەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕێـژەی کـردەی خـۆکـوژیـی فاکتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیە. بەشێک لـەو فاکتەرانە کاتینو دێـنو دەچـنو پێیاندەوترێت تەوژمە کۆمەڵایەتیەکان یان ڕەوتـە کۆمەڵایەتییەکان (social currents).. درۆرکهایم دەنووسێت: «هەرچەندە ڕەوتـە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر کۆنکریتیو جێگیرترن بە بەراورد بە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە فاکتەری کۆمەڵایەتی حیساب دەکرێن، چونکە ناتوانرێت لە بارودۆخی تاک دایانبڕین».

هەروەها دەڵێت: «ئێمە بەهۆی هەندێک لـەم فاکتەرە کۆمەڵایەتیانەوە ڕامـاڵ دەکرێینو دەکەوینە بەر تەوژمیانو ئەمانە مان فشاریان هەیە لەسەرمان تەنانەت ئەگەر ئێمە هۆشیاریش بین لە بەرامبەریان تا ئەو کاتەش کە بکەوینە خەباتکردن دژبە بیرکردنەوە باوەکان.

شتێکی چاوەڕوانکراوە لەوەی کە ئەم فاکتەرە کۆمەڵایەتییە نامادیانە کە کاتینو دێـنو تێدەپەڕن کاریگەرییان دەبێت، تەنانەت لەسەر بەهێزترین دامـەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیش.

ئـەوەی کە لەماوەی نزیکەی دوو مانگی ڕابـردوودا لە کۆمەڵگەی کوردی لە دایکبووەو شتێکی نوێیە بەنیسبەت کۆمەڵگەی کـوردیـیـەوە، هاتنەکایەی بارودۆخی هەڵبژاردنو دروستبوونی ڕەوتێکی گرنگە کە بـەڕەوتـی گـۆڕان ناسراوەو بە لیستی گۆڕانو ژمارە (٥٧) خۆی لەم واقیعەی ئێستای کـوردیو بارودۆخی هەڵبژاردن مانیفێست کردووە.

بێگومان ئێمە لە سۆسیۆلۆجیاوە ئەم لیستو ئەم ڕەوتـە دەخوێنینەوەو کاریگەری ئەم ڕەوتە باسدەکەین لەسەر فینۆمینێکی وەک خۆکوژیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چونکە وەک تێبینیمانکردووە، ئەم ڕەوتـە تایبەت نییە بە کۆمەڵێکی دیاریکراوی هـەواداری حیزبێک یان ئایدۆلۆجیایەک، بەڵکو خەڵکی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر داوای گۆڕان دەکات، ئەگەر لیستی گـۆڕان وەک لیستەکانی دیکە مانیفێستێکی جەماوەری گەورەی کۆمەڵگەی کوردی نەبووایە، بێگومان نە ئەمجۆرە دەرەنجامانەی دەبوو و نە ئێمەش ئەم نووسینەمان بەرهەم دەهێنا.

ئەگەر بەر لە دوو مانگ لە یادمان بێت، شەو نەبوو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەواڵی خۆکوشتنی دوانو سیانمان پێڕانەگەیەنن، ئەم فینۆمێنە خەریکبوو بـەرەو ئەوە دەچوو کە بگاتە ئاستی لاساییکردنەوە (imitation)، ڕۆژنـەبـوو ڕووپـەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەبیستنی هەواڵێکی لەم شێوەیە ئاگادارمان نەکەنەوە، کە هەندێک لەم خۆکوژانە نامەیەکیان لەدوای خۆیان جێدەهێشتو پێیاندەوتین: «بەڵێ خۆکوشتنەکانی ئێمە ئەنۆمیکەو هیچ جۆرێکی دیکەیان نییە جگە لە ئەنۆمیک، بۆیە نابێت هیچمان بۆ هەڵواسن».

زۆر گرنگە ئێمە بتوانین توێژینەوەی وردی سۆسیۆلۆجیو ئەنسرۆپۆلۆجی هەموو ئەو نامەو یادەوریانەی کەسانی خۆکۆژی ئەنۆمیک بکەین، چونکە شتی زۆرمان بۆ ئاشکرادەبێت، بەدیوێکدا ئەم نامانە بۆ دەسەڵاتدارانە کە پێیان دەڵێت، هەموو ئەو نارەزاییەی کە لە دژتان دەکرێت هیچی دەستی لەپشت نییە، وەک ئەوەی هەمیشە پاساوێکی حازربوو بۆ کوشتنی ڕۆحی ئێمە بەکارتان دەهێنا!!!

ڕەوتـی گـۆڕان وەک ئـەوەی هیوای زۆرێـک لە خەڵکییە وایکردووە ڕێژەی خۆکوژیی ئەنۆمیک زۆر دابەزێتو خەریکە بەرەو نەمان دەچێت (ئەم قسەیەم ڕیکلامو شتی عاتیفە نییە، ئەمە لە گفتوگۆی زۆرو ڕۆژانـە پێی گەیشتووم، لەگەڵ هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە، لە مامۆستایەکی زانکۆ تاوەکو دەگاتە شۆفیری تەکسیەکان، لە پیاوێکی سەلەفییەوە تاوەکو دەگاتە چەپێکی مارکسی.... ).

بێگومان کەمبوونەوەی ئەم ڕێژەیە بەهۆی ئەو هیوایەوەیە کە ڕەوتی گۆڕان باسیلێوە دەکات، قسەی جدیو گوتاری جـدی لـەو بـارەوە هـەیـەو جـەمـاوەر پێشوازی لێدەکات. دابەزینی ڕێـژەی خۆکوژیی ئەنۆمیک تاوەکو ماوەیەک دوای هەڵبژاردنیش هەر بەرەو کەمبونەوە دەچێت، خۆ ئەگەر گۆڕانی جدیو گەورە ڕوویدا لە شیوازی ژیانو بارودۆخی ژیان بەرەو باشبوون چوو (باشبوون لەڕووی ڕێزگرتنو کارکردن بە یاسا)، ئەوا ڕێژەکە زۆر زۆر کەمدەبێتەوە، ئەگینا ڕێگرتن لە ڕەوتـی گـۆڕانو گرفت دروستکردن لەبەردەمی، بە پلەی یەکەم کۆمەڵگە زیانی لێدەکەوێت پاشان ئەو حیزبو کەسانەی کە ئەو ڕێگرییە دەکەن.

لە کۆتاییدا هیودارم وەکو توێژەرێک پێکابێتمو ئێوەش دەتوانن ڕۆژانە تێبینی کەمبوونەوەی ئەم فینۆمینە نێگەتیڤەبکەن، کە من وەک توێژەرێک هۆکاری دابەزینی ڕێژەکەی بۆ لەدایکبوونی ڕەوتی گۆڕان دەگەڕێنمەوە، چونکە زۆرێک هیواکانی خۆیان پێوە بەستووەو هەستدەکەن ڕەوتی گۆڕان دیمەنێکی جوان دەداتەوە بە ژیان لە کوردستانداو لە سایەی ڕەوتی گۆڕاندا ئەوەندە ئیهانە بە کەرامەتی مرۆڤ ناکرێت، بیرمان نەچێت لە ئاستە سایکۆلۆجییەکەشدا، مـرۆڤ ئەو کاتە بڕیاری خۆکۆژیی ئەنۆمیک دەدات کە ژیان بۆ ئەم هەمووی بریتییە لە ئیهانەکردنێکی بـەردەوامـی ڕۆحـیو جەستەیی، هیچ مانایەک نییە بۆ بوون، بۆیە لە مردندا بۆ مانا دەگەڕێت. ئێمە هەموومان بۆ مانا دەگەڕێین، لەو ساتەی بێهیوابووینو واماندانا کە لای کەس دەستماننناکەوێت، بە ئاسانیو بەو پەڕی قەناعەتەوە خۆمان دەکوژین.

# دەهۆڵو زوڕنا هیچ برینێک تیمارناکات



**حاجی ئەنوەر**

کاتێک مارتن لۆتەر (١٤٨٥- ١٥٤٦) بانگەوازی ریفۆرمی لە ئایینی کریستیاندا بەرزکردەوەو نەهیکردلەوەی کەشیشەکان نوێنەری خودابن، مافی فرۆشتنی پسولەی لێبووردنیان (صكوك الغفران) هەبێت، مشەخۆرە تەمبەڵەکانی ناو کڵیسا تووشی هستریا بوونو ئەگەرچی لە سەرەتادا کەوتنە چاوترساندنو زوڵمی زیاتر لە جەماوەری ڕەشوڕووتو برسی، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بزووتنەوەی گۆڕان تەشەنەی دەکردو پەلی بۆ ناوچەکانی دیکەی ئەڵمانیا دەکێشا.

کەشیشە تەمبەڵە دەستو پێ سپییەکان ڕێگایەکی دیکەیان گرتەبەر، ئەویش کۆکردنـەوەی لۆتیو مهرجە نەفس نزمـەکان بـوو، کـە گـاڵـتـەجـاری بە ریفۆرمیستەکان بکەن، ڕۆژانە لە دەیان کوچەو کۆڵاندا ئاهەنگیان دەگێڕاو نمایشی شانۆگەری گاڵتەجاڕیان بەرامبەر مارتن لۆتەرو هاوڕێکانی دەکردو لەپاڵ ئەوەشدا دەستیانکرد بەدابەشکردنی ژەمێک کولێرە بەسەر برسییەکاندا، بەڵام هەژاران تێربوو بوون لە زوڵمو گەندەڵی کەشیشەکانو باوەڕیـان نەمابوو کە بتوانن ژیانی جەماوەر چاک بکەن، هەربۆیە چاوی هیوایان بڕیبووە ڕۆژانی داهاتوو.

ئـەم کـارەشـیـان بـۆ نـەچـووە سـەرو شەڕێکی ماڵوێرانکەرانەیان بەرامبەر ریفۆرمیستەکان ڕاگەیاند کە دەیان هەزار لە خەڵکی ڕەشوڕووت بوونە قوربانیی.

لە کوردستانیشدا.

گەندەڵچیەکانی ناو دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان، بەهەمان شێوەی کەشیشەکانی ناو کڵیسەکانی ئەڵمانیا، بە پشتبەستن بە دەیان ملیارد دۆلار، کە موڵکی جەماوەرە، بێجگە لەوەی بەردەوامن بە بەخشینەوەی بێسەروبەری پارە بەسەر ئەو لۆتیانەی لە بەرگی هونەردا خۆیان شاردووەتەوەو لە دەستو دائیرەکانی خۆیاندا، لە پاڵیشیدا لە هەوڵی بەردەوامدان ژەمێک لەو خەزێنە گـەورەیـەی داگیریان کـردووە بدەنە جەماوەر، تا لەو ڕێگایەوە دەنگەکانیان بکڕنو سەدان پەیمانی ناڕاستگۆیانە، بۆ سڕینەوە زهنی جەماوەر لەو هەموو تاوانەی کە کردیان. جوانی جەماوەری کوردستان، بۆ جارێکی دیکە درەوشایەوە کە هیچ هێزو پەیمانێک ناتوانێت جارێکی دیکە بەرەو ڕابردوو یان بباتەوە.

کێ هەیە ئەو ڕۆژانەی بیربچێتەوە کاتێک سەرانی گەندەڵ بە هەشتێکیان بۆخۆیانو دۆزەخیان بۆ جەماوەر داخستبوو؟

کێ هەیە وێنەی ئەو لۆریانەی لە بیربچێت، کاتێک چـۆڕاوگـەی خوێنی لاوانمانی پیادەهاتە خوارەوە کە بوونە قوربانیی سەرگردەکان؟

کێ گـەنـدەڵـیو سـورەی بە لەشکری داگیرکەرانو پەلاماردانی خۆپیشاندانی هەژارانو خوێندکارانی بیردەچێتەوە؟

کێ دزینی دەیـان ملیاردو دیارنەمانی دەیانی دیکە، لەکاتێکدا دەیان کەس لە قوربانیانی کارەساتەکان، بەدەم ئازارەوە دەیاننناڵاندو دواتر ژیانیان سپارد؟

کوا مادەی (١٤٠) ؟ کەی ناوچە دابڕاوەکان دەگەڕێنەوە؟.

سەرانی گەندەڵ، نەشایەری موهەڕجو نە دۆلارە دزراوەکانو نە تونێلی ئەزمەڕو نە درۆی دامەزراندنی دەیان هەزار لە لاوانو نە پەیمانی بیمەی بێکارییو نەو سەدان نەی دیکەش تازە دادیان نادات، گۆڕان لە سستمی ژیاندا بووەتە پێویستییەکی هەر ئێستاییو هیچ هێزێک ناتوانێت ڕێگای لێبگرێت.

# دەسەڵاتی کوردی چی بۆ پاشماوەی ئەنفال کردووە؟

هاوار کامیل- کەرکوک

بـه بــــەراورد بــەژمـــارەی ئەنفالکراوەکان، ژمارەی خێزانی پـاشـمـاوەی ئەنفالەکان (٥٪) نابێت. چونکه (١٨٢٠٠٠) کەسمان ئەنفالن‌و نزیکەی (١٠٠٠٠) دەهەزار خێزانی پاشماوەی ئەنفال ماونەتەوە.

حکومەتی کوردی پێویست بوو لەم (١٨) ساڵەی دوای ڕاپەڕیندا هەرچی پێویستی ژیانبوو بۆ ئەم دە هەزار خێزانەی پاشماوەی ئەنفالی بکردایە، کەچی دوای (١٨) ساڵ لە حوکمڕانی کورد خۆی هێشتا ژمارەیەکی زۆری پاشماوەی ئەنفالەکان بێلانەو جێگەن. ژمارەیەکی زۆر لە پاشماوەکانی ئەنفال لە گەرمیان و چەمچەماڵ تا ئێستا نە زەوی نە خانوویان نەدراوەتێ. کەچی لەبەرامبەردا بـەرپـرسـانـی بـاڵادەسـتـی ئەم هەرێمە ئەوەی شەهوەت و حەزە بێشومارەکانیان خواستبێتی بۆخۆیان کردوویانە. تەماشای ئەم نموونەیە بکەن لە کەلار دەسەڵاتی کـوردی (١٠٠٠) هـەزار پارچە زەوی داوەتـە تەنیا یەک کەسو بڕی (١٠) ملیۆن دۆلاریشی لە سندوقی نیشتەجێبون پێداوە، کابرا کۆمپانیای هەیە ئەم خانوانە دروست دەکات و بەپارەیەکی زۆر دەیفرۆشێتەوە گەرمیانییەکان، لـەبـەرامـبـەردا نزیکەی هـەزار پاشماوەی ئەنفال ماون نە زەوی نەخانویان بۆ نەکراوە، باشە ئەم حکومەتە زەوی ئەو میللەتەیەو پارەکەیش بودجەی ئەو میللەتەیە لە بـەغـداوە دێـت، کەسوکاری ئەنفالەکان لەهەموو کەسیش پێویستترن، کەچی نایانداتێ و دەیدا بە کۆمپانیایەک و ئەویش بە پارەی خەیاڵی دەیفرۆشێتەوە، ئەگەر ئەم ماستە مووی تێدا نەبێ چییە.؟

لە چەمچەماڵیش بە هەمان شێواز هەزار پارچە زەوی دراوەتە کەسێکی دیکە کە کۆمپانیای هەیە، هەمان پـارەی لە سندوقی نیشتەجێبوون دەداتێ، کەچی زیاتر لە (٧٠٠) خێزانی ئەنفال ماون‌و هیچیان بۆ نەکراوە. ئەی بۆ ئەو زەویــە کە مولکی بـاوو باپیری خۆیانە نایدەیت بەکەسوکاری ئەنفالەکان‌و ئەو پارەیەی سندوقی نیشتەجێبوونیش کە لەبەغداوە دێت نایدەی بە پاشماوەی ئەنفالەکان بیکەن بە سوکنەیەک تیایدا بژین. ئـەی زوڵـمـی لەمە گـەورەتـر لە پاشماوەی ئەنفالەکان یانی چی.؟

لەهەموو کوردستاندا و لەناو ئەو دەیان هەزار گەنجەی کورد کە بەر ئەنفال کەوتن، ئێستا پێنج کەس لەژیاندا ماون کە لەئەنفال و لە گوللەبارانکردن و لەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە هاتنەوە. کەچی تائێستا ئەم دەسەڵاتی کوردیە لەم (١٨) ساڵەدا تەنیا مووچەیەکی ڕەمزی بۆ نەبڕیونەتەوە. هەریەکی پـارچـە زەویـیـەکـی نـەداونـەتـێ. لەکاتێکدا هەق بوو وەک ڕەمزی مانەوەی ئەنفال کە گەورەترین شایەتی گەورەترین تاوانی سەدەی بیستەمن لە جوانترین شوێنی ئەم کوردستانە خانوویان بۆ دروست بکرایە، زۆرترین ڕێزی لێ بنانایە بۆ مێژوو. کەچی ئەو پەڕی سوکایەتی پێکردوون.

ئەمەیە وەفـاداری و پاداشتی دەسەڵاتی خۆماڵی بۆ ئەوانەی ڕەنجیان داوە و بەخوێنی ئەوان‌و لەسەر شانی ئـەوان حکومەتمان دروستکردووە.!

# حیزب یان فۆبیا لەکوردستاندا

## خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە بۆ تێگەیشتن لە هەڵەی کاری حیزبی لە کوردستاندا

دارا ئەنوەر زۆراب

ئەگەر حیزب پێکهاتەیەکی ڕێکخراوی جەماوەری بێت مانای ئەوە نییە کە خاوەنی ئایدۆلۆژییەکی جەماوەرییەو بتوانێت بەناوی هەمووانەوە بدوێت، ئایدیای حیزبی بە ناوی هەمووانەوە پیشاندانی کردەیەکی ناجێگیری سیاسیە کە ئەم کردەیەی حیزب کردەی عەقلیەتێکی تۆتالیتارییە کە تێیدا حیزب وەک تاکەکەس یان بنەماڵە دەبێتە هێزی بیرکردنەوەی هەمووان، کە ئەمەش کردەیەکە لە دەرئەنجامی نالەباری‌و ناسەقامگیری بـارودۆخـی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی دێتەکایەوە کە دەرهاویشتەی سەرەتای دەرکەوتنی مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاستی گشتی، چونکە تێیدا حیزب لە بیرکردنەوەی عەقلیەتی بەرژەوەندخوازانەی خۆیەوە بیر لە سنوردارکردن‌و نەهێشتنی هەلومەرجەکانی ڕەخساندنی زەمینەکانی ئازادی تاکەکەسی‌و دیموکراسی بوون‌و یەکسانی دەکاتەوە، لەم دۆخە سیاسیەدا حیزب چەمکی هاوڵاتیبوون یەکسان دەکات بە پلەی ئەندامبوون لەحیزبدا، کە ئەمەش دەرهاویشتەی ئەو فۆبیا حیزبییەیە کە هەموو بەهاکانی هاونیشتمانی‌و هاو ژیانی‌و هاوخەباتی مرۆڤایەتی دەکاتە قوربانی بۆئایدۆلۆژیای حیزب، کە ئایدۆلۆژیاکە بـەدەر نییە لە بەرهەمی بیرکردنەوەی عەقلیەتی تاکەکەسی یان بنەماڵەو خێڵ، کە ڕەنگدانەوەی ئەم دۆخە لە کاری حیزبی لەکوردستاندا بە ئاشکرا بوونی هەیە، بۆیە حیزب کار لەسەر بەرژەوەندی گشتی ناکات‌و شتێکیش نییە لە سـەروی بەرژەوەندی حیزبەوە، ئەوکات ئاستی گشتی جەماوەری دادەبەزێت بۆ بنکەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە نزمترین ئاستدا، کە ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی دەبێت کە هەموو بەها ئەخلاقی‌و کۆمەڵایەتییەکان لە بنکەی کۆمەڵایەتیدا بەرەو ئاستی فەنابوون دەڕوات، کە ئەمەش لە دەرئەنجامی کردەی کاری حیزبیەوەیە کە بەهاکانی یەکسانی‌و هاوڵاتیبوون ناهێڵێت، کە هەروەک ئێریک کیسلاسی سۆسیۆلۆژی فەرەنسی لە کتێبی دیموکراسیدا ئاماژەبەوە دەکـات یەکسانبوون بەمانا ڕەخساندنی هەلی لە بارە بۆسەرجەم هاوڵاتییان بەبێ جیاوازی بۆ گەیشتن بەمافە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکان ...هتد. بە پێچەوانەوە نەڕەخساندنی بواری یەکسانی بە مانای نەبوونی یەکسانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیە، کە ئەمەش کردەیەکە بەرهەمی عەقلیەت‌و بیرکردنەوەی هێزە دیکتاتۆریەت‌و تۆتالیتارەکانە، کە ڕەنگدانەوەی ئەم کردە نا لەبارەی کاری سیاسی لە کوردستاندا لە کردەی کاری حیزبەکاندا بوونی هەیە، کە بە جۆرێکە مافی سیاسی بوون لە مرۆڤەکان دەسەنێتەوە لە ڕێگای پیشاندانی هێز وەک فۆبیا لە بەرامبەر هاوڵاتی، کە ئەمەش کردەیەکی ئەنتی مرۆڤایەتییەو پێچەوانەی ئەو تێکستەی ئەرستۆیە کە دەڵێت: (مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیە).

کە لەم تێکستەدا خوێندنەوەیەک بەرهەم دێنێ کە مرۆڤ کۆمەڵایەتیە، واتە هەست بە ژیانی بەکۆمەڵایەتیبوون دەکات لەگەڵ زیندووەکانی دیکەدا.

بەڵام لایەنی سیاسی، بەمانا هەست کردنە بە دەسەڵاتێک بۆ پشتگیریکردنی بـەردەوامـبـوون لە ژیـانـدا کە لێرەدا پرۆجێکتەرێک دێتە پێشەوە، ئەویش دەرکەوتەی کاری حیزبە لەسەر دووئاستی جیاواز، کە یەکەمیان کردەی کاری حیزبی مۆدێرنە کە ئامادەیە بۆکرانەوە لەبەردەم هەر ئەگەرێکی تازەی چاوەڕوان نەکراو کە تێیدا ڕێز لە ئایدیاو بۆچوونە جیاوازەکان دەگرێت، ئازادییەکان بەرجەستە دەکات هەر لە ئازادی ئاسایشی تاکگەراییەوە بگرە تا ئازادی بیروڕاو ئازادی گەڕان‌و ئازادی کۆبوونەوەو ئازادی پەرستن‌و خوێندن‌و بەدەستهێنانی هەموو مافە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسییەکان بەبێ جیاوازی، هەموو ئەمانەش لەپێناو دانانن بە چەمکی هاوڵاتیبوون‌و هاونیشتمانیە نەک ئەندامانی گروپو پارت کە سەرئەنجام لە بەرامبەر پێدانی هەموو ئەرکێکی هاوڵاتیبوون هەستیکی لێپرسراوێتی بەرز دروست دەکـات، کە تێیدا ئەرکی گشتی هاوڵاتی بوون ئەرکێکی مەدەنیانەیەو لەژێر چەتری یاسادایە، ئەرکی گشتی کـاری سیاسی حیزبی ئەرکێکە بە لەیەکتر جوداکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکە دەبێت کە بەمانا مۆنتیسکۆییەکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی پەرلەمان‌و حکومەت‌و دادوەرییە، حیزب لە دەرەوەی ئەم سێ دەسەڵاتە لەژێر چەتری یاسادا ڕۆڵو ئەرکی خۆی ببینێت. کەواتە بەم شێوازە بەلێکدانەوە بۆ بارودۆخی کاری حیزب لە هەرێمی کوردستاندا بە پێچەوانەی ئاستی کـاری حیزبی مۆدێرنە کە تێیدا حیزب هێزێکی فۆبیاهێنەرە حیزبی کوردی حیزبێک نییە لەناو پانتاییە عەقڵانیەکانی دەسەڵاتی سیاسییدا کاربکات، لەپێناو بەرەو پێشچوونی سەر مەبنای گشتی کۆمەڵگە.

بۆیە بـەردەوام حیزب لە کوردستاندا خاوەن عەقلیەتێکی بەرژەوەندخوازانەیە نەک عەقلیەتی سیاسی، ئەم عەقلیەتەش هەڵقوڵاوی واقیعێکە کەتێیدا عەقلیەتی سیاسی حیزبی هەڵگری بـەردەوامـی عەقلیەتی قۆناغی فیودالیانەیە، لەناو پانتاییە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەیەکدایە، کە تاکەکانی لە ئاستی دەستەجەمعیدا خاوەن هۆشیارییەکی بەرزی کۆمەڵایەتی‌و سیاسین‌و لەبەرامبەرکرانەوەو دونیابینییاندا قۆناغی فیودالیەتیان تێپەڕاندووەو لەئێستادا کـاردەکـەن بـۆ ڕەتـکـردنـەوەی هەموو کردەیەکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کە ببێتە هۆی دواکەوتەبوونیان، چونکە بیر لە بەهاکانی ژیان‌و دیاریکردنی چارەنووس دەکەنەوە.

بۆیە هیچ کات حیزب لەم قۆناغەدا ناتوانێت هەستی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرەو پاشەکشێی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بەرێت، چونکە تێیدا هەر حیزبێک لەپێناو مانەوەی لە دەسەڵاتدا ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان قبوڵ نەکات، فشارە دەروونی‌و کۆمەڵایەتیەکان بۆ سەرتاکەکانی کۆمەڵگە زیادبکات، نان بڕین‌و ئازادی بڕین‌و ژیان بڕین بکاتە مەبدەئی، ئەوا حیزبێکی فۆبیاهێنەرە، هەموو حیزبێکی فۆبیاهێنەریش بەرهەمی عەقلیەتێکی قولی دیکتاتۆریەتە، بۆیە ئـەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا بە ناوی دیموکراسیەتەوە کاربۆنابوتکردنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات ئەوە ئەو عەقلیەتە دیکتاتۆرییەیە کە کار لەسەر بێڕێزکردنی مرۆڤەکان دەکات کە دەکرێت هەموو ئەمانەش بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە هەموو حیزبێکی فۆبیا هێنەر بیر لە دروستکردنی دەسەڵاتێکی فۆبیا هێنەر دەکاتەوە کە لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەدا زەمینەی لەبار بڕەخسێنێت بۆبێڕێزی کردن بە ئەخلاق‌و کەرامەتی مرۆڤەکانی کۆمەڵگە کە نموونەی ئـەم بێڕێزی کردنە لە کوردستاندا لە کردەی کاری حیزبیدا دەردەکەوێت، هەر لە دەستتێوەردانی دامودەزگاکانی حکومەتەوە بگرە تا دەستخستنە ناو چۆنێتی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەوە کە لە دەرئەنجامدا ئەو حەقیقەتە بەرجەستە دەبێت کە حیزب لە کوردستاندا بەرهەمی کردەیەکی عەقڵانی‌و سیاسی نییە، بە مانا هیگلیەکەی کە دەڵێت: «عـەقـڵو تێگەیشتن سەرسوڕێنترین دەسەڵاتە». لەم تێکستەدا ئەو شێکارییە بەرجەستەدەبێت کە حیزب لە دەرئەنجامی تێنەگەیشتن لە دۆخی ئێستاو پێنەدانی ماف بە هاوڵاتی بیرو عەقلیەتێکی دیکەی نەزانی حیزبی پیشاندەدات، ئەویش هەستکردن بەوەی کە بنکەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی‌و زانستی‌و سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگە لە پلەی سفردایە، بۆیە بـەردەوام لە ڕێگای فۆبیا بێ بناغەکانیەوە کاردەکات‌و دەیەوێت لەو ڕێگایەوە مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی کوردی بێڕێزبکات، ڕوحی دژیەکی‌و دوژمنکارانەیان تێیدا دروست بکات وەک ئەوەی بە درێژای هەژدەساڵ لە حکومڕانی دەبینرێت حیزب لە کوردستاندا خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتەی بەیەکتری لەناو دەبرد ئافرەتانی بێ پیاوو منداڵانی بێنازدەکرد کە هەرئەم کردانەی کاری حیزب بوو ئەزموونی هەژدەساڵی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا کردە ئەزموونی گەورەبوونی» گەندەڵی‌و بەرتیل خۆری‌و خزمایەتی‌و مەحسوبیەت» کە ئەمەش پیشاندانی ئەو ڕاستییە کە بەرهەمی حیزب لە کوردستاندا لە دوای ڕاپەڕینەوە بەرهەمی هێنانەدی بێڕێزی کـردن بە کەرامەت‌و ئەخلاق‌و مافی هاوڵاتیبوون‌و هاونیشتمانی بوونی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بووە، بۆیە دەکرێت لە ئەمڕۆی بارودۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی کوردستاندا کار بۆئەوە بکەین لە ڕێگای یاساوە بەهاکانی مرۆڤایەتی بەدەست بێنینەوەو عەقلیەت‌و بیرکردنەوە نامۆدێرنەکانی حیزبی لە ڕێگای دادگاوە سەرزەنشت بکەین، تاوەکو ڕزگارمان بێت لە هەموو کردەناڵەبارە نەخۆشەکانی میرو دەسەڵات وەک ئەوەی کە مەولەوی شاعیر دەڵێت: «ئەی میران ڕزگاربووین لە نەخۆشی دەرەکی بەجێما نەخۆشییەکی لەوە خراپتر لە دەروون».



# گۆڕان هاوکێشەیەکی نوێیە

فەرەیدون حەمەڕەشید

خەڵکی کوردستان بەپەرۆشەوە خـۆیـان ئـامـادەکـردووە بـۆ ڕۆژی هـەڵـبـژاردنـەکـان، هەموولایەکیش چاومان لەوەیە کە چۆن بەپەلەپروزەو تەنگەتاوییەوە کەسایەتییەگەورەکانی ناو حیزب‌و حکومەت لەناوهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەی هەڵبژاردن بۆحیزبەکانیان دەکەن.

هەموولایەکیش ئـەوە دەبینین کە زۆرترین‌و خرۆشاوترین جەماوەری ڕاستەقینەی پڕحەماس لـەتـەواوی چین‌وتوێژەکانی کوردستان ئاپۆڕەی مۆمی گۆڕانیان داوە.

دەکرێت ئەمڕۆ ئەم قۆناغە سیاسییە بەشلەقانێکی سیاسی‌و وەرچەرخانێکی نوێ پێشوازی بکەین، دەکرێت ئەمڕۆ هیچ سلنەکەینەوە لەپرسی هەڵبژاردن‌و بەهیچ شێوەیەکیش نەکەوینە ناو ترسی نانبڕین‌و دوورخستنەوە لەسەرکارەکانمان، چونکە ئەمڕۆ خواستی گۆڕان‌و دەنگی گۆڕان بووەتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان، کورد وتەنی (چوونە شەڕ لەگەڵ گەورە پیاوان شاییە)، مەبەستم لەچوونە شەڕ خوانەخواستە عەقلی شەڕو هەڵگرتنی (بڕنەو) نییە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کەدەستگرتنی هەموومان لەیەک ڕیزداو پشتیوانیکردنمان لە بزووتنەوەی جەماوەری گۆڕان چوونە ناو ئاهەنگێکە لـەگـەڵ یـەکـتـری بـۆ نزیکبوونەوە لەسەرکەوتنی هەموومان.

دەکرێت ئەم جارە بە بەرچاوڕوونی‌و بەئەزموون لەکارنامەی ڕابـردووی دەوڵەت‌و دەوڵەتداری بزانین دەنگ بەکام نوێنەرانە دەدەین‌و کام لیست‌و قەوارەی سیاسی بکەینە لیستی خەڵک.

دەکـرێـت هەندێک پـێـوەر بکەینە پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی قـەوارەو لیستە سیاسییەکانی ناوکێبڕکێکانی هـەڵـبـژاردن، بـاگـراوەنـدی سیاسیی، بـێـزراوی لای جـەمـاوەر، وابەستەیی و وەلا بۆ وڵاتانی ئیقلیمی، هەڵگری پەیام‌و هزری کۆنزێرڤاتیفانە، ئەزموونی تاقیکراوەی گەندەڵی‌و سەرنەکەوتوویی ئیداری، هەموو ئەم پێودانگانەش دوورە لەگوزارشتکردن لە بزووتنەوەی گۆڕان.

بەپێچەوانەوە بزووتنەوەی گۆڕان دوور لەئینتیماو هاوسۆزی ئیقلیمی، دوور لە ترس‌و مۆتەکەی کۆنزێرڤاتیفانە بـۆسـەر وڵات‌و نـیـشـتـمـان، خـۆی نمایشدەکات.

لـە بـارگـاویـبـوونـی تـەواوی کایەکانی کۆمەڵگەو ژیـان بە حیزب. لەبەر فراوانبوونی ناعەدالاتییەکانی کۆمەڵگەدا، بورکانی گۆڕان دەرکەوت، لێرەوە ئاپۆڕای بزووتنەوەی سیاسیی گۆڕان بەفووکردن بەبوقی گەندەڵی‌و سکاندالەکانی دەسەڵاتدا، ئەومتمانەیەی لای خەڵک بەدەستهێناوە کە وەک ئەلتەرناتیف‌و ڕێگەچارەی سیاسی، هیوای لەسەرهەڵچنرێت، لیستی گۆڕان لەسەر ئەجێنداو پەیام‌و کارنامەی خۆی بەم کاکڵو جەوهەرە جەماوەرییەوە، دەخوازێت جەماوەری خەڵکی کوردستان بخاتەبەردەم سندوقەکانی هەڵبژاردن.

بۆیە دەکرێت هەموولایەک لەسەرئەوە کۆکبین کە گۆڕان زەرورەتێکی حەتمی ئەمڕۆی قۆناغەکەیەو دەکرێت بیکەینە سـەرەتـایـەکـی نـوێ بـۆدەربـازبـوون لەسیاسەتکردنی تەقلیدی‌و ڕزگاربوون لـە بـارگـاویـبـوونـی کایەکانی ژیـان لەخۆسەپاندنی حیزبی.

دەکـرێـت گـۆڕان لـەم هەنگاوەوە دەستپێبکەین‌و هەموو ئەوناڕەزایەتییە بەرهەقانەی جەماوەر ببێتە سەرمایەی مـەزنـی مـەعـنـەوی لیستی گـۆڕان، تاهەموومان بێزاری‌و ناڕەزایەتییەکانمان بکەینە دەنگ‌و بیخەینە ناوسندوقەکانی گـۆڕان، لـێـرەشـەوە دەکـرێـت گۆمی هاوکێشەی سیاسیی ئایندە بشڵەقێنین تا پەرلەمانی دوای هەڵبژاردنەکانی (٢٥-٧) بکەینە پەرلەمانێک کەماڵێک بێت بۆ دیالۆکی ڕاشکاوو ڕاستەوخۆ، بـۆ بـەرگـریـکـاری لـەداخـوازی‌و دەستکەوتەکانی خەڵک، بۆ ڕزگاربوونی خەڵکی کوردستان لە پەرلەمانی چەپڵەو ئەشهەدوبیلاکردن.

Faraidun_73@hotmail.com


کۆمپانیای ڕۆژی نوێ
بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە
هەلێکی زێڕین...
کۆمپانیای ڕۆژی نوێ (١٠٠٨) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆلینگ)، هەر یەکەیەک بە ڕووبەری (١٠٩ م٢)و پێکدێت لە (ژووری میوان، چێشتخانە، (٣) نوستن، مدخل، ڕاڕەو، حەمام، توالێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).
نرخی یەکەیەک تەنها (٥٠٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلارە
١ ـ هاوڵاتی دەتوانێت بڕی (٢٠٪) یان (٥٠٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت.
٢ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکڕێت ئەوا (٢٥٠٠$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە
بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە
ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٥٠١٥٢١٧١٧) (٠٧٧١٠١٦٥٥٥٥) (٠٧٧٠١٥٢٩٣٩٢)
ناونیشانی ئۆفیسی کۆمپانیا :
تووی مەلیک - شەقامی سەرکی - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال نایەر
0750 152 1717-0770 152 9392-0771 016 5555
rozhinwe@gmail.com
Rozhi Nwe Co.


NEW Sirwan Mineral Spring Water
زیاد لە 25 ساڵ ئەزموون
لە بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی دا
ئاوی کانزایی سیروان
لەکانیاوی بانی خێڵان
From famous Bany khelan spring 07480124442: بنکەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ


سندوقی دەنگدان
پەڕینەوەیە بۆ ئایندەیەکی گەش
٢٠٠٩/٧/٢٥
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
بۆزانیاری
زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە خۆڕاییانەی خوارەوە بکە
ئاسیا سێل ٧٧٧٧ کۆرەک ٢٠٢٠

۱۲ ڕۆژی دیکە دەیگۆڕین

بەرەو گۆڕا ٥٧

گۆڕان التغيير CHANGE

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 15 Date. 13-7-2009 | ۲۰۰۹-۷-۱۳ | ژمارە: (۱۵)

# هەولێرییەکان پێیانوایە لیستی گۆڕان لەپێناو ئەواندا دروستبووە

ڕێبین فەتاح

سەفینی مەلا قەرە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی (باڵی ریفۆرم)و بەرپرسی کەمپەینی لیستی گۆڕان لە هەولێر، رایدەگەیەنێت، تا ئێستا زیاتر لە (۱۰) بنکەی لیستی گۆڕان لە هەولێر کراونەتەوەو ڕۆژانە بە لێشاو هاوڵاتیان ڕوویان تێدەکەن، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە هەولێرییەکان وا دەزانن لیستی گۆڕان لەپێناو ئەواندا دروستبووە.

سەفین مەلا قەرە، ئاماژەی بەوەشدا کە لەوەتەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەستیپێکردووە، ڕۆژانە بە لێشاو خەڵک ڕوو لە بنکەکانی گۆڕان دەکەن‌و خۆبەخشانە کار بۆ سەرخستنی لیستەکە دەکەن، هەروەها جەختیشی لەوە کردەوە، کە هاوڵاتیانی هەولێر بەتەنگەوە هاتنێکی جدییان هەیە بۆ لیستی گۆڕان، چونکە زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتووانی شارەکە خوازیاری گۆڕانکارییەکی بنەڕەتین‌و بەتەواوەتی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە فەرامۆشکراون‌و وتیشی: «هاوڵاتیانی هەولێر حیسابی هاوڵاتییەکی پلە دووشیان بۆ نەکراوە، هاوڵاتی پلە سێن».

بەرپرسی کەمپەینی لیستی گۆڕان لە هەولێر، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، ڕاستە دانیشتووانی هەولێر بە بەراورد لەگەڵ سلێمانی بێدەنگن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ئەوان بە تەنگ گۆڕانەوە نایەن، لەکاتێکدا زۆرینەی دانیشتووانی ئەو شارە نارەزاییان بەرامبەر بە دەسەڵات هەیە، هۆکاری بێدەنگییەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە هەولێر لە ساڵی (۱۹۹٦)وە لەلایەن حیزبێکەوە بەڕێوەدەبرێت‌و خەڵکەکەی ڕووبەڕووی زەبروزەنگێکی زۆر بوونەتەوە، بەڵام ئەوان کوشتنیان دیوە، هەڕەشەکردن‌و ماڵ تاڵانکردنیان دیوە، لەبەرئەوە ئاساییە ئەگەر خۆیان ئاشکرا نەکەن‌و نەڕژێنە سەر شەقامەکان.

سەفینی مەلا قەرە لەگەڵ ئەوەدا کە پێیوایە لیستی گۆڕان لە هەولێر ژمارەیەکی یەکجار زۆر دەنگ بە دەستدەهێنێت، باس لەوەش دەکات کە موفاجەئە نییە ئەگەر لیستی گۆڕان دەنگێکی زۆری هەولێر بەدەستبهێنێت، چونکە زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتووانەکەی لەلایەن دەسەڵاتەوە فەرامۆشکراون‌و خزمەتێکی ئەوتۆیان نەکراوەو پێیوایە لیستی گۆڕان ئەو لیستەیە کە خواستەکانیان دەهێنێتەدی.

بە وتەی ناوبراو زۆرینەی ئەو خەڵکەی دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدات لە شاری هەولێر، خەڵکی بێلایەن‌و زۆرینەی یەکێتییەکانیش بەهەمانشێوە دەنگ بە لیستەکە دەدەن، جگەلەوەی کە ژمارەیەک لە ئەندامان‌و کادیرانی پارتی پەیوەندییان بە لیستی گۆڕانەوە کردووەو دەنگی پێدەدەن، ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە، چونکە لیستی گۆڕان تەنیا لیستێکەو حیزب نییە، لەبەرئەوە دەکرێت خەڵک سەر بە هەر حیزبێک بێت لەپێناو هێنانەدی خواستەکانیدا دەنگ بە لیستی گۆڕان بدات.

## پەیامی نەوشیروان مستەفا تایبەت بە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ

بۆ ل٣




فۆتۆ: ناسیح عەلی خدیات

## بۆ وا لە شار دەکەن؟

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە ڕۆژانەو بەتایبەتیش شەوانە، سەدان کوڕو کچی گەنجی ئەم شارە دەڕژێنە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی لایەنگری‌و خۆشحاڵی خۆیان بۆ لیستێک، بە ئاڵاو وێنەو پێکەنین‌و هوتافکێشانەوە شەقامەکان پەیدەکەن، ئاڵای جیاوازو وێنەی جیاوازو لۆگۆی جیاواز کاری نەکردووەتە سەر کەشوهەوای دەربڕینی خۆشحاڵی‌و لایەنگری‌و تەنانەت زۆرجار دەم بە پێکەنین لایەنگرانی لیستە جیاوازەکان دەڕواننە یەکترو هەر یەکە بە ڕێگای خۆیدا بێهیچ کێشەو تەشەنوجێک دەڕۆن.

ئەم حاڵەتە شارستانی‌و ئاساییە دیارە بووەتە جێگای نارەحەتی‌و دروستکردنی هیستریا بۆ هەندێک لایەن بەتایبەت کە زۆرینەی لایەنگری بۆ لیستی گۆڕانە، پاش ئەوەی دەزگا حیزبییەکانی ئەم شارە نەیانتوانی بە هەموو ئەو شێوازانەی بەکاریانهێنا، لە هەموو ئەو چۆش‌و خرۆشەی ئەو گەنجانەی شار کەم بکەنەوە، بەڵکو هەموو شەوێک سەدان‌و هەزارانی دیکە لایەنگرێتییان بۆ لیستەکە دەردەبڕن، بۆیەش بەرپرسانی ئەو لایەنانە پەنایان بۆ ئیستیرادکردنی خەڵک کرد لە دەرەوەی شار، ئەمەش لە لایەکەوە نیشانەیەکە بۆ لاوازی ئاستی ئەو لایەنانە لەنێو جەماوەری شاردا، لە لایەکی دیکەوە تێکدانی ئەو کەشوهەوایەی خۆپیشاندانی شەوانی گەنجانی شارە. هێنانی لایەنگیر لە دەرەوەو ناوچە دوورەکانی سلێمانی بۆ نێو بازاڕەکان جۆرێک لە تەشەنوج‌و بێزاری دروستدەکات‌و ئارامی ئەو دۆخە شارستانی‌و مەدەنییە تێکدەدات.

بەشداریکردنی دانیشتووانی ناوچەو شارەکانی کوردستان لە خۆشی‌و ناخۆشی یەکتر کارێکی ئاسایی‌و جێگای ڕێزە، بەڵام ئەوەی جێگای مەسخەرەو پێکەنینە ناچارکردنی فەرمانبەرو پێشمەرگەی فەرماندەیی‌و فەوجەکانە بە پۆشینی جلی مەدەنی بۆ بەشداریکردن لەو ڕێورەسمانەیەو هەناردنیانە بۆ نێو شەقامەکانی شار!

## نەوشیروان مستەفا لە پەیامێکیدا تایبەت بە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا:

# کاردەکەین لەسەر دروستکردنی ئەو قەناعەتەی کە پرسی کورد بە وتووێژو ڕێگەی دیموکراتییانە چارەسەربکرێت



**بە بێ کارکردن بۆ دامەزراندنی ئەزموونێکی دیموکراتو کراوە لە ناوخۆدا، دروستکردنی دڵنیاییو متمانە لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا کارێکی سەختە**

### خوشکو برایانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش

کێشەیەکی دژوار کە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم دەبێتەوە، پەیوەندی نێوان هەرێمو دەوڵەتانی دراوسێیە. هۆکاری ئەمەش کە بووەتە دایکی چەندان کێشەو گرفتی جۆراوجۆر، جوگرافیای سیاسیو بەشەریو سروشتی کوردستانی عێراقە.

لەلایەکەوە کورد لە عێراقدا هاوسنووری نەتەوەییە لەگەڵ سێ بەشی نەتەوەکەی لە ئێرانو تورکیاو سوریا کە بە چەندین رایەلی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری، تەنانەت خێڵەکیو بنەماڵەیی پێکەوە بەستراون.

لەلایەکی دیکەوە هاوسنووری سیاسیە لەگەڵ سێ دەوڵەتی دراوسێی عێراق کە هەرسێکیان هەڵوێستیان لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد، لەئاستی هیواکانی کوردا نییە.

لەپێش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زۆری حیزبو ڕێکخراوە سیاسیە کوردستانییەکانی وڵاتانی دراوسێ بنکەو بارەگایان لەسەر ئەرزی کوردستانی عێراق هەبووە.

ئەم کێشەیە کوردی کردووەتە ژمارەیەکی دژوار لەناو موعادەلەی پەیوەندیە سیاسی، دیبلۆماسی، ئابووری، تەنانەت رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەدا، وایکردووە تائێستا بەچاوی دوژمن یان بە چاوی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان، سەیری بکەن.

چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم هاوکێشە دژوارەدا دەکرێت؟

چۆن دەتوانرێت هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوولایەنە پێکەوە نەگونجاوەی هاوکێشەکە رابگیرێت؟

لەناو ئەم هەلومەرجە سیاسیە ئاڵۆزەدا، گرنگترین شت کە بکرێ دارِشتنی سیاسەتێکی ژیرانەیە کە هاوسەنگیەکی تەندروست لە پەیوەندی هەرێم بە دراوسێکانیەوە ڕێکبخات. دەبێت ستراتیژی کار لەم بوارەدا لەسەر دووپایە دابرێژرێت:

**پایەی یەکەم،** ڕێکخستنی ناوماڵی خۆمانە بەشێوەیەک کە نموونەیەکی دیموکراتی هاوچەرخی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی نەتەوەی جیاواز، دینی جیاواز، مەزەبی جیاواز، فەرهەنگو بیری سیاسی جیاواز، لەسەر بنچینەی قازانجی هاوبەش، ڕێزگرتن لە مافی یەکتری، ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی یەکتری، پێشکەشکردنی نموونەیەکی نوێ لە سیستمی سیاسیدا کە دەسەڵاتی هێمنانە تێیدا دەستاو دەست بکات، یاسا سەروەر بێت، دوور بێت، لە هەموو جۆرەکانی گەندەڵی، ڕەفتاری یەکسان لەگەڵ هاوڵاتیەکانی بکات، ڕوونیو ئاشکرایی لە کارەکانیدا هەبێت کە ئەمە جۆرێک لە دڵنیاییو متمانە دەخولقێنێت، دەشێت دراوسێکان لەباتی ئەوەی بەچاوی دوژمنو نەیارو پیلانگێر تێیبڕوانن، وەک دراوسێیەکی باش مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، چونکە هەمیشە حکومەتە دیموکراتەکان زۆر زیاتر لە حکومەتە دیکتاتۆرەکان جێگەی متمانەو باوەڕن.

**پایەی دووەم،** ڕێکخستنی پەیوەندی بێت لەگەڵ دراوسێکان چ لەڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقو چ لەڕێگەی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە بوارەکانی ئابووری، ڕۆشنبیری، بازرگانی سیاسی، لەسەر بنچینەی دروستکردنی قازانجی هاوبەش لەگەڵ گەلانی دراوسێ.

واتە دەبێت سەرەتای دروستکردنی ئەزموونێکی تازەو پەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندی کورد بە دراوسێکانیەوە، بە چاککردنو دیموکراتیکردنی زیاتری خودی ئەزموونی هەرێم دەست پێدەکات. ڕژێمە دیموکراتەکان زۆر زیاتر لە ڕژێمە داخراوو ناشرینەکان جێگەی متمانەو باوەڕی دەوڵەتەکانن..

١- بەکارهێنانی زمانێکی دیبلۆماسیو عەقڵانی، لەبری زمانی تەشەنوجو هەڕەشە بۆ لێدوانو شەرحکردنی تێڕوانیەکانی هەرێم لەگەڵ ئەو دەولەتانەدا لەسەر بنەمای بەرژوەندی هاوبەشو پەیوەندی هاوسەنگ.

٢- گەشەدان بە پەیوەندی ئابووریو بازرگانیو دامەزراندنی پرۆژەی ستراتیژی هاوبەش لەگەڵ دەولەتانی دراوسێدا، چونکە هەمیشە پەیوەندی ئابووری ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتنی سیاسی ئاسانتر بکات.

٣- گەشەدان بە پەیوەندی فەرهەنگیو ڕۆشنبیری لەگەڵ ئەو میللەتانەدا لەڕێگەی زانکۆکان، ناوەندەکانی زانستی، ڕۆشنبیریو میدیایی، هەوڵدان بۆ ناسینی ئەوانو ناساندنی ئێمەش بەوان. هەمیشە پەیوەندی فەرهەنگیو ڕۆشنبیری، دەتوانێت دەورێکی گرنگ لەوەدا ببینێت نەتەوەکان لەیەک نزیکببنەوەو بەچاوی ڕێزو تەقدیرەوە تەماشای یەکتربکەن.

٤- کارکردن لەسەر دروستکردنی ئەو قەناعەتە کە پرسی کورد بە وتوێژو ڕێگەی دیموکراتیانە چارەسەربکرێت.

### خوشکو برایانی بەڕێز ئێمە لە لسیتی گۆڕان کار دەکەین بۆ:

دروستکردنی ئەزموونێکی بەهێزو سەقامگیر، ئەمەش بەبێ دروستکردنی ئەزموونێکی هاوسەنگ لەگەڵ دەولەتە دراوسێکاندا کارێکی زەحمەتە. بە بێ کارکردن بۆ دامەزراندنی ئەزموونێکی دیموکراتو کراوە لە ناوخۆدا، دروستکردنی دلنیاییو متمانە لەگەڵ دەولەتەکانی ناوچەکەدا کارێکی سەختە. ئەگەر وڵاتێکتان دەوێت لە ئاستی ناوخۆدا دیموکراتو لە ئاستی پەیوەندیشیدا بە دەرەوە بە ڕۆحێکی عەقڵانیو بەرپرسیارانەو دوور لە سەرەڕۆییو موجازەفە ڕەفتاربکات، دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن.

**لەناو ئەم هەلومەرجە سیاسیە ئاڵۆزەدا، گرنگترین شت کە بکرێ دارشتنی سیاسەتێکی ژیرانەیە کە هاوسەنگیەکی تەندروست لە پەیوەندی هەرێم بە دراوسێکانیەوە ڕێکبخات**

## (٥٧)



### گۆڕان بۆ؟

-١٥-

**نەژاد جەلال**

چەند کادیرێکی لیستی گۆڕان بە هاوڕێیەتی فەرهاد سەنگاوی چوونە کەلار، بێشومار خەلک دلخۆشنو ئاپۆرای جەماوەر شەپۆلی بژی گۆڕانیان دەدا، دوو سێ ڕۆژ دوای ئەوە لە کاردانەوەدا، لیستی کوردستانی خەلکو مووچەخۆرو لایەنگری خۆیان لە ناوچە جێناکۆکەکان ڕاپێچی گەرمیان کرد بۆ بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی، چەواشەکاری گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی خەلکانێک نمایشت بۆ بکەن کە مافی دەنگدانیان نییە، هەرچۆن ئێمە دەزانین لەوە زۆر نیگەرانن کە خەلک ئامادەنییە بانگەشەتان بۆ بکات، ئێوەش بزانن ئەوەی لە کەلار بینرا دەتوانرێت لە هەموو ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا نیشانتان بدرێت.

پێستمان بەرنامەکەی knn (بودجەیەک لە تاریکیدا) زۆر نیگەرانی کردوون، هەولی ئەوە دەدەن کە وەلامبدەنەوە، بەلام پێش وەلامی چەواشەکاری حەقمانە بپرسین، وەلامی چی دەدەنــەوە؟ خۆ تائێستا ئەوانەی ئاگاداری داهاتی ئەم ولاتەن بە پەنجەکانی دەستێک هەژمار دەکرێن، ئەی ئەوانەی لەپێناو دەسکەوتی شەخسیدا شەرعیەت دەدەن بە گزیو تالانو بڕۆ، ئێوە گەورەترین تاوان دەخەنە ملی خۆتان، مێژوو لەکەس نابورێت...

ســەرەڕای قۆرخکردنی شاشەو شوێنە سەرنجڕاکێشەکان بۆ لیستی کوردستانی، بیستمان لە سلێمانی برادەرانی پارتی گلەییان لە لیژنەی بانگەشە کردووەو بە یەکێتییە هاوپەیمانەکەی خۆیان وتووە «ئێوە وەک پێویست بانگەشە ناکەن، کەمترین وێنەی سەرۆک بارزانیتان لە سلێمانی هەلواسیووە»، چ بەهانەیەکە، وابزانم عەمود نییە وێنەیەکیان لێ نەدابێت، بەلام ناهەقتان نییە ترستان هەیە لەوەی کە یەکێتییەکان لە ئێوە پارتیتربنو نزیکتربن لە سەرۆک، ببورن خەلک بە وێنەی گەورەو جوان دەنگ نادات، بە ئەزمونی ١٨ سالّ حکومڕانیتان خەلکتان کردە هێزی گۆڕان، بۆیە داواکارین لەسەر کەمو زۆری وێنەی سەرۆک شەڕ مەکەن، چونکە گۆڕینتان نزیکە.

حیکمەت چییە لەوەی هێزە چەکدارەکان بەزۆرو بە بەرگی مەدەنییەوە دەنێرنە شەقامو کۆلانەکان، خۆ ئەوانیش زۆرینەیان گۆڕانن، چونکە خۆم بینیم ئۆتۆمبێلێکیان لە قافلەکە دابڕابوو، گەنجێک بە جلی کوردستانییەوە لە جامەکەوە ملی دەرهێنابوو دەیوت: «لەبەر ئەوەی مەعاشەکەمان نەبڕن خۆمان کردووە بەفلیم، ئێمەش گۆڕانین، بژی گۆڕان...»، ئەی ئەوانەی لە ئاوابوونن، بڕوابکەن خەلک وشیارەو بەو کردەوانەتان چەواشەنناکرێت، خۆ ئێوە خۆتان بە شۆڕەسواری دیموکراسی دەزانن بۆ گلانتان قبوڵ نییە.

# کاندیدەکانی لیستی گۆڕان

## د.جوان ئیسماعیل:

هەولێر

## گۆڕانکاریی لە زانکۆکاندا دەکەین

سازدانی: ئارام شێخ وەسانی



**بەرەوگۆڕان: بەرنامەت چییە ئەگەر بوویت بە ئەندام پەرلەمان؟**

* دەتوانم کار بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ئیداری بکەمو بەشێوەیەکی پێشکەوتوو راهێنان بە فەرمانبەران بکەین لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئیداریی لە دامودەزگاکانی حکومەت، بەپێی ئەو بڕوانامەیەی هەمە دەتوانم کارێکی باش بکەم لە چۆنیەتی کەموکورتی ئیداریو لەم کۆمەڵگایەدا دەتوانین چارەسەری بکەین، دەبێت گۆڕانکارییەکی باشیش بکەین لە واقیعی زانکۆکان بۆئەوەی ئەو نەوانەی لە زانکۆوە پێدەگەن بەشێوەیەکی ئەکادیمیو زانستیانە پەروەردە کرابێتن لە بەشەکانیاندا، چونکە هەر کەموکوڕییەک هەبێت لە زانکۆدا لە هەموو دامودەزگاکانیش ئەم کەموکوڕییە رەنگدەداتەوە.

**بەرەوگۆڕان: بەبڕوای ئێوە لەو پسپۆرییەی تۆ کەموکوڕی هەبووە لە پەرلەمانی رابردوودا، ئایا ئێوە دەتوانن چارەسەری ئەو کەموکورتییانە بکەن؟**

* کەموکورتیمان زۆربووە هەمیشە لە کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵاو سەرۆکایەتی زانکۆ باسی ئەو کەموکورتیاینەم کردووە کە لە زانکۆکانی ئێمەدا هەیە، بەتایبەتی پلاندانان هیچ ساڵێک پلانێک نەبووە بۆ ئەو قوتابییانەی کە لە پۆلی شەشی ئامادەیی دەردەچن چۆن وەربگیرێنو لەسەر زانکۆکانی دابەشبکەن، چونکە گەورەترین کێشەی کوردستانی ئێمە نەبوونی زانکۆو پلانی وەرگرتنی قوتابییە نەبوونی سەرچاوەی زانستی بۆ خوێندنی زانکۆکان، هەروەها بابەتی نەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکانی خوێندن، لە راستیدا پێویستە هەموو هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ گەڕاندنەوەی ئاستی زانستی قوتابی، هەڵوێستی مامۆستای زانکۆ زۆر لاوازە، قەت بینیوتە مامۆستایانی زانکۆ دەنگ هەڵبڕن بڵێن ئەوە خراپە؟ پێوەری حیزبی زۆر کاریگەرەو وایلێهاتووە پێوەری حیزبی زاڵە بەسەر پێوەری زانستی، ئینتیمای حیزبی زۆر کاریگەرە، مامۆستا هەیە قوتابی خۆی بووەتە سەرۆکی بەشەکەی، ئەمە تەنها لەبەرئەوەی ئینتیمای بۆ حیزبێکی دیاریکراو نییە، هەروەها لایەنی یەکێتی قوتابیان لە زانکۆی سەلاحەدین تەداخولێکی زۆر دەکات، لە بڕیارەکانی زانکۆو بەشەکان، رێنمایی لەسەر ئەوکەسانە جێبەجێدەکرێت کە پشتگیریان نییە.

**بەرەوگۆڕان: وەک مامۆستایەکی زانکۆ پلانت چییە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعەی کە هەیە؟**

* بە بۆچوونی من بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بە پلەی یەکەم دەبێت هیچ پێوەرێکی حیزبی نەمێنێت، حیزب جیابکرێتەوە لە حکومەتو دووربخرێتەوە، هەموو ئەوکەسانەی هەوڵدەدەن ئەو واقیعە بگۆڕن حیزبییەکان کێشەیان بۆ دروست دەکەن، کە من باس لە گۆڕانکاری دەکەم لە زانکۆی سەلاحەدین مانای ئەوەنییە من دژی حکومەت کار دەکەم، بەڵکو بە پێچەوانەوە من دەمەوێت ئەو پێگە گرنگە رۆڵی خۆی بگێڕێت لەناو کۆمەڵگادا، لە راستیدا مامۆستایانی زانکۆ دەترسن لە مووچە بڕینو لە خانو دەرکردنو چەندین شتی دیکە، هەر بەو هۆیەشەوەیە کە هەڵوێستیان نییە، قسەیەک هەیە دەڵێت: «لەو دەریایە مەترسێ کە دەنگی هەیە، لەو دەریایە بترسێ کە بێدەنگە»، چونکە ئەگەر بەردەوام ئەو رێگرییە هەبێت لە بەرامبەر نیشاندانی هەڵوێست، هەروەها ئەگەر هەڵوێستیش هەبێت گوێی لێڕاناگیرێ، بەڵکو پێویستە هەموو ئەو هەڵوێستانە بەهەند وەربگیرێن، دەبێت ئەو کێشانەی کە هەیە چارەسەربکرێن نەک تەنیا گوێگرتن بێت، ئەگەر ئەو کێشانە هەروا بەردەوام بن رۆژێک دێت ئەو گرفتانە دەتەقنەوەو ئەو کات ناتوانین کۆنترۆڵی لەسەر بکەین، پێویستە مامۆستای زانکۆ بەشداری پێبکرێت لە بڕیارەکان بۆئەوەی دواتر هەر بڕیارێک دەرچوو دژی نەوەستێتەوە.

**پرۆفایل:د.جوان ئیسماعیل عەزیز**
ماستەر لە زانکۆی بەغدا
دکتۆرا لە بواری کارگێڕی لە زانکۆی سەلاحەدین
بۆ ماوەی (٢٥) ساڵە مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین
بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرۆکی بەشی کارگێڕی زانکۆی سەلاحەدین بووە

## عەلی بابەکر:

رانیە

## خەڵک ئەزموونی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پێشوو هەیەو دەزانن ناتوانن شتێکی عەجایبتر بکەن لەوەی پێشتر کردوویانە

سازدانی: دلێر عەبدولخالق

**بەرەوگۆڕان: وەک یەکێک لە کاندیداکانی لیستی گۆڕان، گرنگیو زەروریەتی ئەو لیستە بۆ واقیعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان لەچیدا دەبینیت؟**

* هاتنەکایەی لیستی گۆڕان لە ئەنجامی ئەو دادو بێزارییەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە دێت کە لەماوەی (١٨) سالی دەسەڵاتی کوردیدا دروستبووە لەبەرامبەر ئەو نا عەدالەتیو گەندەڵیو دۆخە خراپەی ئەو دەسەڵاتە پەیڕەویکردووە، لێرەشەوە لیستی گۆڕان وەک زەروریەتێکی ژیانی خەڵکی کوردستان هاتووەتە مەیدانەکەوەو لە چوارچێوەیەکی دیموکراسیو مەدەنیانەدا پەیامی خۆی بەخەلک دەگەیەنێتو کێبڕکێ دەکات لەسەر کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان.

**بەرەوگۆڕان: ئەوەی کە باسدەکرێت کارنامەو بەرنامەی لیستەکەتان تا رادەیەکی باش گرنگی بەهەموو چینو توێژو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانی داوە، واتە خواستەکانی تەواوی پێکهاتەکان لەبەرچاو گیراوە، پێتوایە ئەم کارنامەیە تاچەند خزمەت بە واقیعی هەرێم دەکات؟**

* بێگومان کارنامەی لیستی گۆڕان، کارنامەیەکی چڕوپڕەو هەموو لایەنەکانی ژیانی پێکهاتەو نەتەوەو کەمە نەتەوەییەکان تێیدا رەنگی داوەتەوە، جگە لەوەی بە کونو کەلەبەرەکانی ئەو لایەنانەدا شۆڕبووەتەوەو خاڵ بەخاڵی قسەی لەسەرکراوەو لە چوارچێوەیەکی زانستیو مەنتقیدا شیکراوەتەوە بۆ خەڵکی کوردستان، بۆیە ئەو بەرنامەو ئەو بەڵێنانەی بەخەلکیش دەدرێت لە ئایندەدا توانای جێبەجێکردنیمان هەیەو دەتوانێت گۆڕان بکات. پێشموایە ئەگەر خەڵکی کوردستان متمانەی بەو لیستە بەخشی، ئەوا کارنامەکەی کاریگەری تەواوی لەسەر واقیعی داهاتووی هەرێم دەبێتو خزمەتی دەکات.

**بەرەوگۆڕان: کەواتە جیاوازی کارنامەی لیستی گۆڕانو لیستە بەشداربووەکانی دیکەی هەڵبژاردنی پەرلەمان چییە؟**

* ئەوەی روونو ئاشکرایە خەڵکی کوردستان ئەزموونی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پێشوو هەیەو دەزانرێت ناتوانن شتێکی عەجایبتر لەوەی پێشتر کردوویانە بکەنو بخولقێنن، دیارە ئەوەی پێشتریش ئەو دەسەڵاتە کردوویەتی بووەتە مایەی نارەزایی خەڵک نەک دەستخۆشی، چونکە کاربەدەستان هەمیشە بەدوای بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیانەوە بوونو کەمتر بیریان لە بەرژەوەندی گشتی خەڵک کردووەتەوە، بەڵام لیستی گۆڕان چ وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری چ وەک دیاردەیەکی سیاسی نوێو لەئەنجامی ئەو پشتگیرییە جەماوەرییە زۆرە خۆبەخشەی هەیەتی ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت ببێتە جێگەی متمانەی خەڵکو کارنامەکەشی بەشێوەیەک دارێژراوە بەر لە بوارە تیۆرییەکەی، بیر لە واقیعو مەودای جێبەجێکردنی کراوەتەوە، هاوکاتیش ئەوەی دەنگ بە بەرنامەکەی ئێمە دەدات بەر لە هەرشتێک توانای لێپرسینەوەی لەگەڵ ئێمەدا دەبێتو چاودێرێکی هەمیشەییمان دەبێت بۆئەوەی بەردەوامبین لە خزمەتکردنی جەماوەرەکەمانو سڵ نەکەینەوە.

**بەرەوگۆڕان: دوای ئەوەی متمانەی جەماوەر بە دەستدەهێننو لە گرنگترین ئەرکە لە پێشینەییەکانتان چین؟**

* سیستمی مووچە نالەبارەو بۆشاییەکی گەورە هەیە لەنێوان مووچەی ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندانو بەرامبەر ژمارەیەکی کەم لە بەڕێوەبەرەکان، کە پێکهاتەی یەکەم زۆرینەی خەڵکی زەحمەتکێشنو پێویستیان بە هاوکارییە، ئەمەش بۆیە ئەرکێکی گرنگە، چونکە زۆرینەی خەڵکی کوردستان بۆ بژێوی ژیانیان پشتیان بە مووچە بەستووە بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی دادپەروەری



پێداچوونەوە بۆ ئەو سیستمە بکرێت، بوژانەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵو پیشەسازی، بنەبڕکردنی گەندەڵیو دەستەبەرکردنی شەفافیەت لە بودجەدا، هەوڵدان بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کاربەدەستانەی کە لەسەر ماڵو سامانی گشتی دەوڵەمەندبوونو بەرپرسیاریەتی خۆیان لەبەرامبەر میللەت بیرچۆتەوە، ئەمانە بەشێک لەئەرکە گرنگەکانی ئێمەن.

**بەرەوگۆڕان: ئەگەر گەیشتنە پەرلەمان چ وەک (هێزی کارا یان ئۆپۆزسیۆن)، بەڵێن دەدەن بەرگری لە عەدالەتی کۆمەڵایەتیو شەفافیەت لە بوارە سیاسیو ئیدارییەکان بکەن؟**

* وەکو یەکێک لە کاندیدەکانی لیستی گۆڕان، لەلای خۆمەوە پێم باشە ئەگەر متمانەی جەماوەرم بەدەستهێنا پێش چوونم بۆ پەرلەمان هەموو سەروەتو سامانم بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێت، دوای تەواوبوونی خولی پەرلەمانیش سامانەکەم بخرێتەوە بەرچاوی خەڵک، بۆئەوەی بزانرێت لەوماوەیەدا خەریکی زیادکردنی سامانی خۆم بوون یان هی میللەتەکەمو هێنانەدی خواستی جەماوەر، ئامانجی ئێمە خزمەتکردنو دەستەبەرکردنی شەفافیەت لەهەموو رووەکانو پاراستنی مافی یەکسانی هەموو خەڵکە.

**بەرەوگۆڕان: دانیشتووی رانیەی دەروازەی راپەڕینیت، وەک کاندیدێک لەوشارە تاچەند خواستو پێویستیو داواکارییەکانی جەماوەری رانیە لەبەرچاو دەگرن؟**

* بەر لەهەر شتێک من کوردستانیمو بەرگری لەهەموو کوردستان دەکەمو دژی ناوچەگەرێتیم، وەک خەڵکی رانیەش راستەییەک هەیە، رانیە وەک ناوچە لەو ناوچانەیە کە بەتەواوی فەرامۆشکراوەو لەو رووەشەوە هەڵوێستی سیاسیو ئیدارییان نواندووە، بۆ وەبیرهێنانەوەش یەکەم قەزا بووە خەڵکەکەی خۆپیشاندانیان کردووە دژی کەمی خزمەتگوزاری لە مانگی ٦ ی٢٠٠٦دا. رانیە خۆشی وەک یەکێک لە قەزاکانی نزیک لە گردەکەو لیستی گۆڕان ناوی رۆیشتووە، بۆیە زۆرجار حیزبی دەسەڵاتدار لە رووی سیاسییەوە زیاتر فەرامۆشیکردووە، بۆیە خواستی ئەوخەڵکەش وەک جەماوەرێکی شۆڕشگێڕو خۆنەویست لە پەرلەماندا بەرگری لێدەکرێتو لەبەرچاودەگیرێت.

**پرۆفایل:**
عەلی بابەکر هۆمەر
١٩٧٢ لە رانیە لە دایکبووە
دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانییە
مامۆستایە لە پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی رانیە

## بەڕێوەبەری پێشووی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەت و سکرتاریەتی تاڵەبانی:

# خەڵکی شەنگال و ئێزدییەکان دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەن

سازدانی: دلێر عەبدولخالق

لە دیدارێکی بەرەو گۆڕاندا، خەیری شنگالی بەڕێوەبەری پێشووی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم، ئاماژە بەوە دەکات، ئێزدییەکان زیاتر لە دانیشتوانی دیکەی هەرێم لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و ئەو دوو حیزبە دووچاری کێشەو کەمی خزمەتگوزارییەکان بوونەتەوەو نارەزایەییەکی گەورە لەناو دانیشتووانی ئێزدییەکان دروستبووە بەرامبەر ئەو ناعەدالەتییەی دەسەڵات پەیڕەویکردووە. هاوکاتیش پێیوایە لیستی گۆڕان گرنگی و بایەخی بێسنووری بۆ ئێزدییەکان هەیە، زۆر لە دانیشتووانیان پەیوەندییان بەو لیستەوە کردووەو متمانەی پێدەبەخشن.

**بەرەو گۆڕان: ئێستا لە هەرێمدا شەپۆلێکی گەورەی نارەزایی لە کەمی خزمەتگوزاری، نەبوونی یەکسانی و لا لێنەکردنەوە لەخەڵکی هەژارو کەمدەرامەت، بەرامبەر حکومەت و دەسەڵاتی هەرێم دروستبووە، ئایا ئەو نارازییە ئێزدییەکانیشی گرتووەتەوە، وەک پێکهاتەیەکی گرنگی هەرێم؟**

– بەڵێ ئەو حاڵەتە لەناو ئێزدیەکان زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان رەنگیداوەتەوە، چونکە کەمتەرخەمیەکانی دەسەڵات و حیزبە کوردییەکان لەو ناوچانەی ئێزدییەکانی تێیدا نیشتەجێن زیاترە، بۆ نموونە تائێستا هیچ گوندێکمان ئاوەدانکراوەتەوە، لەکاتێکدا دێهاتەکانی دیکەی پارێزگای دهۆک کە مسوڵمانەکانی تێدانیشتەجێن هەموویان گرنگی زۆریان پێدراوە، هەروەک هیچ هەوڵێک نەبووە بۆ باشکردنی بژێوی ژیانی خێزانە ئێزدییەکان و دەتوانم بڵێم بە هاوڵاتی پلە دوو حیسابیان بۆ کراوە، جگە لەوەی بەهۆی جیاوازی ئاینیشەوە لە سنووری بادینان بارودۆخی ئێزیدەکان باش نییە، تەنانەت کرێکارە ئێزدییەکان لە شنگالەوە کە (٩) کاتژمێر لە سلێمانییەوە دوورە، دێنە ئەو شارە کرێکاری دەکەن، چونکە هەلسوکەوتیان لەگەڵیاندا باشە، کاتێکیش کە ناوچەکانی وەکو شنگال و بەعشیقەو تلکێف ئازادکران، زۆر ئیهانە بە کوردە ئێزدییەکان کرا هەر لە چەککردنی خەڵک و زیندانیکردن و ئیهانەکردن. لەبارەی خزمەتگوزاریشەوە ئەوەی هەیە خزمەتگوزاری حیزبییەو خزمەتگوزاری حکومی بوونی نییە، هەروەها ئەوەی پارتی تەسکیەی نەکات دانامەزرێت بەو هۆیەشەوە گەنجان بەڕێژەیەکی زۆر دووچاری بێکاریی بوونەوە، لەڕووی تەندروستی و پەروەردەشەوە خراپن، تەنانەت ناحیە هەیە پزیشکێکی تێدا نییە.

**بەرەو گۆڕان: زیاتر لە (٣٠) هەزار هاوڵاتی ئێزدی دەتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمدا بکەن، لەم هەڵبژاردنەشدا یەکێک لەو لیستە جدی و جەماوەرییانەی بەشداری دەکات لیستی گۆڕانە، کە داوای عەدالەت و رەخساندنی هەلی وەک یەک دەکات لە هەرێمدا، هاوکاتیش لە رێورەسم و دەقە ئاینییەکانی ئێوەشدا عەدالەت و یەکسانی زۆر گرنگی پێدراوە، با بزانین ئێزدییەکان کە کوردی رەسەنن، تاچەند متمانەی خۆیان بەو لیستە دەدەن؟**

– راستە، دەقە ئاینیەکانمان زۆر جەخت لە دادپەروەریی و یەکسانی و رەچاوکردنی ژیانی هەژاران و ژیانی بێ دایک و باوکان دەکاتەوە، لیستی گۆڕانیش بەر لەوەی قەوارەیەکی هەڵبژاردن بێت، شۆڕشێکی رۆشنبیریی و مەدەنییە بۆ خەڵکی زەحمەتکێش و مافخوراوە هەڵگیرساوە، بۆیە ئێزیدییەکانی بادینانیش بە بایەخەوە لەو لیستە دەڕوانن و ئاگاداری ئەوەن جەماوەرێکی بەرفراوانی هەیە، هەر وەک ئێزدییەکانیش پێیانوایە دەبێت ژیان و گوزەران و مافەکانی ئێزدییەکانیش گۆڕانی بەسەردابێت، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆریان پەیوەندییان بەو لیستەوە کردووە کە متمانەیان پێی هەیە، بە ئامانجی ئەوەی لە سایەی دەسەڵاتێکی عادل و دادپەروەر هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی هەرێم پێکەوە بژین و مافخوراو نەبن.

**بەرەو گۆڕان: سەرکردە گەورەکانی کورد بە (حیزبی و حکومی)یەوە، زۆر بە شان و باڵی خەڵکی ئێزدییدا هەڵدەدەن و هەمیشە جەخت لە پاراستنی مافەکانیان دەکەن، ئایا ئەو فۆرمە قسە کردنە تاچەند لە ژیانی ئێزییدیەکاندا رەنگیداوەتەوە؟**

– بەداخەوە، سەرکردەکانی کوردو هی دوو حیزبەکە، لە ئێزدیەکان تێناگەن و تەنیا گرنگی بەدوو تا سێ بنەماڵە دەدەن و خەڵکەکەی دیکەیان فەرامۆشکردووە، واتە مافەکانیان هەر بۆ ئەو خەڵکە خانەدانەیەو وادەزانن ئێزدییەکان هەموویان ئەو سێ بنەماڵەیەن. لە خولی یەکەم و دووەمی پەرلەمانیش و ئەوەی ئێستاش کاندیدکراوە، تەنیا لەو بنەماڵانە دانراوەو بە ویراسی بۆیان ماوەتەوە!؟ کەواتە حیساب بۆ چەندین کادیری خاوەن بڕوانامەو هۆشیارناکەن کە کوڕی خەڵکی فەقیری ئێزدیەکانن، جگە لەوەی ئەم کەسانە ناتوانن نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە بکەن، بەڵکو نوێنەرایەتی حیزبەکان و دواتریش بنەماڵەکانیان دەکەن و خەڵکەکەی دیکەیان بیرچووە، بۆیە ئێستا دەرفەتە ئەو خەڵکە روو لە گۆڕان بکەن. تائێستاش هیچ پۆستێکی سیاسی نەدراوەتە ئێزدییەکان، تەنانەت ئەو وەزارەت و پۆستانەی کە هەشن تەنیا رەمزیین و بۆ ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی لە راگەیاندنەکانەوە بڵێن مافی ئێزدییەکان نەخوراوە، نموونەی زۆر لەو رووەوە لەبەر دەستە: چوار ساڵ بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدەکان بووم لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم تەنیا کەسێکم بۆ دانەمەزرا!؟ (٤٠٠٠) مزگەوت لە کوردستاندا هەیە مافی دروستکردنی پەرستەگەیەک بە ئێمە نەدرا، تەنانەت پێویستی و رایەخەی پەرستەگەشمان بۆ دابین نەکراوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو غەدریش لە ئێزدیەکان دەکرێت لە شێخان زەوی و زاری ئێزدییەکان داگیردەکرێت، بۆ نموونە لە گوندی دووشیوان بەرپرسێکی حیزبی هاتووە زەوییەکی گەورەی داگیرکردووەو گوندی لێدروستکردووە.

**بەرەو گۆڕان: کەسایەتییە ئاینییەکان چۆن ئەم واقیعەیان قبوڵکردووە؟**

– میرو بابەشێخ مووچە لە حیزب وەردەگرن و چاوپۆشیان لەو واقیعە کردووە، حیزبەکان هەموو شوێنەکانیان داگیرکردووە، تەنانەت ئەنجومەنی روحانیمان هەیە لە کۆمەڵێک کادیری پارتی و یەکێتی پێکهاتووە.

**بەرەو گۆڕان: دوو بەرپرسیارێتی گەورەت لە وەزارەتی ئەوقاف و سکرتاریەتی یەکێتیدا هەبووە، بەڵام ئێستا وازتهێناوە پشتگیری لە لیستی گۆڕان دەکەیت، ئایا ئەو لیستە چ پەیام و بەرنامەیەکی گرنگی هەیە، کە دەتوانێت هەموو پێکهاتەکان لەژێر چەترەکەیدا کۆبکاتەوە؟**

– بەرنامەی لیستی گۆڕان وەک چۆن بۆ هەموو کوردستان گرنگە، بۆ ئێزدییەکانیش وەک بەشێک لەو هەرێمە گرنگی بێسنووری هەیە، لەوانە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب و حکومەت لە ناوچە ئێزدەی نشینەکان، چونکە هەردەسەڵاتی حیزبی هەیەو ئەوەی پێیدەوترێ حکومی هەر بەناوی حیزبەوە دەکرێت، ئەگەر دادپەروەری هەبێت بۆ هەموومان گرنگە، رێزگرتن لە ئایین و کەمەنەتەوەکان دیسانەوە بۆ ئێمە زۆرگرنگە، چونکە ئێزدیەکان ئاینێکی بە ژمارە کەمیان هەیە کە دەگاتە نزیکەی (٦٠٠) هەزار کەسێک، هەر وەک بۆ ئەوەی ببینە هاوڵاتی پلە یەک و یەکسان بین لە ماف و ئەرکەکانمان دەبێت دەنگ بەو لیستە بدەین، بۆ ئازادی تاکیش دیسانەوە ئەو لیستە گرنگی خۆی هەیە، چونکە تائێستا خەڵکی ئێمە ناتوانن بە ئازادانە قسەبکەن، بەڵام لە ناخەوە زۆر توڕەن و دەمێکە چاوەڕێن ئەو توڕەییە بکەنە کردار، بۆیە لیستی گۆڕان دەبێتە ئەو سەکۆیەی کە دەبێت پێش هەموو خەڵکی کوردستان، ئێزدییەکان کە کوردی رەسەنن دەنگی پێبدەن.



بەرنامەی لیستی گۆڕان وەک چۆن بۆ هەموو کوردستان گرنگە، بۆ ئێزدییەکانیش وەک بەشێک لەو هەرێمە گرنگی بێسنووری هەیە

**پرۆفایل:**

**خەیری حەسەن خەلیف (خەیری شنگالی)، ١٩٦٦ لە گوندی کەیسێ- شنگال لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی پۆلیسی قەڵاچوالان ١٩٩٨، بەکالۆریۆسی راگەیاندن- زانکۆی سلێمانی، پێشتر بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییەکان بووە لە وەزارەتی ئەوقاف، ئەندامی مەکتەبی کاروباری ئێزدیەکان بووە لە سکرتاریەتی جەلال تاڵەبانی.**

# پشدەر: بەڵێ بۆ گۆڕان

پشدەر: دلێر عەبدولخالق

**خەڵکی دەڤەری پشدەر بەجۆش و خرۆشەوە پشتگیری لە لیستی گۆڕان دەکەن و خەون و ئاواتەکانیان لە بەرنامەی لیستی گۆڕاندا دەبیننەوە، هەر بەم هۆیەشەوە داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەن لیستی گۆڕان بە لیستی خۆیان بزانن و ٢٥ی ئەم مانگە دەنگی بۆ بدەن.**



**قادر رەسوڵ**
**(کەسوکاری شەهید)**

دوای ئەوەی بەرنامەی لیستی گۆڕانم خوێندەوە بڕیارمدا دەنگی پێبدەم، چونکە وەک کەسوکاری شەهیدێک بەرنامەکەیان گوزارشت لەخواستی هەموو کەسوکاری شەهیدان دەکات، بەتایبەت جیاوازی نەهێشتن لەنێوان شەهیدی سەرکردەو شەهیدانی دیکە، چونکە لەراستیدا شەهید هەر شەهیدە. بەشێوەیەکی گشتیش خەڵک چەندین ساڵە رەخنەی لەو دەسەڵاتە هەیە، ئێستا هەڵبژاردن هاتووەتە پێشەوەو دەرفەتێکە، با گلەیی و گازندەکانمان بکەین بە دەنگ و لیستی گۆڕانی پێ سەربەخەین.



**عەبدوڵڵا محەمەد**
**(مامۆستا لە ناحیەی هێرۆ)**

حکومەتی هەرێم لەئاستی پێویستدا نەبووە، دوای (١٨) ساڵ تائێستاش لەناحیەکی ئێمەدا کارەبای نیشتمانی نییە، نەخۆشخانەمان نییە، باخچەی ساوایان و چەندین پێویستی دیکەمان هەیە کە چەندینجار بەڵێنمانپێدراوە، بەڵام بۆیان جێبەجێنەکردووین، لیستی گۆڕان دەتوانێت بە بەرنامە کار بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی دانیشتووانی ناوچەکان بکات و لەجێی خۆیەتی هەموومان دەنگ بەلیستی گۆڕان بدەین.



**مەلا زەیف ئیبراهیم**

ئەمڕۆ پێویستمان بەگۆڕانە، گۆڕانیش بەئامانجی باشکردنی ژیانی خەڵک، رەچاوکردنی یەکسانی، میللەت لەلایەن دەسەڵاتەوە بە یەکچاو سەیربکرێت، بەڵام ئێمە (١٨) ساڵە دەبینین نە یەکسانی هەیەو نە حساب بۆ خەڵک دەکەن و نە لەبەرژەوەندیی خەڵکیش ئیش دەکەن، بۆیە ناهەقی هەیە.. کەواتە هەقە چاو لەو ناهەقیانە نەپۆشین و بیکەینە دەنگ بۆ لیستی گۆڕان، چونکە بەراستی بۆ ئەم قۆناغە هەر ئەو لیستە گۆڕان و چاکسازیی پێدەکرێت.



**عائیشە مەحمود**
**(خوشکی شەهید سنەوبەر)**

ئێستاو داهاتووش هەر لەسەر رێبازی کۆمەڵەبووین و هەر لەسەر ئەو رێبازەش دەمێنینەوە، ئێستا کە پێشڕەوانی ئەو رێبازە بە لیستێک بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا دەکەن، دەنگی خۆم و ماڵ و منداڵیشم بۆ لیستی گۆڕانە، چونکە لیستی هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەرە، لیستی شەهیدان و لیستی پێشمەرگەو لیستی خەڵکی هەژارە، لیستی نەهێشتنی گەندەڵی و چەسپاندنی یەکسانییە. سەیرە ئەو دەسەڵاتەی ئێستا هەیە داهاتی خۆشمان پێڕەوانابینن، پارەی خۆمان بۆ دەکەن بەپرۆژە کەچی منەتمان بەسەردا دەکەن، بۆیە ئێستا دەنگی هەموومان بۆلیستی گۆڕانە، بەتایبەت کەسو کاری شەهیدان.



**دڵشاد قادر (مامۆستا)**

لەماوەی (١٨) ساڵی حوکمڕانی دەسەڵاتی ئەمڕۆ، گۆڕانێکی ئەوتۆمان بەدی نەکردووە، ئێستا کە هەڵبژاردنمان لەپێشە، وەک مامۆستایەک تاکە هیوایەک بەدی بکەم بۆ گۆڕان لە لیستی گۆڕاندایە، بۆیە دەنگ بەو لیستە دەدەم و داواش لەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکەم دەنگ بدەن بەلیستی گۆڕان، چونکە پێویستی هەموومانە.

## عەبدوڵڵا ڕێشاوی دەرچووی زانکۆی ئیسلامی:

# گۆڕین داخوازییەکی ئیلاهییو ئاینییە

سازدانی:بەرەوگۆڕان



**لـەم دیمانەیەدا عەبدوڵڵا ڕێشاوی، ڕۆژنامەنووسو دەرچووی زانکۆی ئیسلامی بەغدا تیشک دەخاتە سەر پێویستیی گۆڕانو گۆڕین لە سیستمی ئێستای حوکمڕانی کوردستاندا، پێشیوایە «گۆڕان تەنیا لیست نییە، بەڵکو بزوتنەوەیەکی میللییەو ناونیشانی قۆناغێکە».**

**سەبارەت بەو پڕوپاگەندانەی لەدژی (گۆڕان)یش دەکرێن، دەڵێت: «ئەو عەقڵیەتەی دوێنێ پڕوپاگەندەی خیانەتی بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی دەکرد، ئەمڕۆ پڕوپاگەندەی تەکفیرو کافرکردن بۆ لیستی گۆڕان بڵاودەکاتەوە».**

**«ئـــەوان بەدەستی بێدەستنوێژەوە دەست بۆ ئاین دەبەنو وەک کەرەستەیەکی پڕوپاگەندە بەکاریدەهێنن، ئەمەش تاوانێکە بۆچەواشەکردنی خەڵکو بەرامبەر ئاین ئەنجامی دەدەن»**

ڕێشاوی، کە کوڕی یەکێک لەپێشەوا دێرینو ناودارەکانی (ئیخوان موسلیمین)ی کوردستانە(م.عومەر ڕێشاوی-٢٠٠١کۆچی دوایی کردووە) پێیوایە گۆڕین داخوازییەکی گشتییەو ئاینیش داوای دەکاتو مێژووش دەیسەپێنێت، گۆڕانیش بزووتنەوەیەکی میللییەو لەهەموو چینو توێژو ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانی کوردستانی تێدایەو خەمو گرفتی هاوبەش دروستیکردووە.

**بەرەوگۆڕان: سەرەتا دەپرسین گۆڕان لە ڕوانگەی ئاینەوە ڕەگو ڕیشەی بۆکوێ دەگەڕێتەوە، بە وەبیرهێنانەوەی ئایەتی (ان الله لایغیر مابقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم).**

* بۆ قسەکردن لەچەمکی گۆڕان، ئەو ئایەتەی لەسورەی(رعد-ئایەتی ١١) هاتووە کە باستکرد، دەستپێکردنێکی جوانە، ئەو ئایەتە ئـامـاژەدانـە بـەوەی کە گۆڕینو گۆڕانکاری لە کایەکانی ژیاندا، نەک تەنیا زەرورەتێکی مێژوویيو گەردوونییە، بەڵکو داخوازییەکی ئیلاهيو ئاینیشە، کە پێویستی گۆڕان وەک چەمکێکی گشتگیرو هەمەلایەن دووپاتدەکاتەوە.

بەپێی ئەم ئایەتە گۆڕان شتێک نییە لە ئاسمانەوە دابەزێت، بەڵکو پرۆسەیەکە لە زەمینەوە هەڵدەقوڵێت، واتە وابەستەی ئـیـرادەی ئینسانو کۆمەڵگەکانەو تا ئینسانەکان بڕیار لە گۆڕینی شێوەی ژیانو گوزەرانی خۆیان نەدەن هیچ دەستێک لە میتافیزیکەوە گۆڕان لە ژیانو گوزەرانیاندا درووست ناکات.

لە بابەتێکی پێشوودا لەرۆژنامە ئاماژەم بەوە دابوو کە تا( گۆڕین) نەکەین، خۆری (گـۆڕان) لەهیچ سوچێکی ئەم وڵاتـەوە هەڵنایەت، بۆیە پێویستە خەڵکی ئێمە چاوەڕێی گۆڕان نەکەن، بەڵکو ئیشی بۆبکەن، تا ئەو ساتەی بەچاوی خۆیان گۆڕان لەزۆربەی کایەو دامـودەزگـاو سیستەمە سیاسيو ئیدارییەکانی وڵاتەکەدا دەبینن. ئەو گۆڕانەش دەبێت بەردەوام بێتو تەنیا بۆ ئەمڕۆ نەبێت، بەڵکو ببێتە عەقڵیەتی تاکەکانو تەبیعەتی کۆمەڵگەکەمان.

نهێنییەکی دیکەی ئایەتەکە لەوێدایە کە گۆڕانی ڕاستەقینە لەناخی مرۆڤەوە دەستپێدەکات، واتە تۆ بۆئەوەی دەرەوەو کۆمەڵگەو سیستەمە سیاسيو ئیدارییەکانی بەرەو چاکتر بگۆڕیت، دەبێت لەپێشەوە ئینسان بگۆڕیت، ناخو دەروون بگۆڕیت، ئەمەش بەوە دەبێت کە ناخو دەروونەکان ئامادەبن بۆگۆڕینو گۆڕانکاری.

ئەم ئامادەکردنە فاکتەرێکی گرنگیشە بۆ بەردەوامی پێدانی دروشمەکانی گۆڕانو تەرجەمەکردنیان بۆ بوونەوەری زیندوو لەداهاتوودا، واتە بۆ پراکتیزەکردنیان لەسەر ئەرزی واقیع، واتە گۆڕان دروشمی ئەمڕۆو بەرنامەو پراکتیکی سبەینێ بێت، نەک دروشمی ئەمڕۆو (عوزڕ)ی سبەینێبێت!.

**بـەرەوگـۆڕان: حالی حـازر هەندێک پڕوپاگەندە بەدەم لیستی گۆڕانەوە دەکرێتو بەلیستێکی (دژەدین)تۆمەتباری دەکەن، تۆ پێتوایە هۆکاری ئەم پڕوپاگەندانە چین؟**

* ئـەو تۆمەتانە دەچنە نـاو بازنەی سیاسەتی (شائعات) سیاسەتی (پڕوپاگەندە) کە زۆرکات ڕکابەرو نەیارەکان لەدژی یەکتر بەکاری دەهێنن، ئەم (تەکفیر) کردنەی لیستی گۆڕان کە تۆباسی دەکەیت دەرهاویشتەی هەمان عەقڵیەتی (تەخوین)کردنە، کە لەڕابردوودا هەمان ئەم عەقڵیەتو دەسەڵاتە، خەڵکی دیکەی بەخائینو بەکرێگیراوو توندڕەوو(کلکی سعودیەو میسر) تۆمەتبار دەکرد، ئەم عەقڵیەتە هەر ئەو عەقڵیەتەیە، بەبزووتنەوەی ئیسلامی دەوت «کوردستان دەکاتە حەبەشە» ئێستاش بەنەوشیراوان مستەفا دەڵـێـن کـافـرو شتی تـر، ئەمە عەقڵیەتێکە لەسەر پڕوپاگەندەو دوژمنایەتيو جنێودان دەژيو توانای ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەقینەی نییە، من لێرە بەناوی نەوشیروان مستەفا یان لیستی گۆڕانەوە قسەناکەم، بەڵام ئەوەش دەزانم کە هەرخودی وتەبێژی لیستی گۆڕان، لەبنەماڵەیەکی ئاینپەروەرەو باوکی زانـای ئاینی بـووە، مەلاسەعیدی زمناکۆ کە زانایەکی ئاینی ناوداری شاری هەڵەبجە بووە، باوکی دکتۆر شاهۆ سەعید وتەبێژی لیستی گۆڕانە، لەبەرئەوە ئەمجۆرە موزایەداتانە یارییەکی بێئەنجامە.

مـن پێموایە ئـەوانـەی ئـەم جـۆرە پڕوپاگەندانە بڵاودەکەنەوە بەشێوەیەکی ناشیرینو نابەجێ ئاین وەک کەرەستەیەک بەکاردەهێنن بۆ مەرامەکانی خۆیانو لێدانی بەرامبەرەکانیان، ئەوان ئاینیان کردووەتە کەرەستەی پڕوپاگەندە، ئەمەش بۆخۆی تاوانێکە بەرامبەر ئاین دەکرێت، چونکە تۆ کەباسی ئاینت کرد دەبێت بەدەستی بەدەستنوێژەوە باسی بکەیت، ئەوانەشی ئەم پڕوپاگەندانە دەکەن باوەڕناکەم لەژیانیاندا دەستنوێژێکیان گرتبێـت، تۆ کەخۆت تا قورقوڕاگەت لە گەندەڵيو فەسادو ناعەدالەتيو نایەکسانیدا چەقیبێت، ئیتر بەچ بوێريو بێشەرمییەکەوە باسی ئاین دەکەیت، ئاین ویژدانی خەڵکو پیرۆزییەکانییەتی، دەســت بـۆبـردنو بەکارهێنانی وەک کەرەستەی پڕوپاگەندە بێڕێزییە بەخودی ئاین.

**بەرەوگۆڕان: لێرەدا دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین کە داخۆ تائێستا کێ حوکمی ئەم وڵاتەی کردووە؟ خۆ ئەوەی حوکمی ئەم وڵاتە دەکات ئەولیا نییە! هەروەها ئایا ناعەدالەتيو گەندەڵییش کە ئەم حکومەتەی ئێستای پێتاوانبارە بۆخۆی جۆرێک نییە لە بێدینی؟**

* بەڵێ زۆر ڕاستە، ئێمە دەبێت بپرسین ئاينو ئاینداری چییە؟ ئایا ئاین هەر ئەوەیە چەند دروشمێک بەرزبکەینەوەو خۆمان وانیشان بدەین موسوڵمانین، وەک سەدامیش دەیکرد، ئیدی دوای ئەوە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ بوونی گەندەڵيو ناعەدالەتيو بێڕێزیکردن بەئینسان نـەبـێـت؟! ئەم بیرکردنەوەیە کارەساتە، ئاین لە ناوەڕۆکدا عەدالەتو یەکسانییە، ڕووبەڕووبونەوەی

> **لەوانەیە نەوشیروان مستەفا عەیبی دیکەی نەبێت تا پێی تۆمەتباری بکەن، بۆیە ئەم تۆمەتەی لەگەڵ بەکاردێن، واتە نوکتەکە لەوەیایە لەوانەیە نەیانتوانیبێت بڵێن «خەباتی شاخی نییە»چونکە هەیەتی، یان «گەندەڵە»، بۆیە دەڵێن «بێدینە» ئەمە جۆرێکە لەنوکتەو خۆگێلکردن**

گەندەڵییە، جێبەجێکردنی دادپەروەرییە.

چەمکێکی زۆرگرنگ لە ئیسلامدا هەیە، ئەویش چەمکی (ڕێگریکردنە لە خراپەو فەرمانکردنە بەچاکە) ئەم چەمکە ڕێگەیەکە بۆ پراکتیزەکردنی موسوڵمانێـتی لە کایە ئیداريو سیاسيو حکومییەکاندا، تۆ لە ڕووبـەڕووبـوونـەوەی گەندەڵیدا چەمکی (ڕێگرپکردن لە خراپە)جێبەجێدەکەیت، بەهەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی عەدالەتو یەکسانیش چـەمـکـی (فـەرمـانـکـردن بەچاکە)جێبەجێدەکەیت.

دوای ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگ لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکەین هەڵوێستی ئەم حکومەتەی ئێستایە لەبەرامبەر ئاينو کارەکتەرەکانی، بۆ نموونە پیاوانی ئاینی، ئایا ئەم حکومەتە چ ڕێزێکی لەپیاوانی ئاینی گرتووە؟! پیاوێکی ئاینی کە جگە لە کارەکەی خۆی ناتوانێت هیچ کارێکی دیکە بکات مووچەکەی لای ئەم حکومەتە چەندە؟ لەڕاستیدا ئەم سیستمە سیاسییەی ئێستا لەکوردستاندا بەرقەرارە، پیاوی ئاینی ئێمەی خستووەتە ژێر فشارێکی ئابووری وسیاسيو کۆمەڵایەتیی قورسەوە، هەرلەبەر ئەمەشە هەندێک لەزانایان بەناچاری دەچنە پاڵ ئەم حیزب یان ئەو حیزب.

زۆرکات زانایانی ئاینیی ئێمە داوایاندەکرد کەباوەک چۆن جەژنی کریستیانەکان لەکەناڵە ڕەسمییەکانەوە پەخشدەکرێت، با نوێژی جەژنەکانی موسوڵمانانیش پەخشبکرێت، کەچی نەک هەربەگوێیان نەکردن، بەڵکو چەند زانایاکی ئاینی بەڕێزیشیان بەم هۆیەوە لەسەرکارلادا، ئەمە ئەو حکومەتەیە کە ئێستا بۆمەرامی هەڵبژاردن باس لە ئاينو ئاینداری دەکات. هەر ئاین ماوە کاسبی بەسەرەوە بکەنو دەنگی پێ پەیدا بکەن!

**بەرەوگۆڕان: باشە کاک عەبدوڵڵا پێتوانییە کێشەی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە کێشەیەکی ئاینی نییە، بەڵکو سیاسییە؟**

* ئەمە زۆر ڕاستە، کێشەی ئێمە بەپلەی یەک کێشەیەکی ئیداريو سیاسییە، کێشەی بوونی گەندەڵییە لە دامودەزگاکانی حکومەتدا کەئەمەش زۆربـــەی چینوتوێژەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بەدەستییەوە دەناڵێنن، هەرئەمەشە ئێستا هەموو ئەو چینو توێژانەی لە بزووتنەوەیەکی جـەمـاوەریی وەک (بزوتنەوەی میللیی گۆڕان)دا کۆکردووەتەوە، لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین گۆڕان لیست نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەو ناونیشانی قۆناغێکە، بزووتنەوەیەکە لەئێستاداو بەردەوامیش دەبێت.

پاشان ئەگەر سەرنج بـدەیـ هەموو ئەو لیستو قەوارانەی لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکەن هیچیان بەنوێنەرایەتیی ئاین نەهاتوونەتە ناو ململانێکەوە، جگە لیستی (بزووتنەوەی ئیسلامی) نەبێت کە وەک خۆی دەڵێت»نوێنەرایەتیی ئیسلام» دەکات لە پەرلەمانداو ئەمەش مافی ڕەوای خۆیانە، ئیدی هەموو ئەوانی دیکە کۆکتێلێکن لە خەڵکی نیشتمانيو سیاسەتمەدار لە چەپەوە بۆڕاست.

حــەزدەکــەم ئــەوەش ڕوونـکـەمـەوە بزووتنەوەی گۆڕانیش هەربەو شێوەیەیە، لەهەموو بەشەکانی ئەم کۆمەڵگەیەی تێدایە، خەڵکی نوێژخوێنو دینداری تێدایەو خەڵکی تریشی تێدایە، ئیسلامی تێدایە، عیلمانیشی تێدایە، ئەمە نەبووەتە پێوەر یان لەمپەر، بەڵکو ئـەوەی ئـەم خەڵکەی بۆگۆڕانو گۆڕین کـۆکـردووەتـەوە ئێشو ئـازارو مەینەتیەکی هاوبەشە، کە هەموو چینی هەژارو کەمدەرامەت بەدەستیەوە دەناڵێنن، هەموو شۆفێرەکانی تاکسی هەموو ئەوانەی کە بۆپەیداکردنی بژێوی ژیانیان ناچارن لە یەک ئیشو دوو ئیش زیاتر بکەن، وەک مامۆستاکانو فەرمانبەران ئەمڕۆ خوازیاری گۆڕانن، بەجیاوازی ئینتیماو ئایدۆلۆژیایان.

بـۆیـە ئـــەوەی ئـــەم هــەڵــبــژاردنــە لەهەڵبژاردنەکانی دیکە جیادەکاتەوە شکانی دیواری حیزبو کاڵبوونەوەی ڕەنگوبۆی ئایدۆلۆژیایە، تۆخبوونەوەی جیاوازی چینایەتيو نا عەدالەتی کۆمەڵایەتيو خەموگرفتی هاوبەشی هاوڵاتییانە.

پێویستە بڵێین ئێستا لەهەموو جیهاندا تـاڕادەیـەکـی زۆر کێشەی ئاین وەک ئازادییەکی شەخسی یان وەک ناسنامەی گەلێک کۆتایی پێهاتووە، مـێـژوو ئەو کیشەیەی تێپەڕاندووە، لەچین، لەڕوسیا، لە هیچ شوێنێکی ئەمدونیایەدا کێشەی ئازادیی مومارەسەی دین نەماوە، خەڵکی یەزیديو سابیئی بەئازادی مومارەسەی ئاینی خۆیان دەکەن ئیتر چۆن دەتوانرێت ئەو ئازادییە لە خەڵکی موسوڵمان زەوت بکرێت، ئەمە ئاستەمە، مێژوو ئەمەی بەجێهێشتووە.

ئێستا ئێمە لـەو قـۆنـاغـەدایـن کە موسوڵمانێتی والێبکەین عــەدالــەت دروستبکاتو گەندەڵی نەهێڵێت، بەڵام دەکرێت بڵێین ئێمە لەیەکرووەوە دەتوانین ئاین بێنینە ناو ئەم کێشەیەوە، ئەویش ئەوەیە کە «بوونی گەندەڵی بۆخۆی بێدینییە، نەبوونی عەدالەت، بێدینییە». هەوڵدانیش بۆچەسپاندنی عــەدالــەتو یـەکـسـانـی لـەمـەبـەسـتو ئامانجەباڵاکانی ئاینەو سەرخستنی دەنگی مەزڵومینو ستەملێکراوانیش ئەوە بۆخۆی کرۆکی ئاینداریە، ئێمە کۆمەڵگەیەکمان هەبێت هەمووی نوێژخوێن بێت، بەڵام حکومەتەکەی گەندەڵبێت، نایەکسانی تێدابێت؟! چیمانکردوە؟ ئەمە ئەسڵەن خوداش پێی ڕازی نییە، ئیمام عوسمان دەڵێت «خودا بە دەسەڵاتو هێز هەندێک شت دەکات کە بە قورئان نایکات» ئەمە بەو مانایە دێت کە ئێمە بۆ گۆران پێویستمان بەهێزو کارکردنە.

ئێمە گەنجەکانمان بۆ دامەزراندنێک کەمافی خۆیانە دەبێت بچنە بەردەرگای ئەم بەرپرسو ئەو بەرپرس، گەنجێکی دەرچوو کە دەیەوێت دابمەزرێت دووچاری چەندین بارودۆخی نائینسانی دەکرێتەوە، ئەمە ئـەو بـارودۆخـە نائینسانییەیە کە خوداش داوامـان لێدەکات بیگۆڕین، ئێمە بۆئەم بارودۆخە دەبێت دین تەنها لەیەک گۆشە نیگاوە بیخوێنینەوە ئەویش ئەوەی کە «ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بکەینە فەرمانو ئەرکێکی ئاینی» مامۆستایانی ئاینیش پێویستە لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن، قسە لەبابەتەکانی عەدالەتو یەکسانيو مافی هاوڵاتیبوون بکەن، کە ئەمڕۆ کێشەی ڕاستەقینەی خەڵکنو هەرخودی ئاینەکانیش ئیش لەسەر ئەم چەمکانەو گەڕاندنەوەی کەرامەتو ڕێز بۆمرۆڤ دەکەن، کە ئەمڕۆ سیستمی سیاسيو ئیداری ئێمە بەدەست نەبوونی ئەم ئەخلاقیاتانەوە دەناڵێنن.

**بەرەوگۆڕان: هەندێک کەس باس لەوە دەکـەن «زیـادڕەویـی هەیە لەباسکردنی گەندڵیدا»، تۆ بۆئەمە چی دەڵێیت؟**

* لەوانەیە بۆئەو کەسانەی بەجۆرێک لە جۆرەکان سوودمەندن لەم بارودۆخە هاوارو ناڕەزایەتی خەڵکی مەزڵومو کەمداهات، سەرئێشەبێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بۆ ئەو کەسانەی ئاگاداری بارودۆخی ڕاستەقینەی خەڵکو دامودەزگاکانی حکومەتن ئەو هاوارو ناڕەزایەتییانە موبالەغەو زیادەڕەوی تیانییە، بەڵکو درەنگ وەختیشە، چونکە ئاوەدانيو ژیانی باش ئەوە نییە تۆ باڵەخانەو تەلار بەرزکەیتەوە، بەڵکو ئاوەدانیی ڕاستەقینە ئەوەیە خەڵکانی ژێر ئەوباڵەخانانە بەختەوەرو شادومانو سەرفرازبن. ئەمان باڵەخانە بەرزدەکەنەوە، بە ٦مانگ جارێک شەقامێک قیرتاو دەکەن، بەڵام لەژێر ئەو باڵەخانەپەدا دنیایەک گەنجی بـێـدەرامـەتو خەڵکی کەمداهات هەیە، ئایا مووچەی فەرمانبەرانی ئێمە چەندە؟ هەموو فەرمانبەرانی ئێمە لەپاش دەوامـی فەرمی کارێکی دیکەش دەکـەن، چونکە مووچەکەیان ئەوەندە نییە کەبەشی ژیانو دوارۆژێکی باش بکات، ڕاستە ئێمە نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکەین، بەڵام هێشتا زۆربەی لادێکانمان بێکارەبان شارەکانیشمان هەرئەم گرفتەیان هەیەو لای کەس شاراوە نییە، ئایا خەڵک تا چەند سوودمەندبوون لــەو هــەنــگــاوە لـــەڕووی مـووچـەو خزمەتگوزارییەوە؟! تەنانەت شیرینیی ناردنی نەوتەکەش کەس نەیزانی چی لێهات، دینارێکی نەچووە گیرفانی فەرمانبەرانو خەڵکی ڕەشوڕووتەوە، پێویستە لەسەر حکومەت بەناردنی نـەوت مووچەی فەرمانبەران بەشێوەیەکی ڕاستەقینە(نەک فریودەر)زیاد بکات، لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەوەی لە حیزبێک یان لە کۆمپانیایەکەوە نزیک نەبێت ئاستی بژێويو داهاتی نزمە، لەکاتێکدا وڵاتەکەشمان وڵاتێکی بەرهەمهێنی نەوتە. ئەمە جگەلەوەی حکومەت نەیتوانیوە خاکە کشتوکاڵییەکەی هەرێم وەبەربهێنێتو لـەو ڕووەشـــەوە کوردستان بووەتە بەرخۆر.

ئـەوەی لەکۆتاییدا پێمخۆشە بڵێم قسەیەکە لـەسـەر ئـەم تەکفیرکردنەی نەوشیروان مستەفا، ئەمە ڕاماندەکێشێت بۆدیوێکی دیکەی بابەتەکە کە تۆزێک لەنوکتە دەچێت، ئەویش ئەوەیە لەوانەیە نەوشیروان مستەفا عەیبی دیکەی نەبێت تا پێی تۆمەتباری بکەن، بۆیە ئەم تۆمەتەی لەگەڵ بەکاردێن، واتە نوکتەکە لەویایە لەوانەیە نەیانتوانیبێت بڵێن «خەباتی شاخی نییە»چونکە هەیەتی، یان «گەندەڵە»، بۆیە دەڵێن «بێدینە» ئەمە جۆرێکە لەنوکتەو خۆگێلکردن!.

> **بوونی گەندەڵی بۆخۆی بێدینییە، نەبوونی عەدالەت، بێدینییە**

# گـــۆڕان لە دیدی شاعیران و هەوادارانیەوە

## گۆڕان

ڕۆژی دەنگدانە ڕەفیقان نۆبەتی ڕزگاریە
مەوعیدی باتڵ بەسەرچوو، وەختی گۆڕانکاریە
بەس نییە ئازارو مەینەت؟ بەس نییە دەردی سەری؟
یەک غەرقی ماڵ و خەزنە بێ و یەک غەرقی هەژاریە
لاوانی وەتەن بە یەئس و حوزنەوە ڕۆژ ڕێ بکەن
لەبەر بێ پوڵی، ماڵو حاڵ غەرقی موستەحیل بکەن
تاکو کەی عەشقی کوڕانو کچانی وڵاتی من
بێهودە تەقدیمی دەستی ڕەش ناکامی بکەن
وەختی گۆڕانە ڕەفیقان هیممەتێ، سا دەرفەتە
پەیکەری عەزیای زۆرداری قەد بە باڵای لەت لەتە
شەرتە بیگۆڕم وڵاتم بە دەنگی زوڵاڵی خۆم
شەهیدیش بم یان لەسەر حەق ملم بکرێ بە پەتا
باڵەخانەی چنگ بە ئاسمانو قافیلەی ئۆتۆمبێل
قاقای سەرمێزی شەوانەو ناوهێنانی من بە گێل
عەشقی گۆڕانی کردووم ئەم دەورە پڕ میحنەتە
بوومە دوژمنی بێدەنگی و بێ بەڵێنی و درۆو فێڵ
دەنگ ئەدەم بە لیستی گۆڕان تا ڕۆشن کا ڕێی ژیان
هەروەکو (بەختیار) ئەڵێ نا بۆ (گەرەکی نوێ میران)
بەڵی بۆ لیستی گۆڕانم بەڵێ بۆ گۆڕانکاریی
ڕۆژی ڕزگاری نزیکە مژدەبێ ئەی نیشتمان

**ڕێگا نەجمەدین**

## بەرەو دەنگدان ـ بەرەو گۆڕان

بەرەو ئاشتی بەرەو ژیان
دەنگی خۆتان مەفەوتێنن
لیستی گۆڕان بەدەست بێنن
ئەمرۆ ئێمە کورد حەقمانە
ماف خوراوین گۆڕان جوانە
کرێکارو هەژارین
چەوساوەی دەستی ڕابردووین
هەوڵ ئەدەین ـ تێ ئەکۆشین
گۆڕانکاری بۆ شار ئەکەین
هەنگاو هەنگاو دێین بۆ لاتان
تا هەڵیکەین چرای ژینمان
بەرەو دەنگدان بەرەو گۆڕان
بەرەو ئاشتبونەوەی هەمووان

**هێرش سەعید**

## ئاسۆی گۆڕان

ڕەشەبای حوکمی ئەم گەندەڵییە
ڕەشماڵی ژینی شروپر کردووین
گرەی ستەمی ئەم دەسەڵاتە
بەرەو دۆزەخی ناشادی بردوین
ئاسۆی گۆڕانمان نزیکو ڕوونە
هاکا ڕۆشنایی ئومێدی بەخشی
لە هیچ بازگەیەک سڵ ناکاتەوە
لە گشت شوێنێک تیرێژی پەخشی
ئەگەر تروسکەی ژیان شک بەرین
تەنها گۆڕانە ڕۆشنکات ڕێمان
ئەگەر ئاواتی مابێ وڵاتمان
گۆڕان دەتوانێ نۆژەنکات جێمان
بۆیە دروشممان گۆڕانکارییە
تائێستاش ژینمان هەر باو بۆرانە
تاکە هیوایەک بەجۆشکا دڵمان
کوردستانێکی بەرەو گۆڕانە

**دیار جەبار**

## گۆڕان

تۆ ئەی گۆڕان وەکو شەمعی بۆ
شەوانی نووتەکی ئێستەی ئێمە
هـــاودەمی بۆ غەریبانو وەکو
مانگی بۆ شەوی سامالی ئێمە
ئێستە ئێمە وەک منـــــالی
بەرهەتاو چاوەڕێی ساباتی تۆین
چاو لە دووی ئەو سێبەرو شەمعەین،
چاوەڕێی گۆڕانـــی تۆین
وەک چـــۆن ڕەزێک تینووی ئاوە،
ئێمەش تـــامەزرۆی گۆڕان
ئەستــــەمە دڵ لــە دڵ
بەیـــن، دێتــە دی سروەی
بەیـــان
باخـــی وەتــەن ئاوی گۆڕانـــی
نەبێ دێم بەدێمی وشک ئەکا
تـــاکو ئـــاسمان دەستـــەو نزاین
خـــوایـــە وڵات گـــوڵ بکـــا
چـــاوەڕێـــین هێـــزی
گـــۆڕانت در بـــە تاریکی بدا
در بـــە نـــایەکســـانی وڵاتو
خـــەمو ئێشو وەی بـــدا
پـــڕ بە دەستان چەپڵە ڕێزان
بکـــەن هەر لە بەر خاتری وڵات
بێلێنەوە لیستـــی گـــۆڕان، گۆڕان
ئەکا.. وا لە کـــوردا خۆرهەڵات.

**کاروان ئیبراهیم**

## ئەو گۆڕانەی لە ناخماندایە

گۆڕان لە ناخمانا جێگیرە
دروشمو وێنەکانی گۆڕان
بدرێنن..
هەرچی قین لە دڵتانایە بیرژێنن..
دڵنیابن ناتوانن مۆمێ بکوژێننەوە
کە لە دڵی خەڵکا داگیرساوە..
هەرگیز ناتوانن گۆمێ هێمن کەنەوە
کە بە خوێنی شەهیدو
قورپێوانی دایکان شڵەقاوە...
بە وشەی بریقەدار
خەمەکانمان بیر ناچێتەوە..
بە کۆشکی بەرزتان برینمان
ئەکولێتەوە..
لاوی بێکاری بێزار..
خێزانی بێنانی هەژار..
ماڵی تاریکو شەقامی باریک
هەر لەبەرچاون..
ئێستاش لە ئاستی ئاهەنگو
مۆنیکای ئێوە خەڵک حەپەساون..
ئیتر نابێ لە چوار ساڵا دوو مانگ
حکومەت ئێمەی لەبیر بێ..
نابێ پرۆژەو داهێنان تەنها داوێک بێ
بۆ سەندنی دەنگی گەلی یەخسیربێ..
ئەبێ دەسەڵات خزمەتکاری خەڵک بێ..
ئەبێ بۆ ئەمڕۆو ئایندەی خەڵک بە کەڵک
بێ

**بەختیار هاوار**

## گۆڕان

ڕاستیان وتووە ئەم پەرلەمانە
هەر خوا ئەیگێڕێ ئاشی نەزانە
وەرن دەنگ بدەن بە پەرلەمانێ
ئێشو ئازاری گەلمان بزانێ
بە دیموکراتی دەسکەین بە گۆڕان
ئەبینە چەپکە گوڵێ لە هەموو جیهان
بۆ مافمان نەبێ ئێمە وەکو تاک
لەگەڵ گۆڕان بین بێ ترسو بێباک
با یەکسانی بێ بۆ خەڵکی هەژار
چون لەگەڵمانن بە سەدان هەزار
وەرن تێکۆشن ئەی لاوی سەردەم
تاکەی دانیشین لە کۆڕی ماتەم
بۆیە گۆڕان هەندە پێ چاکە
لە متمانە گەل هەر زۆر بێ باکە

**مەلا فواد**

گۆڕان التغيير CHANGE

بەرەو گۆڕان
بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانەیە
لیستی گۆڕان بۆ ڕووماڵکردنی
پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان
سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩
هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦
دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

# بۆ لە گۆڕان دەترسن؟

گۆران عوسمان

دروشمە ناوازەو بەرزەکانی لیستی گۆڕان دەبێت چ خراپەیەک، چ گوناهێکی تێدابێت تا خەڵکانێک لێی دەترسن، ئەوکەسانەی کە چاویان بە گۆڕانکاریی‌و گۆڕان هەڵنایەت چۆن دەتوانن بانگەشەی ئەوەبکەن‌و پەیمان بە خەڵکەکەیان بدەن کە لەدوای دەرچوونیان پەیمانەکانیان جێبەجێدەکەن، یان چۆن ئەو بەڵێنانەی (٤) سالی پێش ئێستەیان کە داویانە ئێستا ئەمجارە تازە دەتوانن جێبەجێی بکەن؟ کەسێک نەتوانێت بە (٣) ساڵ قۆناغێک لە قۆناغەکانی خوێندن ببڕێت داخۆ دوای (٣) ساڵ ئەو کەسوکارەی چ دڵێکیان بە نەوەکەیان خۆشە؟ (١٨) ساڵە ئێمە گیرۆدەی حکومەت‌و پەرلەمانێکین کە جێگەی ئومێدو خۆشی گەلەکەی نییە، کەواتە باوەڕناکەم گۆڕان دژی هیچ کەس‌و لایەنێک بێت‌و بیەوێت نەخشەی سیاسی بسڕێتەوە، بەڵکو گۆڕان دەیەوێت نوێتان بکاتەوە، بەرەو پێشەوەتان بەرێت، بەرەو ئەوەتان بەرێت کە خەڵک خاوەنی بڕیاربێت، خەڵک خاوەنی گۆڕینی ئەو سیستەم‌و دەسەڵات‌و دەستوورە بێت کە تەنیا چەند کەسێک قبوڵیانە، ئاشتکردنەوەی خەڵک بە بەخشینەوەی پارەو سەیارە نابێت، خەڵک ئێستا بەس پێویستی بە ئازادیە، پێویستی بەوەیە کە خۆی بڕیار بدات دەنگ بەکێ دەدات نەک بە هەڕەشەی نانبڕین دەنگی بدزیت، ئەگەر ئاوها دەتانەوێت پەیمان جێبەجێ بکەن دڵنیابن خەڵک لێتان قبوڵ ناکات، گۆڕان لیستێکەو کێبڕکێیەکی شەریفانە دەکات لەپێناوی ئەوەی خەڵکی خۆیان ئیرادەیان بەرزبێت، گۆڕان لە ئێستادا دەیەوێت خۆی نوێ بکاتەوە، خاوەنی هیچ وەزارەت‌و حوکمێک نییە لە حکومەتدا، ئەگەریش خراپەیەک بووبێت گۆڕان دەیەوێت ئەو خراپەیە بە قوڵی‌و بە فیعلی‌و لە ناخەوە بسڕێتەوە، (٧/٢٥) ئەو ڕۆژەیە خەڵک خاوەنیەتی نەک دەسەڵات، لەبەرئەوە خەڵک بڕیاردەدات نەک دەسەڵات، ئیتر بۆ لە گۆڕان دەترسن، ئێوە شانازی بەوەوە دەکەن کە کارمانکردووە لەپێناوی خۆشگوزەرانی خەڵکدا، باشە من دەپرسم ئەگەر لەپێناوی خەڵکدا کارتانکردووە ئیتر چ پێویست دەکات لەو خەڵکە بترسن کە کارتان بۆ کردووە؟ دڵنیابن گۆڕانیش نەگۆڕێ‌و گۆڕانی پێنەکرێت خەڵکی ئەوانیش دەگۆڕێت، ئەوە خەڵکە ئەو حەقە بە لیستەکان دەدات کە کێ خاوەن‌و شایستەی پەرلەمانە! ئێوە شانازی بە کەسوکاری شەهیدانەوە دەکەن، ئەی باشە بۆ لەنێو خانەوادەی کەسوکاری شەهیدانیشدا جیاوازی‌و فەرق دەکەن‌و پارە دەدەن بەو خانەوادانەی کە خۆتان مەبەستتانە! ئەوەندەی لە گۆڕان دەترسن‌و دژی گۆڕانن دەبوایە ئەوەندەش لەو کەسانە بترساناتایە کە دەبابەیان هێنایە سەر خاکی هەرێمی کوردستان‌و خانەوادەی ئەو شەهیدانەی کە شانازی پێوەدەکەن، ئەگەر بروبیانووی ئەوەش دێننەوە کە ئێستا لەبەر بەرژەوەندی خەڵک دەستان لەملی یەکدایە، ئێ خۆ گۆڕانیش هەر لەبەر بەرژەوەندی خەڵکە خۆی رادەگەیەنێت‌و دەیەوێت گۆڕان بکات! پێویستیش ناکات لە گۆڕان بترسن، چونکە کەسانێک هەن کە زۆر لە گۆڕان خراپترن‌و لەم خاکەدا جێگەیان بووەتەوە، بەڵام بۆ ناتانەوێت گۆڕانێک جێگەی بێتەوە کە خاوەنی خەڵکە؟ باسی کەسوکاری شەهیدان دەکەن هەر ئێوە خاوەنی ئەو کەسوکارە نین، نەخێر کەسوکاری شەهیدان دەیانەوێت گۆڕان بکرێت، دەبوایە ئێوە شانازیتان بە گۆڕانەوە بکردایە، چونکە گۆڕان هیچ بەرنامەیەکی خراپی پێ نییە تا ئێوە دژی بن، ئـەوەش بزانن کە گۆڕان نەک تەنیا جێگەی خەڵکی هەژار، بەڵکو جێگەی ئێوەشی تێدادەبێتەوەو پێشوازیش لە هەموو لایەنێک‌و کەسێک دەکات کە بیەوێت نوێ ببێتەوەو رازی بێت خەڵک خاوەنی بڕیار بێت، بەڵام ئەوان دیارە نایانەوێت خەڵک جێگەی خاوەن بڕیاربێت، گرنگترین کارو بەرنامەی لیستی گـۆڕان کە دەیەوێت جێبەجێی بکات رای خەڵکە، دەنگی خەڵکە، بڕیاری خەڵکە، گەر دەتانەوێت لەژێر سایەو سێبەری ئەو بەرنامەو پڕۆگرامەی گۆڕاندابن دەبێت خاوەنی بڕیاری خەڵک بن نەک خاوەنی دەسەڵات‌و پارەی زۆر.

Goran_Penws@yahoo.com

# ئەو هەموو ترسە لە گۆڕان بۆ؟

سیروان ژاژڵەیی

گۆڕان پێداویستییەکی ژیاری‌و حەتمی بەردەمی کۆمەڵێ مرۆڤایەتی بووە، بە تایبەت لە نێوەندو کایە سیاسییەکانی حکومڕانیدا.

دوای (١٨) ساڵ لە ئەزموونی حکومڕانی هەرێمی کوردستان جێگەی داخ‌و نیگەرانییە دەسەڵاتی کوردی نەیتوانی ئەزموونێکی سەرکەوتوو دەستەبەر بکاتو لە ئاست وەڵامدانەوەی لانی کەمی داخوازییە سەرەتاییەکانی چین‌و توێژەکان بێت، بەشێوەیەک دەنگی نارەزایەتی جەماوەر بەڕادەیەک بەرزبووەتەوە، کە چیدی ناتوانن لە ئاست ئەو هەموو غەدرو ناعەدالەتی‌و دیـــاردەی بـەربـڵاویـی گـەنـدەڵـی‌و بێدەنگ بن‌و بەڕوونی هەڵوێستی گۆڕانخوازییان لەپشتیوانیکردنی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی (٢٥-٧)ی کوردستان نیشان بدەن. سەرهەڵدانی ئەو دۆخە نەخوازراوەی (١٨) ساڵی کـوردسـتـان لەئەستۆی یەکێتی‌و پارتیدایە.

بەدرێژایی تەمەنی سیاسی پارتی‌و یەکێتی بە درووشمگەلی دیموکراتی‌و مافی مرۆڤ خۆیان رازاندووەتـەوە بەردەوام سەروبنی زمانی بەرپرسانی ئـەو دوو حـیـزبـە دیـمـوکـراسـی‌و کۆمەڵگەی مەدەنی‌و پاراستنی مافی مـرۆڤ بــووە، کەچی لـە حاڵێکدا سەرەتاییترین پرەنسیپی دیموکراتی قبوڵ ناکەن‌و هانی هەوادرانی خۆیان دەدەن پۆستەرو درووشمەکانی لیستی گۆڕان بدڕێنن‌و ڕۆژانە سووکایەتی‌و کاری توندوتیژی بەرامبەر پشتیوانانی گـۆڕان دەکـەن، لەو بارەیەوە دەیان بەڵگەی سەلمێنەر لەلایەن لیستی گۆڕانەوە تۆمار کراوە.

ئەوەتا پێچەوانەی هەموو پرەنسیپە دیموکراتییەکان‌و گونجاو لەگەڵ سیاسەتی رژێـمـە دیکتاتۆرەکان بەسەر خەڵکدا پیادەی دەکەن‌و داوای خۆیەکلاییکردنەوە لە کادیری حیزب‌و کارمەندانی حکومی دەکەن، یان دەبێت بە ناچاری‌و لەژێر گوشاردا دەنگ بدەنە لیستی کوردستانی، کاتێکش هەڵوێستت بە پێچەوانەی ئـەوان بوو، ئەوا بێ سێ‌و دوو نانبڕاو دەبن‌و لەسەر کار لادەبرێن، لەسەر ئەوەنا فایلدارن یان خیانەتی نیشتمانیان کردووە یان کاری تیرۆریستییان کردبێ، یان پارەو پوولی گشتی میللەتیان بە نامەشروع‌و دزی بردبێ بۆ خۆیان، بەڵکو بە تەنیا لەسەر سەرەتاترین مافی هاوڵاتیبوون‌و ئازادی بیروڕای جیاواز.

بڕواناکەم تاکێکی ئەم وڵاتە نەبێت درکـی بـەو راستیانە نەکردبێ‌و بـە ئـاسـانـی بـڕوا بـە سیاسەتی چەواشکارییان بکات‌و بڵێت ئەم جۆرە حیزبانە دیموکراتین‌و بەڵکو بڕوام وایە لە بیروو ناخی هەر تاکێک تەنانەت ئـەوانـەی بەجۆرێک بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی وای کردووە پەیوەستیان بکا بە سیاسەتی هـەردوو حیزبەوە بە گورپگەلێکی نەناسێت نەڵێ ئەمانە تەنیا خەمی بەرژەوەندی خۆیان زیاتر نە لە خەمی بەرژەوەندی میللەت‌و نە لەخەمی خواستەکانی تاکدا بن.

گەر تەماشای ناسنامەی رابردوو ستراکتۆری یەکێتی‌و پارتی بکەین دەبینین پێکهاتەی حیزبییان لەسەر ئامادەگی خێڵ‌و بنەماڵە لە سەرووی بـەرژەوەنـدی میللەت‌و حیزبدایە، دەتوانین بڵێین پارتی‌و یەکێتی کەم‌و زۆر پەیوەندییان بە دیموکراتی‌و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە نییە، ئەم دوو حیزبە بـــەردەوام لـە ترسی زۆری گـۆڕانـدان‌و مەترسی سەر ژیانی سیاسی دەزانـــن‌و هەمیشە سەرسەختانە دژایەتی لیستی گۆڕان دەکەن‌و لەو سۆنگەیەوە دەیانەوێت بە پارەی میللەت ویژدانی خەڵکی پێ بکڕن‌و چەندان ڕۆژنـامـەو گۆڤارو بڵاوکراوە بۆ چەواشەکردنی رای گشتی‌و لاوازکردنی پێگەی جوڵانەوەی گـــۆڕان دەردەکـــەن‌و هـــەروەهـــا سەرجەم تواناکانیان خستووەتە گەڕ، بەرپرسانی حیزبی‌و حکومی لەبەردەم خەڵکدا وەک کارەکتەرێکی خەمخۆرو فریادڕەس‌و مرۆڤدۆستی‌و ژیاندۆستی خۆیان نمایش دەکەن. ئەمرۆکە میللەت زۆر لـەوە هۆشیارترو بەئاگاترن‌و شوناسی راستەقینەی سەرانی ئەو دوو حیزبەیان وەک خۆی ناسیوە، خۆشبەختانە لە کوردستان ڕەوت‌و جوڵانەوەیەکی سەرتاسەری هاتووەتە مەیدان‌و بووەتە جێ ئومێدی گەنجان‌و ژنـان‌و کـرێـکـاران‌و پـیـشـەوەران‌و خـەڵـکـی، بـۆ بـەگـژداچـوونـەوەی گـەنـدەڵـی‌و بە سیستماتیزەکردنی جومگەو دامەزراوەکانی حکومڕانی‌و دیموکراتیزەکردن‌و باشکردنی ژیانی خەڵک‌و گۆڕانی ئەو واقیع‌و باردۆخە چەقبەستووەی بەشێوەیەک جێگەی قبوڵی هیچ کەسێکی راستگۆو بەویژدان نییەو بەجۆرێک بووەتە ئەوپەڕی بێزاری تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

ئاشکرایە ئەو هێزانەی دەیانەوێت دۆخەکە بەدۆگمایی بمێنێتەوە، تەنیا ئـەوانـەن دەیانەوێت لەبەر خاتری بەرژەوەندییە تایبەت‌و گیرفانەکانیان کۆمەڵێک بـەرپـرسـی نامەسئول، چونکە لەوە دڵنیان گۆڕانی دۆخەکە سنوورێک بۆ تاڵانی‌و بەهەدەردانی ســەروەت‌و سامانی نیشتمانی‌و نەتەوەیی دادەنێت، دڵنیاشن لەوەی ئەو سەروەت‌و سامانەی بەشێوەیەکی ناڕەواو ناشەرعی دەستیان کەوتووە، بە گۆڕانی دۆخـەکـەو سەرخستنی ئـیـرادەی چـاکـسـازی، لـە رێـگـەی سەروەریی یاساوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

**ئەو هەموو ترسە لە گۆڕان بۆ؟**

دواجار دەڵێین ترس لە سەرخستنی ئیرادەی گۆڕان، ترسە لە لێپرسینەوەی ئەو هەموو دزیی‌و گەندەڵکارییانەی بەرپرسانی ئەو دوو حیزبەو دانانی سنوورێکە بۆ پاوانخوازیی دەسەڵات‌و جیاکردنەوەی حیزب لە کاروباری حـکـومـەت‌و دەسـتـاودەسـتـکـردنـی دەســەڵات‌و کاراکردنی پەرلەمان‌و نەهێشتنی دەسـەڵاتـی بنەماڵەو ناوچەگەرێتییەو گەڕانەوەی ئیرادەیە بۆ جـەمـاوەرو سـەروەریـی یاساو دابینکردنی دادوەریـی کۆمەڵایەتی‌و بەها پیرۆزو جوانەکانی تاکی کوردی.

# گۆڕان وایکرد بورکانی دڵی گەنجان بتەقێتەوە

ڕێبین بۆڵی

لە کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستان کە گەنج زۆرینەیە تێیدا بەو مانایەی ڕێــژەی دانـیـشـتـووانـی هەرێمی کوردستان (٦٠٪)ی گەنجەکان تەنیوبانە کەچی دەبینین هیچ جۆرە شتێکی وا بۆ گەنج نەکراوە کە بتوانین وێنەی گەجێتی خۆی نیشان بدات لە ژیانیدا، سـەرەڕای ئـەوەی کە مافەکانیشیان پێشێلکراوەو گوێشیان بۆ نەگیراوە، کە وایان لە گەنج کردووە کە رقیان لە گەنجایەتی خۆیان بێت، گەنجێکی نـاچـالاک‌و ناتەندروستیان لە ئێمە بەرهەمهێناوە بە جۆرێک فکری گەنجی وڵاتەکەمانیان بەشێوەی فکری مامە پیرەیەک لێ کردووەو رێگایان نەداوەو ناشیانەوێت کە گەنج وەک کائینێکی هەمیشە زیندوو هەستیار لە ژیانێکی پڕ کامەرانی‌و هیواو ئاسۆ بڵند بژین وەک بینیمان زۆرترین شاڵاوی کۆچی گەنج بۆ دەرەوەی وڵات لە کوردستاندا روویداوەو تائێستاش بەردەوامە لەم رووەوە گۆڕان لە دروشمەوە دەچێتە بوارێک کە پێی دەڵێن ئامانج، بەڵام دەڵێم ئەو ئازارانەی گەنجی هەرێمەکەمان تا سـەر ئێسقان هـاتـووە پێویستە بتەقێتەوەو گـۆڕان دروستبکات، بە هەموو گەنجێکیش دەڵێم بەسە تا کەی سوکایەتی‌و گاڵتە بە ئەقڵی گەنج‌و تاکی کـوردی بکرێت، بە جۆرێک لە جیهانێکدایـن کە پێی دەڵێن جیهانی بوێری‌و پێشکەوتن با وەکو گەنج ببین بە توێشوویەکی بەهێزو هەستیار کە تەمەنەکانی خواروو سەروی خۆمان بەلای خۆمان‌و گۆڕان رابکێشین بڵێین ئێمەش گۆڕان خوازین. دەمانەوێت سیستمی حوکمڕانی لە وڵاتدا بگۆڕین نەک هەر کەرتی خزمەتگوزاری، بۆ نموونە کێشە لە وڵاتێکی وەکو یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەگەڵ میللەتەکەیان لەسەر خزمەتگوزاری نەبووە، بەڵکو پەیڕەوکردنی شێوازی عەسکەری‌و دیکتاتۆری لە سیستمەکەیاندا هەبووە، بۆیە بینیمان لە ساڵی (١٩٩٢) زیاتر لە دوازدە وڵاتی لێجیابۆوە. کەواتە با بە کـردار بیسەلمێنین کە گۆڕان دروست بکەین لەکاتێکدا کە ڕۆحیەتی گۆڕان هاتووەتە کایەوە فکری گۆڕان بەرێوەیە کە هەڵقوڵاوی نارەزایی ناخی میللەتەکەمانە کە زۆر دەمێکە لە چاوەڕوانیدا دەژین، لە ئەنجامی ئەو حیساب بۆ نەکردنەو گوێ بۆ نەگرتنە بووە لەلایەن حوکمڕان‌و دەسەڵاتی هەژدەساڵەی رابردووکە هەر دەیانووت حکومەتەکە ساوایە، منیش دەڵێم با بە ساوایی تەسلیمی میللەتی گۆڕانخوازی بکەنەوە ئاخۆ بە چ ئاقارێکدا دەڕوات با چانسێکیش بدەین بە گـۆڕان. با نموونەی کۆریا بۆ خۆمان تۆماربکەین کە لە مـاوەی سیانزە ساڵدا میللەت توانی وڵاتێک دروستبکات کە شان بدات لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، جگە لە خزمەتگوزاری‌و سیستماتیکی پرۆفیشناڵ لە بەڕێوەبردندا تەنانەت بووە هێزێکی مەترسیدار بۆ خۆرئاواو جیهان بەهۆی چەکی ئەتۆمییەکەیەوە. جا بۆیە دەڵێم کوردستان چ شتێکی کەمترە لە کۆریا پێش ئەم سیانزە ساڵە، با هەرێمێکی بەهێز لەسەر ئاستی ناوچەکەو نێودەوڵەتیدا دروست بکەین کە چیتر نەیاران نەتوانن بەسەرماندا زاڵبن، بمان خولێننەوە لە خاڵێکی چەق بەستوو. یان وڵاتێکی وەکو ئیتالیا کە یەکێک بوو لە وێـران‌و کاولترین وڵاتـانـی ئـەوروپـی لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەڵام بەهۆی هەوڵ‌و کۆششی میللەتەکە کە سەعاتێک زیاد لە کاری خۆیان تەرخانکرد بۆ سەر لە نوێ بوونیات نانەوەی وڵاتەکەیان کە تەنیا لە ماوەی دوو ساڵەدا توانیان وڵاتەکەیان بگەڕێننەوە دۆخێکی باشتر لە جاران، بەڵام با بێینەوە سەر وڵاتی خۆمان مەبەستم زیاتر لە ئەوە بوو ئەو گۆڕانەی کە دەکرێت دەبێت بە شێوەیەک بێت کە هەموومان مـاوەیـەک خۆبەخشانەو ماندوو نەناسانەو بە هێزێکی یەکانگیرو کاریگەرو متمانە بەخۆبوون‌و دوا رۆژی گەلەکەمان دەبێت. جگە لەمە بە رکابەری‌و ململانێ لەگەڵ بیرو بۆ چوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگاشدا کە دەبێتە دەست پێکێک بۆ سەرهەڵدانی دیموکراتی‌و دیموکراسی لە وڵاتدا، ئەوکاتەش ئایندە گەشبین دەبین لـە وڵاتـــدا، هـــەر وەکــو یەکێک لە فەیلەسوفەکان دەڵێت: «کەسانێک هەن لە کۆمەڵگەدا پەژارە دەگۆڕان بۆ هیوا» دەبا هەموومان روو لە گۆڕان بکەین‌و دەنگی پێبدەین بزانین گۆڕان ئەو گۆڕانەیە کە میللەت چاوەڕێیەتی با چانسی سەرکەوتنی بدەینێ، چونکە ئەزموونی هـەژدە ساڵەی رابردوو نەیتوانی لە ئاست داواکانی خەڵک بێت. لە کۆتاییدا دەڵێم گۆڕان بە مانای وشە هەڵقوڵاوی ئازارەکانی ناخی میللەتە هەر شتێکیش لەلایەن میللەتەوە بکرێت بێشک‌و گومان سەر دەکەوێت، بەڵام لە بیریشتان نەچێت پەلە لە گۆڕاندا ناکرێت دەبێت قۆناغ بە قۆناغ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.








# سلێمانی پشکۆیە، هەولێر ژیلەمۆ



**هیوا جەمال**

خەڵکی سلێمانی هەر لە یەکەم رۆژی رێپێدانی یاسایی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە بەگوڕوتینێکی پڕ لە جۆش‌و خرۆشەوە رژانە سەر شەقامەکان‌و ئەو رقەیان کردە ئاهەنگی دروستبوونی لیستێکی نوێ کە بەگژ بتەکاندا چوونەوە.

خەڵکی سلێمانی، وەک پشکۆ گڕیان بەردایە بێدەنگی‌و لەخۆشیدا سوور هەڵگەڕان‌و نەیانتوانی لە ماڵەکانیاندا بمێننەوەو دیوارەکانی دانیشتنیان روخاندو بە شنەبای لیستی گۆڕان گەشانەوە.

خەڵکی سلێمانی ئەو بێدەنگییەیان شکاند کە ماوەی (١٨) ساڵە قبوڵیان کردووەو قسەیان نەکردووە، جارجارێک نەبێت نەهاتوونە شەقامەکان‌و ناڕەزاییان دەرنەبڕیوە کە بۆ هێشتنەوەی هەرێمەکە بووە بە ئارامیی‌و لەبەر مەترسی ناوەکی‌و دەرەکی بووە، ئێستا دەزانن ئیدی مەترسی ناوەکی‌و پلەوپایەکانە، ئیدی خەلک دەیەوێت ئەمجارە راپەڕینێکی سپی‌و شۆڕشێکی روون بکات ئیدی دەبێت بەگژ بتەکاندا بچنەوە.

خەڵکی هەولێر ئەو ئاهەنگەیان نەهێنایە سەر شەقامەکان‌و نەبوونە پشکۆو نەیانویست وەک سلێمانی دەسەڵات لە سەرەتاوە بێننە لەرزەو پێیبلێن ئیدی لە ئێستاوە دەست لە ئێمە بشۆ تازە جارێکی دی پەنجە ناکەینەوە بەو مەرەکەبەدا کە تۆی کردە دەسەڵاتدار، بەڵکو بوونە ژیلەمۆ.

زۆرینەی ئەو هەولێرییانەی رۆژانە پەیوەندی دەکەن بە دەزگاکانی راگەیاندن‌و هەلسوڕاوانی لیستی گۆڕانەوە، ئەوان بەگشتی لەگەڵ گۆڕانداڕ‌و زۆرینەیان دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەن، ئەوان ژیلەمۆن.

خەڵکی هەولێر وەک ژیلەمۆ چۆن بلێسەو گڕەکەی لەژێر خۆڵەوەیەو تا پەنجەی نەخەیتە سەر نازانیت چ گڕێکی لەژێرەوەیە، ئەوەی ئێستا خەلکی هەولێر هەڵیانبژاردووە خۆڵی بێدەنگییە، بەڕاستی بلێسەی ئاگرێک لەژێر ئەو بێدەنگییەوەیە تەنیا لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەتوانیت هەست بەگەرمییەکەی بکەیت.

دەسەڵات لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەستی بە ژیلەمۆی هەولێردا دەچزێت، جا ئەوەی دەستی پێیدا چزابێت دەزانێت ئازاری ژیلەمۆ گەلێک بەسوێترو پڕ ئازارترە لە سوتانی پشکۆ، کێش بڕوا ناکات لەم هەڵبژاردنەدا دەتوانێت تاقیبکاتەوە.

فۆتۆ: ساڤۆ عەبدوڵڵا




## هونەرمەند جەمیل سابیر:

## هەر دەنگێکی (٥٧) هەژارێک لە برسێتی رزگاردەکات

جەمیل سابیر، هونەرمەندی بواری شانۆو درامای کوردی بڕوای وایە ئەگەر دەنگ بە لیستی ژمارە (٥٧) بدرێت هەردەنگێک هەژارێک لە برسێتی رزگاردەکات. سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێم کە لە (٢٥) ئەم مانگەدا ئەنجام دەدرێت دەڵێت: «هەڵبژاردنەکانی دیکەم بینیوەو هیچ یەکێک لەو بەڵێنانەی کە دراوە نەهاتووەتە دی، بۆ یەکەم جاریشە لیستی گۆڕان بەڵێنەکانی چاپ‌و بڵاوکردووەتەوە، لە هەڵبژاردنەکانی دیکەدا هەر گورگانەشەوێ بووە بۆیان وتووین تاخەومان لێکەوتووەو کە خەبەرمان بووەتەوە وتوومانە کوا بەڵێنەکانتان؟ وتوویانە: بابە تۆ نوستووی لە خەوتابووە. سەبارەت بە دەنگدان بە لیستی گۆڕان‌و بەشداری هونەرمەندان لە پرۆسەی گۆڕاندا دەڵێت: «ئەم لیستی گۆڕانە لیستێکی جەماوەری فراوانە نامانکاتە ناو شەش حەوت پاسەوەو لەشوێنێک داماننێت‌و مەسئولێک قسەمان بۆبکات‌و ئەخیری قسەکانیش بۆمان نەبێت هیچ بڵێین‌و بۆئەوەی چاو لەژێریشیان بین‌و رەدمان نەبێت، نانێکمان دەدەنێ وەک ئەوەی ئێمە لە جنوبی ئەفریقابین سکمان قوپابێت لەبرسا، بۆیە من لێرەوە داوا لە هونەرمەندان دەکەم بۆهیچ شوێنێک نەڕۆن‌و نەچنە بەردەم هیچ مەسئولێک‌و لەوێش یەکێک قوتبێتەوەو بڵێت: قوربان ئەوەهێناومن وەکو مەڕ لەبەرپێتا سەریان دەبڕم». جەمیل سابیر پارە بەخشینەوەی پێش هەڵبژاردنی بەسەر هونەرمەنداندا بەکارێکی نەشیاوو دزێو وەسفکردو وتی: «لە چلەکانی سەدەی رابردوودا لە کۆڕێکدا بەفایەق بێکەس دەڵێن «مەدفەعی باروتاویمان پێوە دەنێن»، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: «ترسی نییە هەر مەدفەعی پارەمان پێوە نەنێن باشە»، ئێستاش دەسەڵات مەدفەعی پارە دەگرێتە هونەرمەندان‌و ئەمەش کارێکی نەشیاوو ناپەسەندەو جارێکی دیکە داوادەکەم خەڵکی کوردستان دەنگ بە ژمارە (٥٧)ی لیستی گۆڕان بدەن، چونکە وەک لافاوەکەی ساڵی (٥٧)ی شاری سلێمانی دەبێت، بەڵام لافاوی ئەمجارە دزو گەندەڵ‌و گیرفانبڕەکان رادەماڵن.